سروە

ئەدەبی - فەرهەنگی

١٢

١٣٦٣
ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی
ئینتشاراتی صلاح الدینی ئەیووبی

گۆواری ئەدەبی ـ فەرهەنگی سروە ساڵی سێهەم ژمارە ١٢ پووشپەڕی ١٣٦٦



نرخی ١٥ تمەنە

موناجات

..«مەحوی»..

خودایا ئیرادەی موناجاتمە،
نیازی دووسێ عەرزی حاجاتمە
بەدەرباری هەرفەزلتە ئیلتیجام
بەرەحمەت نیشانم دەرێگەی نەجام
بە (وَالذّارِیات)ی هەناسان وئاه
کەبەر بادەدەن کێوەکانی گوناه
بە (والطّور) ی قەلبی تەجەللا قەرین
بە (والنّجم)ی پڕ ورشەورشی جەبین
بەدوو (وَالسّما) یەعنی دوو مەرتەبەت
یەکێ مەرتەبەی عیشق ویەک مەعریفەت
بە (وَالفَجْرِ)ی روونا کی بن چینی زولف
کە فەجرێکە سادق بەبێ کیذب وخولف
بە (وَالشّمْسِ)ی پڕ نووری روخساری یار
بە (وَاللّیل)ی خاڵ وخەتی موشکبار
بە (وَالتّین)ی عوشاقی دڵ پڕلەخوون
کەبێ تین وزەرد وزارو زەبوون
بە (وَالعادِیات) ئەسپی هیمەت دەوان
بەرێی عیشقدا تاسەحەر شەبرەوان
بە (والعصر)ی ئەوعەسرەفەڕڕوخ زەمەن
کەناوی بەعەسری سەعادەت دەبەن
بەسۆزی دڵی عاشقان تاسەحەر
بەئاهێ کەئەڕوا هەتاجێی ئەسەر
ببەخشە زوبانێ لەرووی مەکرەمەت
تەڵەبکا بەدایم لەتۆ مەغفیرەت
لەدرەگاهی تۆدا نەنێم گەرسەرم
شەوان ئاه وناڵەم لەبۆکێ بەرم
بەزاری وبەگریان وهاوارو ئاه
تەڵەبیە لەتۆ " مەحوی"مەحوی گوناه

نێوەرۆک

ڕووبەرگ

دیاری

محەممەد ئیبراهیمیان

پشت بەرگ

دیاری

عومەر باپیری

سەروتار

بەناوی خوا

لە ژمارەی پێشوودا باسێکی نوێمان دەست پێکرد و زانایان و خاوەنڕایانی دڵسۆزمان بانگ هێشتن کرد تا لەسەر مەسەلەی تەیاربوون بە چەکی عیلم و ئیمان ورد بنەوە و خۆی پێوە ماندوو بکەن . ئەوەشمان گوت کە نەبوونی یەکێک لەم دوو چەکە کەمایەسی یەکی گەورەیە و بەختەوەری بەبێ یەکێک لەم دوو نیعمەتە دەست ناکەوێ .

ئێستا بەم هیوایە کە هەموو لا هیچ نەبێ بڕووکە ئیمانێکی پێویستمان هەیە، درێژەی ئەم باسە بۆداهاتوو هەڵدەگرین و باسی بایەخ و پێویستی خوێندن دێنینە گۆڕ و بەختەوەرانە بایەخ

تلفن ٣٥٨٠٠

ارومیه : خیابان مدنی ـ سەراه خیامشمالی ـ انتشارات صلاح‌الدین‌ایوبی ـ صندوق پستی ٧١٧

چون خۆشەویستان ولایەنگرانی سروە لە دەروژووری وڵات بە نامەی جوان ورازاوە داوای "فۆرمی ئابوونمان"یان کردووە ، ئەوە چۆنەتی ئابوونمان لە دەروژووری وڵات بەو شێوە رادەگەیەنین

نرخی	١٢	ژمارە بۆنێو خۆی وڵات	٢٠٠	تمەن
نرخی	١٢	ژمارە بۆ وڵاتە دراوسێکان	٣٨٠	تمەن
نرخی	١٢	ژمارە بۆ هیند وئورووپا	٤٢٠	تمەن
نرخی	١٢	ژمارە بۆئامریکا وخاوەری دوور	٥٠٠	تمەن

ناونیشان : اورمیه ـ صندوق پستی ٧١٧ ـ انتشارات صلاح الدین ایوبی ـ تلفن ٠٣٥٨٠٠

بۆ ئەم خوێندکارانە کە لە زانستگاکانی دەرەوە دەخوێنن (ئەگەر بەڵگەی خوێندکاری خۆیان بنێرن) هەل و مەرجێک پێک دێنن کە گۆواری سروەیان بەنیوە قیمەت پێ بگا .

گرینگی وەدەست هێنانی ئاگاداری و زانین ئەوەندە روون و ئاشکرایە کەپێویستی بە بەڵگە و دەلیل هێنانەوە نیە و هێنانەگۆڕی ئەم باسە بە مانای شی کردنەوە و کلا کردنی دڕدۆنگی و دوودڵی نیە بەڵکوو وەبیر هێنانەوە و وشیارکردنەوەیە کە بۆ ئەوە ژەنگی کەمتەرخەمی لەسەر دڵ و گیانی جوان وبێ گەردی ئازیزانمان بکرێنین تا نەبێتە کۆسپی رێگای هەڵدان و پێگەیشتن و نەتوانێ مرخ و ئیستعدادێکی زۆر بەند بکا و سامانێکی بەرفرە بوەستێنێ و لەنێو ببا. لە پێشدا بۆ چوون ورای جۆراوجۆر لەسەر باسی پێویستی وەدەست خستنی عیلم وزانست دەکەینە سەرەتای باسەکە و لە سەری دەدوێین.

پیرۆزی عیلم لەرێبازماندا

پێش هەموو لێدوانێک لەسەر پیرۆزی زانست وناسین لەبۆ چوونی رێبازی گیانبەخشی حەزرەتی موحەممەد (د.خ) کەلک وەردەگرین و دەچینە نێوقووڵایی باسەکەوە.

وردبوونەوە ولێکۆڵینەوەیەکی بەزانستەوە ئەم راستی یە دەردەخا کە لە ئیسلامدا کەم باس وەک زانست و ناسین سەرنجی دراوەتێ.

قورئانی پیرۆز بەئاشکرا زانست بە تەرازووی هەڵسەنگاندنی "بەسەرەوەبوون" دەزانێ. هەر وەک پارێز دەکاتە بنەمای لێک هەڵاواردنی بەشەر.

ئەم سەرنج و بایەخە لە دینە ئاسمانی یەکانی دیکەدا بەم گرینگی یە نابیندرێ.

بەکورتی لە ئایەت و حەدیس وریوایەتان وادەردەکەوێ کە بێ زانین و ناسین موسڵمانەتی باوەرێکی تەق و لەق و بێ بناخەیە. جا دەبێ هەرواش بێ چون ئینسانی نەزان ئەگەر رێگاکەشی راست بێ پاداشی نیە. لە نێوان وەها ئینسانێک و ئینسانێکی کە نەیزانیوە و بە هەڵە چووە هەر ئەوەندە فەرق هەیە کە ئەمیان بە هەڵکەوت رێبازی هەقی دۆزیوەتەوە و ئەویان بە هەڵکەوت لارێ بووە

کەوابوو تەنیا شکڵ و شێوەی هەڵوێست گرتن بەتەنێ بەس نیە بەڵکوو ئەم هەڵوێستە دەبێ بە زانست و ئاگاداری یەوە گیرابێ .تاکوو ببێتە هۆی رزگاری و لە ئادەمیزاد قەبووڵ بکرێ.

لەم پێیەدا باس زۆرن کە وردبوونەوە و شی کردنەوەیان زۆر دەکێشێ و لە وزەی ئەم وتارەدا نیە

زانست و ژیانی مرۆڤ

ژیانی بەرتەسک و ساکار لە سەدەکانی رابردوودا نەیدەتوانی قانوون وزاکوونی حاکم بەسەر ژیاندا بە مرۆڤ بناسێنێ. ئیمرۆ پێشکەوتی

فۆرمی ئابوونمان

شمارە

ناو..............شۆرەت.............دانیشتووی...........

.......تمەنم بەحیسابی ژمارە ٥٤٠٠ ی شوعبەی ناوەندی بانکی سپەی ورمێ گرت و

فیشەکەم وێرای ئەم بەرگە بۆ ناردن. لەژمارە.......را هەتا.......گۆواری سروەم

بۆ بەرێ بکەن.

ناونیشان...........................

...

مرۆڤ لێبڕاوی کردووه تا وێڕای پەیوەندی لەگەڵ جیهان سەبارەت بە پتر ناسینی قانوونی حاکم بەسەر تەبیعە ـ تدا حەول بدا ئەم حەولە بەربڵاوە کە بۆ پتر زاڵ بوون بەسەر تەبیعەت ولەنێوبردنی کەندوکۆسپ ووەدەست هێنانی بارودۆخێکی بەرێ وحێ تری ژیانسەری گرتووه ،زۆر بەجێ بووه و زۆریش بەجێیە .

هەر وەک ئەگەر ئیمڕۆ وێڕای زۆربوونی حەشیمەتی دونیا گەڵاڵەی پێویست بۆ ژیانی مرۆڤ لە هەموو بارێکەوە بەتایبەتی باری ئابووری و سیاسی یەوە دانەرێژرێ چەرمەسەری و کۆسپێکی یەکجار زۆر لە داهاتوودا خۆ دەنوێنن . بەداخەوە لە رێبازی پەرەپێدانی پەیوەندی دوو لایەنەی کۆمەڵی ئینسانی و کەلک وەرگرتنی بەجێ لە تەبیعەت وێڕای هەموو بارەکانی ژیانی مرۆڤ هەڵە و لارێ یی ریشەداری ئەو کە لە مێشکی ئێسقانی مردووە بۆ دەستەڵاتداری شەیتان هاوار دەکا ، هەل بەدەرفەت دەزانێ و بنەمای ژیانی تووشی ئاڵ و گۆڕێکی بە زەبر و زەنگ دەکا کە ئەوکارە لەگەڵ بێ هێزی زانستی رابردووی ئەو یەک ناگرێتەوە . هەرچەند زۆرمان بەدڵ نەبێ بەڵام ئیدی جێی بەسەردابازدان و چاو پۆشی نیە .

ئێستا گەشە وپێشکەوتن وێڕای تێهەڵچوونی هێزوتوانا و دەستەڵاتداری مرۆڤ بەسەر گۆی خاکی وبگرە سەرەوەتریش ... لە دەروونەوە هەڕەشە لە بناخەی ژیانی ئینسانی دەکا

ئێستا زانست وەک کێردێکی دوو دم وایە . هەم دەتوانێ پەردەی رەشی نەزانی بدڕێ و ئینسان لە بەرابەر مەترسی بیۆلۆژیک و... دا بپارێزێ ، هەم دەتوانێ کەرەستەی دەستەڵاتی ئەوان تاغووتان بێ کەدان بە ژیانی هەزاران ژن وپیاو دانایەنن .

بەم جۆرە زانست وناسینی ئیمڕۆ هەر وەک دەورێکی باش و پڕبایەخی لە درێژە و سەرکەوتی ژیانی مرۆڤدا هەیە دەشتوانێ ویستی چەپەڵی شەیتانیش لە هەموو زەمانان زیاتر پێک بێنێ . ئەوەی داخ وکەسەری هەر خاوەن دڵ و دەروونێک زێدە دەکا ئەوەیە کە بەشی هەرە زۆری دەستمایە و کەرەستە وحەول و دەولەی زانستی لە دونیادا بۆ حەسانەوە وگەشەونەشەی ژیانی بەشەر و رزگارکردنی لەگێژاوی هەژاری وچارەڕەشی نیە بەڵکوو بۆ خۆسەپاندن و زێدەبایی دەستەڵاتی دنیاخۆران و دارو دەستەکەیان بەخت دەکرێ .

ئەگەر کەرەستە و دەستمایەی عیلم وزانست لە رێبازی دروست وبەجێ لەکار بکرێ دڵنیایین دیمەنی ئێستای دونیا بە تەواوی دەگۆڕێ و شوێنەواری هەژاری و فەرق و جودایی و زوڵم وستەم دەبڕێ

بەڵام دیسان بەداخەوە راستی یەکی تاڵی دیکە ئەوەیە کە ئەوانەی بێ وچان بۆ لەکۆت کردن وچەوساندنە ـ وەی چەوساوەکان خەریکن تاگەڵاڵەیەکی نوێ دابڕێژن پتر لەوانە کە مرۆڤیان خۆش دەوێ لە عیلم وزانست بەهرە وەردەگرن وئەم بەهرەوەری یە زامنی هێز ودەستەڵات و حاکمەتی ئەوانە .

جائەگەر خۆمان بەئینسان دەزانین ودۆستی مرۆڤین دەبێ ئەمە لەگوێ بگرین کە :

هەروەک شەرەف و پیاوەتی فەرماندەدا لە بەرابەر هەموو زۆرداران و ئەوانە کە هێرش بۆ سەر هەرێمی مافی مرۆڤ وعەداڵەـ تی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری وفەرهەنگی دەبەن و چەوسێنەرانی جیهانی لە سەرووی هەموانن رابوەستین و بەرەنگاری زوڵم و ستەمی ئەوان بین ، پێ لەسەر ئەوەشدا دەگرین کە هەست بە پێویستی جیهادی عیلمیش بکەین بۆ ئەوە کە سنعەت و تکنۆلۆژی لەدەست دوژمنانی مرۆڤایەتی دەرکێشین و دەرفەتی کەلک وەرگرتن لەم هەموو دەستمایە وکەرەستە لە پێنا و بنەبڕکردنی شوێنەواری

که‌م‌ده‌سته‌ڵاتی وهه‌ژاری پێک بێنین تا هه‌موو که‌س جا خاوه‌نی هه‌ر تایبه‌تی و له‌هه‌ر نیژاد ونه‌ته‌وه‌یه‌ک بێ،به‌هره‌ی لێ وه‌ربگرێ .

درێژه‌ی هه‌یه



بسمه‌تعالی

سرمقاله

درشماره پیش ضمن گشودن باب جدیدی از بحث و دعوت از اندیشمندان و صاحبنظران دلسوز جهت برخورد جدی با مسئله ، به ضرورت تجهیز و مسلح بودن به عناصر علم و ایمان اشاره کرده و یادآور شدیم که‌فقدان هر یک از این دو ویژگی ،کاستی بزرگی برای آدمی محسوب میگرددودستیابی به سعادت ابدی برای فاقد هریک از این دو نعمت غیر ممکن است . اکنون با این امید که همگی از حداقل ایمان لازم برخورداریم بحث در اینباره را به فرصتهای آتی موکول کرده وحسب وعده داده‌شده در اهمیت ولزوم ، تحصیل به‌بحث مینشینیم .

خوشبختانه اهمیت و لزوم کسب آگاهی و معرفت آنچنان واضح وروشن است که نیاز به‌بحث استدلالی و اثباتی ندارد و لذا طرح این مقوله دراینجا محض تاکید بروجود شبهات و ابهامات و آنگاه ضرورت پاسخ به آنهانیست بلکه جنبه تذکر و یادآوری وهشدار داردتا اگر زنگار غفلت تاکنون پرده صاف قلوب عزیزانی را تیره کرده ومانع از رشدوتعالیشان شده ، و استعدادهای قابل توجهی را محبوس و سرمایه‌های فراوانی را راکد و نابود کرده از چهره جان زدوده ، شود .ازاین رو بعنوان یک بحث مقدماتی اهمیت وضرورت تحصیل علم ودانش راازنقطه نظرات مختلف موردبررسی قرار میدهیم .

قداست علم در مکتب

بیش از هرسخنی ازقداست علم وفضیلت ودانش از دیدگاه مکتب حیاتبخش محمدی (ص) استفاده کرده ونتایج بحث خود را تنفیذ میکنیم. یک تفحص عالمانه و محققانه بر این حقیقت تاکید دارد که کمتر موضوعی باندازه علم و معرفت دراسلام مورد توجه و تاکید قرار گرفته است . نخست آنکه قرآن مجیدبصراحت دانش رامیزانی برای تشخیص برتری عنوان میکندوهمچنانکه تقوا را مایه‌کرامت و برتری فرد در برابر دیگر افراد جامعه میشمارد،از علم‌وآگاهی نیز بعنوان یکی ازویژگیهای ممتازکننده بشر یاد میکند درهمین راستا حدیث شریف منسوب به‌رسول خدا (ص) مبنی بر وجوب طلب علم و دانش نیز نشانگر عمق توجه مکتب به این مسئله بسیار اساسی ومهم است .بطوریکه این توجه را درهیچ یک از ادیان آسمانی بااین شدت سراغ نداریم .

خلاصه کلام آنچه از مجموع آیات وروایات چنین مستفاد میشود که‌بدون کسب علم‌ودانش ادعای مسلمانی در واقع از همان سطح ادعا فراتر نمیرود منطقا" هم باید اینطور باشد. زیرا انسان فاقد ایمان درصورتی که در مسیر صحیح هم گام بردارد اجری ندارد و اصولا" بین اووکسی که ناآگاهانه بخطا رفته است تنها دریک اتفاق ، فرق وجود دارد. یعنی یکی اتفاقا در جبهه حق قرار گرفته و دیگری اتفاقا" درمسیر باطل گام نهاده است .بنابراین نوع وشکل موضعگیری بتنهائی کافی نیست بلکه آگاهی از علت موضعگیری (موضعگیری و عمل آگاهانه) بعنوان شرطی اساسی در پذیرش اعمال مطرح بوده ،هست وخواهد بود . دراین زمینه بحث فراوانی وجوددارد که مداقه لازم در هریک از ابعاد آن نیازمند تفصیل قابل توجهی است که‌از حوصله این نوشتار خارج است .

علم وحیات بشری

اگر زندگی ساده و کم دامنه بشر در قرنهای گذشته آنچنان که‌باید بشریت را متوجه شناخت قوانین حاکم بر

هستی نمیکرد و فضای بسته‌و محدود آن دورانها اجازه ارتباط جوامع مختلف با یکدیگر رانمیداد، امروزه پیشرفت بشر که بیش از هر چیزی به تکامل معلوماتش در زمینه‌های مختلف حیات خود و سایر جانداران مربوط است او را ملزم کرده تا ضمن گسترش ارتباطات درسطح جهانی نسبت به‌شناخت بیشترقوانین حاکم برطبیعت اقدام کند .این تلاش گسترده که‌بمنظور تسلط هرچه بیشتربرطبیعت و رفع مشکلات ودستیابی به وضعیت مناسبتر زندگی صورت میگرفت کاملا" موجه به نظر رسیده‌و میرسد. بطوریکه اگر امروزه همراه با رشد جمعیت جهانی طرحهای لازم برای زندگی انسان در ابعاد مختلف بویژه بعد اقتصادی وسیاسی ریخته نشود ،مصائب ومشکلات بطور جدی ظاهر میشوند .متاسفانه در راستای گسترش ارتباطات متقابل جوامع انسانی و بهره گیری اصولی وصحیح بشر از طبیعت و همراه با بزرگ شدن همه ابعاد زندگی آدمی انحرافات ریشه‌دار وی که تا مغز استخوانش نفوذ کرده و حاکمیت شیطان رافریاد میزند از فرصت بهره جسته و کانون حیات را دستخوش سلسله تحولات تند وخشنی میسازد که‌اینکار با ضعف علمی گذشته‌او عمای نبود. هرچند بسیارناخوشایند شد اما دیگر قابل اغماض و چشم‌پوشی نیست .

اینک پیشرفت سریع آدمی در کنار روند رو به تزاید قدرت ،تسلط وحکومت بنی آدم برکره خاکی وبلکه بالاتر و... از درون پایه‌های زندگی انسانی رادر معرض تهدیدجدی قرار داده است .امروز علم بمثابه تیغی دودم، هم پرده سیاه جهل را دریده و آدمی را دربرابر مخاطرات بیولوژیک و....حفظ نموده‌وازسوی دیگر ابزارتسلط طواغیتی شده‌است که‌امروزه زندگی هزاران زن و مرد را انکار میکنند.

بدین ترتیب علم همچنانکه امروز دارای نقش مثبت و ارزنده‌ای در ادامه‌وارتقاء کیفیت زندگی انسان است امکان تحقق نیات پلیدشیاطین را بیشتر از هرزمان دیگر فراهم آورده است . آنچه که تاسف هر صاحبدلی را تشدید میکند اینست‌که متاسفانه بخش‌بزرگی از سرمایه‌ها و امکانات وسرانجام تلاشهای علمی در سطح جهانی درراستای ارتقاء سطح زندگی بشروخارج ساختن آن از ورطه فقر و بدبختی صورت نگرفته، بلکه در راه تثبیت وافزایش قدرت جهانخواران وایادیشان معروف میگردد. اگر امکانات و سرمایه‌های علمی در مسیر صحیح و اصولی بکار گرفته میشد قطعا" چهره جهان بکلی دگرگون میشد و از مظاهر فقر و تبعیض و ستم آثاری وجود نمیداشت .

جنبه تاسف‌انگیز واقعیت آن است‌که در شرایط حاضر همانها که‌برای به زنجیر کشیدن و بهره‌کشی ازمستضعفین پیوسته مشغولند تا طرحی نو دراندازند، امروز بیشتر از مجموعه بشردوست جهان از ثمرات پیشرفتهای علمی بهره - مندند واین بهره مندی بیشتر تسلط آنها را تضمین کرده است . ازاین رو اگر خودرا انسان و انساندوست میدانیم باید این عبارت را آویزه گوش کنیم :

همچنانکه شرف و مردانگی قاطعانه به مقاومت و مقابله علمی دربرابر حمله‌زورمداران متجاوز به‌حقوق انسانی،حریم عدالت اجتماعی،سیاسی ، اقتصادی وفرهنگی و در راس آنها استکبار جهانی حکم میکند، بر ضرورت و وجوب جهاد علمی بمنظور خارج ساختن حربه‌های صنعت و تکنولوژی از دست‌دشمنان بشریت و بهره‌گیری از همه امکانات و سرمایه‌ها در راه محو مظاهر ضعف‌وفقر و فراهم ساختن بالسویه امکانات برای همه‌افراد بشر از هر مشخصه‌نژادی وقومی... .با همان جدیت‌تاکید دارد.

ادامه دارد

ئیمە و باوەڕ



مستەفا زمزیری

زۆری و فراوانی بوونەوەر بە کەس ئەندازە ناگیرێ ، نە بەهیچ دەپێورێ ونە دەکێشرێ . بەشەر وەختێک کەرەسەگەلی زانستی وەک تێلیسکۆپ وکەشتی، هەوایی (سفینەفضایی) و... لەدەستدا نەبوو پێی وابوو بوونەوەر لەو زەوی یەدا کە ئەو لە سەری دەژی و لەو عاسمانە شینەی دا کە بە چاو بەسەر زەوی رۆکراوەو لەو رۆژ ومانگ و ئەستێرانەدا کە بە روالەت بەسەری دا هاموشۆی دەکەن کورت هەڵدێتەوە و ئیتر ئەگەر ببێتە باڵندەیەکی تیژباڵ دەتوانێ ئەمسەر ئەو سەری دنیا راو بکا و بچێ سەر لە هەموو ئەستێرەکان هەڵێنێ و هەمرو کەلێن و قوژبنەکانی دنیا بپشکنێ .

بەڵام وردە وردەئادەمیزاد بەرەوپێش چوو ،لەخۆی و بوونەوەر پتر تێگەیی و بە بەرەوپێشتر چوونی زانست وپیشە (صنعت) توانی باڵەفڕە بکا و تەنانەت لەباڵندە ـ کانیش توندتر و دوورتر بڕوا ، سواری فڕۆکە و کەشتی هەوایی بوو و خۆی گەیاندە میچی عاسمان و دەوروبەری ئەستێرەکان و لە دوورەوە وێنەی لێ هەڵگرتن و لێیان ورد بۆوە ، بە چەند شەو لەسەر گۆی مانگ میوانداری لەخۆی کرد ،بە تێلیسکۆپی گەورە گەورە روانی یە بۆشایی دەوروبەری خۆی و بۆی مەعلووم بوو کە تا ئێستا هیچی لە هیچ نەزانیوە و بوونەوەر زۆرزۆرترەلەوەی ئەو بیری لێ کردۆتەوە و ئەوەی ئەو دیویەتی تنۆکەیەکە لە دەریا وپووشکەیەکە لەلۆدەکا .

بۆیەهات بۆ پێوانی مەودای ئەستێرە و گۆکان وبەربڵاوی بوونەوەرلەباتی بست و باڵ و گەز و گوریس،کیلۆمەتر ،ساڵنووری دیاری کرد . ساڵنوور مەودایەکە لە درێژی دا کەنوور بە چالاکی بڕینی ٣٠٠/٠٠٠ کیلۆمەتر لە چۆکەیەک (سانیە)دا ،بەساڵێک دەیپێوێ . وپێی لەوە نا کە مەودای نێوان هێندێک لە ئەستێرەکان بە ملیۆن ساڵنووریش زیاتر لێک دوورن ، بۆیە بە ناچاری ناوی لە بۆشایی دەوروبەری خۆی نا **بۆشایی** نەبڕاوە (فضای لایتناهی) .

بەڵام هەرچی بێ بوونەوەر بێ سنوور نیە و لەجێیەک هەر دەبڕێتەوە ، مەبەستی منیش ئەوە بوو کە هەر شتێک لەنێو ئەوبوونەوەرە فراوانەدا هەیە بە گیاندار وبێ گیانیەوە بە ورد و درشتی یەوە لە چکۆڵەترین بەشیەوە کە گەردیلە (اتم)**یە** بگرە تا گەورەترین بەشی**وەک** رێکخراوەرۆژی (منظومە شمسی)یەکانن هەرکامیان لەدەوری ئامانجێک دەخولێنەوە و لە یاساگەلێکی زانستی و سروشتی پەیڕەوی دەکەن . بەڵام ئادەمیزاد زیادەلە هەموو ئەندامەکانی دیکەی بوونەوەر سەرەڕای پەیڕەوی کردن لەو قانوونە وەک بەشەکانی دیکەی بوونەوەر ، لەبەر بەرخورداربوونی لە عیلم و ئیمان پەیڕەوی لە قانوونی تەکلیفیشی هەر کردووە وبە دوائامانجێکی گەورەتر و پیرۆزتردا گەڕاوە ،تێکۆشاوە ئەو بوونەوەرانەی کە بە پێی سروشت لە خزمەت وی دانین ئەوانیش هەر لە خزمەت خۆی باوێ ودەستەمۆیان بکا

بەڵێ ئادەمیزاد لەبەر سەرفەرازبوونی بە دوو سیفەتی عیلم وئیمان بیری لەمدنیا

پان وبەرینە کردۆتەوە ولەو بوونەوەرەبەر بلاوو بێ بنە فکریوە و وەبەر شەپۆلی فکرانی داوە، لێی بۆتە عومەری خەییام و بە مەتەڵۆکە دای هێناوە ،بەرواڵەت دنیای کردۆتە گرێ پووچکێکی نەکراوە، لەخۆی پرسیوە دەبێ ئەو دنیا زەلام وبەکڵۆشە لە بنیاتەوە بووبێ یان نا ؟

ئەگەر دروست کراوەکێ وکەی وبۆچی دروستی کردووە ؟ ئەمجار ئەگەر لەبن را بووبێ یا دروستکرابێ دەبێ برانەوەی هەبێ یا نا ؟ دیسان ئەم هەموو کارانەی لەنێو ئەو بوونەوەرە دا روو دەدەن ، هەڵسووڕانی رۆژ و مانگ و ئەستێران ،بارینی بەفر و باران، ساردی و گەرمی هەوا ،رووانی گیا و گوڵ، درک وداڵ و دارودەوەن،فراژۆو بوون و پیر بوون و پۆڵتکان ورزینیان،ئەوهەموو مردن وزیندوو بوونەوە و....بەدەستکێ یە ولە کوێوەیە ؟ کێیە و چیە ئەم هەموو ئاڵ و گۆڕەی پێوەیە ؟ هەروەها پرسیویە- تی کە بەرەی مرۆڤ لەکوێوە هاتووە ولێرە چ دەکا و بۆکوێ دەچێ ؟ ئامانج لە پێک هاتنی ئەو ژیانە بە ژانە چیەوئاکامەکەی دەبێتە چی ؟ بڵێی هەر ئاوا بەردەوام بێ، یان ئەو تۆمارە دەپچڕێتەوە ودنیا چۆڵ و وێران دەبێ و تەنانەت (پەپووش) نابێ تێیدا بخوێنێ ؟


لەخۆی پرسیوە : خۆ هیچ دوور نەڕۆین هەر ئەو خۆرە کە هەموومان کەلکی لێ وەر دەگرین و دەورێکی گرینگی لەژیانی گیان لەبەراندا هەیە خۆبنی لەئاو دا نیە، رۆژێک هەر دێ تینی تێدا نەمێنێ و هەموو گیان لەبەرانی سەر گۆی زەوی بکەونە تاریکایی و سارد و سەرما و بێ بژیوی و.. جا ئەگەر هەموو زیندەوەران چاویان لێکناو ماڵ ئاوایی یان لەژیانی سەر ئەم عەرزە خواست ئێمە بەرەوکوێ دەچین ؟ بڵێی لە جێیەکی دیکە سەر هەڵدەینەوە وچاو بە ژیان هەڵێنینەوە ؟ وەک پیرە هەڵۆ لەخۆی پرسیوە :

چم بەسەر دێ کە نەمام ومردم
پەڕی بەربایەک وتۆزی وردم
تۆبڵێی راوی هەبێ لەو بەرزە
پاش هەموو چەرمەسەرەی ئەوعەرزە

دوای بیرکردنەوە و توێژینەوەیەکی زۆر زانیویەتی ئەو ماستە بێ موو نیە وبۆی مەعلووم بووە کە ئەو هەموو کارانەلەخۆوە جێ بەجێ ناکرێن، ئەو ژیانەی ئەو هەموو بەرنامەی بۆ دارێژراون شتێکی کەمبایەخ و چکۆڵە نیە . هەروەها گومانی لەوەدانەماوە کە ئەو مرۆڤە دەستڕۆیشتووەی هەموو بوونەوەری بۆ دەستەمۆ بووە وبەقازانجی وی دێت و دەچێ شتێکی سادە وساکارو کەم بایەخ نیە . و بێ ئەوەی خوا وەک بەدی هێنەری بوونەوەر و داهێنەری ژیان راستەو خۆ خۆی پێ بناسێنێ وەڵامی هەستی خواویستی دەروونی خۆی داوەتەوە و بڕوای بەخوایەک کە هەموو جیهانی لەبەردەستدایە ،هێناوەو سەری کڕنۆشی بۆ دانەواندووە .

بەڵێ بنیادەم بەهۆی عیلمەوە توانی بەشی خۆی لەدنیا حاڵی بێ وەڵامی زۆر لەو پرسیارانە بداتەوە کە خوتخوتەی دڵیان داوە وبۆی وەک گرێ پووچکەیەک وابوون.وبە هۆی ئیمانەوە توانیویەتی کەلکێکی باشتر لە عیلم وەربگرێ و گرێ وگۆڵەکانی دڵی باشتر لە بەین بەرێ وخۆی لەسەرسووڕمان وسەرەگێژەرزگار بکا و بەکورتی بە هۆی ئەو دووانەوە دەتوانێ و بۆی لوا کەبزانێ لە کوێ را هاتووە و لێرە چ دەکا وبۆکوێ دەچێ .

لە بەشی یەکەمی ئەم مەبەستە کە لە ژێر سەردێڕی (ئیمەوباوەڕ)دا خرایە بەر دەستی خوێنەرانی خۆشەویستگوتمان کە : (ئیمان) لە ژیانی ئینساندا شوێنەوارێکی گەورەی هەیە و ئاقیدە وباوەڕی ئینسان هەر



ناوەرۆکێکی هەبێ بەکردەوەش هەر ئەوە نیشان دەداو جوولانەوەی مرۆڤ بە پێچەوانەی نیوئاخنی بیروباوەڕ شتێکی نەگونجاوە بۆ نموونە چونکە هەموو کەس پێی وایە ئاور دەسووتێنێ کەس نیە لەرووی ئاگاهی و ئیختیارەوە خۆی دەئاور هاوێ ،یان چونکە هەموو کەس پێی وایە بەرق ئینسان دەگرێ کەس نیە خۆی بە بەرقەوە بکا

هەروەها گوتمان ئەگەر ئینسان کارێکی بە پێچەوانەی بیروباوەڕی خۆی ئەنجام بدا ئەوە بێ گومان باوەڕەکەی پتەو نیە و ئەو هێزەی نیەلەو کارەی بگێڕێتەوە ،ولەم باسەی پێشەوەدا بەم ئاکامە گەیشتین کە هۆی تەواوی ئەو کارە ناحەزانەی ئێمە ئەنجامیان دەدەین و هەموو کۆمەڵی گرتۆتەوە تەنیا وتەنیانەبوونیوبێ هێزی ئیمان وباوەڕەکەمانە و پێویستە هەوڵ بدەین باوەڕەکەمان هەتا دەکرێ پتەوتر بکەین وگومانیشلەوەدا نیە کە هۆیەکی هەرەگەورەی زۆرتربوون وپتەوتر بوونی باوەڕ، تێگەیشتن ولێ حالی بوونە لە ناوەرۆک وئامانج و هەموو لایەنەکانی ئەو ئیمانە.

جاکەوابوو بگەڕێینەوە سەرباسەکە و دەڵێین : بەشەر بۆوەی باشتر بزانێ چیە و چکارەیە و بۆکوێ دەچێ ،بەکورتی بۆ وەی ، بتوانێ وەڵامی هەموو پرسیارێک لەمەڕبوونە - وەرەوە بداتەوە هۆشیارانە و لە رووی سروشتی خداویستی دەروونی خۆیەوە هانای بردە بەر بڕواهێنان بەپەروەردگاری جیهان و دانی بەوە دانا کە ناکرێ ئەو جیهانە بەو هەموو ڕێکی وپێکی یەوە بێ بەدی هێنەر و هەڵسووڕێنەر بێ

بەڵام بەرەی مرۆڤ وەنەبێ بەو بیرکردنەوەشلەهەموو ئاوێکی پەڕیبێتەوە ، چون پێویستە خوای ناسیبێ و هەموو چاکە و خراپێکی لێک هەڵاواردبێ و قانوونە بایەخدارەکانی لەوانی بێ بایەخ جیا کردبێتەوە ، توانیبێتی بگاتە پلەیەک لە مرۆڤایەتی و بڕواداری.کەچی بۆ خۆی پێ خۆشە بۆ خەڵکیشی پێ خۆش بێ ،بەڵکوو لە خواپەرستی دا زۆر بە هەڵە چووە وزۆرستی درووستکراوو بێ دەسەڵاتی کردۆتە شەریک و هاوبەشی خوا ، جا لە ئەستێرە وئاگروشتی واوە بگرەهەتا دارو وبەردو گیان لەبەران و تەنانەتخۆراکی بەردەستیشیان واهەبووە بە هاوبەشی خوا داناوەو بتیان لێ سازکردووە وکڕنۆشیان بۆ بردووە وئەگەر برسیشیان بووە بێ بەزەیی یانەخواکەی خۆیان خواردووە. هەروەها لە یاساکانی کۆمەڵایەتیشد زۆر نارێکی و بێدادی هەبووە و....

جابۆیە پەروەردگاری خاوەن بەزەیی پاش بەدی هێنانی ئەم بوونەوەرەو دروستکردنی ئادەمیەکان لەسەر ئەم گردە زەوی یە هەر ئاوا وێڵی نەکردوون و لە سەرگەردانیدا نەیهێشتوونەوە.بەڵکوو بەرە بەرە و بە پێی پێویستو گۆڕانی هەل ومەرج وپێشکەو- تنی کۆمەڵی بەشەر کەسانێکی هەرلەنێو خۆیان وەک پێغەمبەران بن (د.خ)هەڵبژاردووە و هاورێ لەگەڵ هەموو قانوونێکیپێویست بۆ کۆمەڵی ئینسانەکان رەوانەی کردوون ، تا کۆمەڵ بەرەوپێشتر چووە ووای لێهاتووە کە بتوانێ تەواوترین و قانوون وزاکوون وەربگرێ ، جابۆ ئاخرین جار و ئاخرین کەس حەزرەتی محەممەدی(د.خ) رەوانە کرد بە قانوونێکە کە بە کەلکی هەموو سات و کاتێکو هەموو شوێن وهەل و مەرجێکی

کۆمەڵی بەشەریەبێ و لەدنیا و قیامەت بی حەسێنێتەوە .

دیارە ئەوقانوونانەشکە پێغەمبەران هێناویانن هەموویان هەر بەدینی ئیسلام ناوبراون (ان الدین عندالله الاسلام) واتە : بەراستی دین بەلای خواوە هەر ئیسلامە ، ئایەتی ۱۹ی سوورەتی آل عمران .
و لە هێندێک فروعیات دا نەبێ جیاوازیان نەبووە .

حاجی شێخ مورتەزای موتەهەری لەکتێبی (مقدمەای برجهان بینی اسلامی)دا لە ژێر عینوانی (دین یا ادیان)دا نووسیویەتی "...لە ڕوانگەی قورئانەوە دینی خوای لە ئادەمەوە تا خاتەم ـ مەبەست حەزرەتی محەممەد (د.خ) یەکێکە ، هەموو پێغەمبەران چ پێغەمبەرانی خاوەن شەریعەت و چ پێغەمبەرانی بێ شەریعەت بۆ مەکتەبێک بانگەوازیان کردووە ،ئەسڵەکانی مەکتەبی پێغەمبەران کە دینی پێ دەگوترێ یەکێک بووە ،

جیاوازی شەریعەت یەکێک لە زنجیرەیەک مەسەلەی فەرعی دا بووە کە بە پێی پێویستی یەکانی زەمان وخسووسیاتی ناوەندی ژیان وتایبەتمەندی یەکانی خەڵکە بانگکراوەکە جیاوازی بووە ،.... و جیاوازی یەکی دیشلە پلەی فێرکردنەکان تەعلیمات ، دابووە کە پێغەمبەرەکانی دوایی هاوپێ لەگەڵ تەکاموولی بەشەر لە پلەیەکی پێ هەڵاتردا فێرکردنی خۆیان کە هەمووی لە یەک ڕێ و شوێن دا بووە ڕاگەیاندووە..."

بەڵێ ناوەرۆک و ئامانجی ئایینی هەموو پێغەمبەرەکان هەر یەک شت بۆوە هەر پێغەمبەرێک هاتووە هەم پێغەمبەرەکانی پێشخۆی تەسدیق کردوون وبڕوای پێ هێناون هەم مزگێنی هاتنی پێغەمبەری دوای خۆی بە خەڵک ڕاگەیاندووە

دوایین ئایین :

کتێبی (محمّد رسول اللّه) نووسراوی (محەممەد ڕەزا) چاپکراوی ساڵی ۱۳۹۵ ک ۱۹۷۵ ز ،لە بەیرووت لەلاپەرەی ۵۹دا دەڵێ " بوونی محەممەد (د.خ) بە پێغەمبەر لە ڕۆژی دووشەممۆی حەڤدەی مانگی ڕەمەزانی چل و یەکەمین ساڵرۆژی لە دایک بوونی دابوو. واتە تەمەنی پیرۆزی لەوکاتەدا ۴۱ ساڵی مانگی و ۶ مانگ و ۸ ڕۆژ بوو کە ڕێکەوتی ۶ی (اغسطس)ی ساڵی ۶۱۰ی زایینیەوبە یەکیەتی هەموو مێژوونووسانی ئیسلامی و غەیرە ئیسلامی قورئانی پیرۆز لەماوەی ۲۳ ساڵ دا هەمووی هاتۆتە خوار و دینی ئیسلام بۆ هەمیشە تەواو کراوە و وەک دوامیین ئایین و تەواترین دین بەکۆمەڵی بەشەربێ سپێردراوە

قورئانی پیرۆز هەرچەند (معجزات علمی) زۆری تێدایە وئاماژە بەزۆر مەسایلی سروشتی و پزیشکی و جوغرافیایی دەکا و بەکورتی هەرچەند پڕەلەوردیاتێکی عیلمی ئەوتۆ کە زانایان دوای تێپەڕ بوونی سەدان ساڵ پاشهاتنی قورئان هەستیان پێ کردوون،واشهەر بە کتێبێکی عیلمی ناژمێردرێ چونکە مەبەستی قورئان ئەوە نیە کە لە یەکێک لەو زانستە سروشتی یانە بدوێ ، بەڵکوو قورئان دابی. ژیانە و زۆرتر لە مەسەلەی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و نیزامی ـ یەکان دو وە .

هەڵبەتە سەرچاوەی دینی ئیسلام تەنیا بریتی نیە لە قورئان وبەس ، بەڵکوو بە قورئان و حەدیس هەردووکیان سەرچاوەی دین پێک دێنن .

پێویستە ئەوەشبڵێین کە چەندشتێکی دیشهەن کە بۆ دەرهێنانی شەریعەتی ئیسلام کەلکیان لێ وەردەگیرێ بەڵام ئەوانیش لە چوارچێوەی قورئان و حەدیس بەدەر نین

ئاورێک وەسەر:

سوارە

ح . بەفرین

گۆڤاری " سروە" ماوەیەک لەمەوبەر دەرگای لەسەر شاعیرێکی بلیمەت وبەهرەمەندی وەک "سوارەی ئیلخانی" کردەوە منیش بە جێی خۆیم زانی هەولّ بدەم بەکورتی هەندێک سیما و لایەنی شیعری نوێی ئەم شاعیرە نەمرە بە خوێنەری " سروە" بناسێنم .

کاتێ دەچینە سەر باسەکە بەر لە هەموو شت ئەم پرسیارە سەرقوت دەکاتەوە : شیعری نوێی "سوارە" لە چ ئاستێکدایە وتا چەند توانیویەتی دەستی نوێ کردنەوە بۆ گەردنی بەرزی شیعری کوردی بەرێ ؟

بەبڕوای من بۆ ئەوەی ئاسانتر لەگەلّ"سوارە"ی شاعیر ئاشنا بین،پێویستە ئاورێکی کورت لە شیعری نوێی کوردی بدەینەوە .

لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا ، لە کوردستانی عێراق شێعری کوردی شەپۆلی بزووتنەوە ـ یەکی نوێ خوازی تێکەوت . سەرئەنجام " گۆران"ی نەمر بەهۆی لێهاتوویی وتوانای بێ سنووری خۆی جلّەوی ئەو بزوتنەوەیەی گرتە دەست ورەگ وریشەی شیعری نوێی لە باخی شیعری کوردیدا چەسپاند ، بەم کردەوە مێژوویی یەی گۆران زەمینە بۆ گەشەسەندن و پەرە گرتنی شیعری سەردەم خۆشبووکە دوای جەنگی جیهانی دووەمیش زۆر چرۆی نوێ وتازەغونچەی تر چاوی پشکووت ،شاعیرانی وەک ع . ح. ب،کامەران موکری ، دیلان ، جەمالّ شاربازێڕی، هەر یەک لە لای خۆیەوە پەرەی بە نوێ کردنەوەی شیعری کوردی دەدا . لەگەلّ ئەوەش هیچ کام لەو شاعیرانە ،بڕستی ئەوەی نەبوو لەو رێبازە گشتی یە دەرچێ کە "گۆران" دەقی پێوە گرتبوو .ئەم کێشەیە تا چەند سالّ پاش مردنی ."گۆران"ی نەمر مایەوە ،پاشان بەپێی پێداویستی یەکانی ژیان شیعری نوێ شێوەی سەردەمی خۆی وەرگرت وبەرەوپێش هەنگاوی گرتە بەر .


بەلّام لە کوردستانی ئێران هەر چەند **هەژا روهێمن** وەک دوو شاعیری گەورە وبەهرەمەند ، لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە ، بەشداری نوێ کردنەوەی شیعریان کرد،لەگەلّ ئەوەشدا ئەوانیش بڕستی ئەوەیان نەبوو لەو دەقی رێبازە دەرچن کە خووی پێوە گیرابوو.کەچی هەر دوای مردنی "گۆران" لەم ناوچەیەدا شیعری نوێ بەرەوبار بۆ چوونێکی تر هەنگاوی هەلّگرت کە "سوارەی ئیلخانی" بە رابەر و پێشەوای ئەو دەستپێکردنە دەناسرێ ودیار و ئاشکرایە ئەگەر چی بە مردنی ئەو شاعیرە جوانەمەرگە ئیتر ئەو گڕ و بلّێسە گەرم وبەتینە وەک گەرووی‌نەمان هەلّی لووشیبێ کپ و خامۆش بوو ، وەک بلّێی ئەمجۆرە بەهرە وبڕستە هەر لە "سوارە"وە وەشابێتەوە و بە جوانەمەرگ بوونی ئەو چرا وەکوژێنەی لێکرا .

هەرچەند من نالّێم‌ئەم‌چرایە بۆ هەمیشە کوژاوە ، بەلّام ئەوەندە هەیە حالّی حازر کپ دەبینرێ وهەنگاوێک بەرچاو ناکەوێ درێژە بەو رێگا سەختە بدا .

ئەگەر دەسبەرداری ئەم‌باسە کورتە بین وبگەڕێینەوە بەرەو مالّی خنجیلانە وجوانی‌شیعری "سوارە" لە گولبژێرێکی شیعرەکانیدا بە تایبەتی : **خەوە بەردینە ، کچی بەیان خێلّی درۆ ، هەلّۆ ، بانگەوازی پەنجەرە** دەبینین کە دەنگ و رەنگی تایبەتی " سوارە" یان پێوەیە .ئەوجۆرە تاقیکردنەوەو رۆشنبیری وشارەزایی یەی لەم

شیعرانەدا بە ڕاشکاوی پڕشنگ داوی ئاوڕدانەوەیەکی تازە و بیرکردنەوەیەکی نوێیە سەبارەت بە ژیان ولێکدانەوەی خەمی سەردەم پێم وایە شاعیرێکی وەک سوارە توانیو ـ یەتی بە تەواوی بناغە و بنچینەیەکی ڕێک وڕەوانی،دوای "گۆران" بۆشیعری نوێی سەردەم دابین بکا ، تەواوی ئەو دەق و خووەی هەرەس پێ بردووە کە شیعری کوردی تا ئەودەم عادەتی لێرەدا ئەگەر لە شیعری "کچی بەیان" ورد بینەوە هەست دەکەین بەرپرسی شیعر لەئاستی ڕووداوەکانی ژیان بەرپرسیاری شاعیر بەرامبەر ئەرکی شیعر بەخۆ دەگرێ.بەرادەیەک ئەم بەرپرسی یەقووڵ دەکرێتەوە کە دوێنێ وئەمرۆ وبەیانی یەکتر تەواو دەکەن، بە درێژایی رابردوو بە بەرینی ئێستا ، بە قووڵی داهاتوودا ئەم گەشبێنێ یەی شاعیر دەکێشێت و لەڕوانگەی پێگەیشتوویی و تێگەیشتوویی شاعیریەتی "سوارە"وە ئەنجامی لێکدانەوەی خەمی ئاشکرا ونهێنی مرۆفبەوە دەگا کە دەربڕینی دەردەداری ئێستای ژیان وسەردەمی ئێستا لە سووچی پرسیا ڕێکەوە سەرەتاتکێ لەگەڵ نەبووندا دەکا ،بۆ ئەو ئامێزە سارد و سڕەی لەئاستی گەورەیی بوونی ئەم سەردەمە جەنجاڵەدا والای کردووە :





پێوە گرتبوو. "سوارە" بەر لە هەموو کەس پەی بەو ئەرکە مێژوویی یە بردووە وبەکردەوە سەلماندوویەتی کە: شیعر،کاتی ئەوەی هاتووە رووبەرووی ڕووداوەکانی سەردەم بێتەوە هەڵبەت ئەم بەرنامە روون و ئاشکرایەی "سوارە"ی نەمر لە چەشنە تاقیکردنەوە وشارەزایی و بۆچوونێکی تازە بابەتەوە ، سەرچاوەی گرتووە. لەپێناو پاراوکردنی دەردوئازاری خەڵکدا. لە پەل داوێ :

پێم ئەڵێ : شەوکرە ، چیاچڕە
راستە گیانەکەم
ڕێگەمان دوورە ،سەختە ،قاقڕە
خۆشەویستەکەم
لەپەنجەرەی نیوەتاکی بوومە-
لێڵەوە
چاوی من لەدیمەنی کچی
بەیانی یە
لەحەنجەرەی زەمانەوە
گوێم لەزمزەمەی زوڵاڵی
خیزە وردەکانی کانی یە
تۆبڵێی ئەو خەوەهەستانی
بێ ؟
یانەئەوقافڵەوەستانی
بێ ؟

دەبینین " خەوە بەردێنە" ئەو ئەنجامی دەرک پێکردنەیە کە شاعیر فەلسەفەی ژیانی پێیەک لایی کردۆتەوە ،تێیدا سروشت و ژیانی کۆمەڵایەتی دوو شتی لە یەکچوون.لەوبزووتنەوەنەسرەو- تەدا وەک دوو کەناری دەریایەک کە بڕانەوەی بۆ نیە ، ئەم

شیعره شاکارێکی نەمردووی شیعری کوردی یە.

لام وایە ،شاعیرەتی "سوارە" ئەوەندە گوڕوتینی ناسکی بیری لە "خەوەبەردێنە"دا ماندوو کردووە، بۆ کۆڵ کردنی ئەو رووداوە گەورەیەی ژیان لە پێناو پەڕاندنەوەی لەگەرداوی نەزانی یەوە بۆسەر خاکی تێگەیشتن،هەرئەوەشە چەشەیەکی فەلسەفی داوەتێ ولەم سەردەمە جەنجاڵەدا لێکدانەوە تەنها خەمی "خەوەبەردێنە"یە وەک ئەوەی ژیان بە کۆتایی تاریکی یەوە هەڵ واسرابێ :

ئەزانم ئەوانەی کەپاراوی
ئاون ،بژارن
ئەزانم لەرێگا مەترسی
گەلێ ژەنگ وژارن
بەڵام کاکە
ئەوگشتە
عەقڵی خەسارن
لەناوئەوهەموئاوە
هەرچاوەیەک باوی هەنگاوی،
خۆشە
بەتەنیا ئەوە شارەزای کۆسپ
وکەندالی رێ یە
هەوەڵ مەنزڵی زێ یەئاواتی
بەرزی زرێ یە
ئەزانێ لەهەڵدێرەهاتیبەهێزی
لەئەسکوندو چالایە هەڵدان و
گێژی
پەڕۆی شینی سەرشانی دەریایە
ژینی کەرێزێ
ئەزانێ لەپێ ناکەوێ
پێ یە ، پێڵاوی تاسەی پیاسەیلە
پێ بێ
نەوەستان ئەوەستێ بەدەستێ
کەخاراوی ئێش وسواوی
سوێ بێ
لەهەرشوێنێ راماوە، داماوە
کاری کراوە
ئەزانێ ئەبێ
هەربژی وباژوێ تابژی
تابمێنێ
هەناوی بەهەنگاوە
نەسرەوتنە ،کوولەکەی رۆحی
ئاوە

شاعیرێکی گەورەی وەک"سوارەی ئیلخانی "هەر بەوەندە مەیسەر نابێ، بەڵکوو بەئومێدی ئەوەی لە دەرفەتی تردا بتوانم زۆر مەسەلەی شیعری بەرزی ئەم شاعیرە جوانەمەرگە ، نەمرەبە وردی باس بکەم .

تێ بینی :

سەبارەت بەوەی " سوارەی ئیلخانی زادە" بەجێ یە یا "سوارەی ئیلخانی" من پێم وایە "ئیلخانی" دروستە زۆر لەو نووسەر وشاعیرانەی کوردستانی ئێران کە من دیومن وئاشنایيم پێ یان بووە ،"ئیلخانی" بە راستدەزانن نازانم بنەماڵەی شاعیر خۆیان ڕایان بەکامیانە روون کردنەوەی ئەمەش زۆر پێویستە لە مەسەلەی ئەدەبدا و هەروا شتێکی سەرپێ یی نییە .



لەچلەمین رۆژی مەرگی مامۆستا هێمن دا ،کۆبوونەوەیەکی زۆرگەورە لە شاری مەهاباد پێک هات بووشاعیران ونووسەرانی سەرانسەری کوردستان تەنانەت مامۆستایانی دوور ولاتیش لەم کۆبوونەوەدا بەشدار بوون. مامۆستا هەژار کەبەداخەوەلەو کاتەدا بەهۆی نەخۆشی یەوە نەیدەتوانی بێتەکۆڕەکە ، ئەوشیعرانەی ژێرەوەی بۆشینی هێمن ئامادە کردبوو. قەرارابوو هاوکارێکی ئێمە بڕواتە خزمەتی وەریان گرێ وبۆرۆژی کۆبوونەوەکەبۆمان بێنێتە مەهاباد کەبەداخەوە لەبیری دەچێ وبەوەخت شیعرەکەمان پێ نەگەیشت. لەسەر داخوازی جەماوەری خوێنەرانمان ئێستا ئەوشین گێڕی یە بلاودەکەینەوە.

شین گێڕی

«هەژار»

کاک هێمن برای شیرینم
چاوان دەگێڕم نات بینم
زل کوێران دەلێن مردووە
کۆچی یەکجاری کردووە!
دلەی پڕکولی هەژارم
گیانی بێ ئۆقرەوقەرارم
بەمەرگی تۆ باوەڕ ناکا
چۆن بێ منی لەتوێی خاکا ؟
تۆیەک هۆگری مندالیم
هاوشکلی وهاوکرچ کالیم

هەمدەمی دەمانی لاویم
تەواو کاری ناتەواویم
هاوهەنگاو لەرێی خەباتا
هاوبەش لەهات ونەهاتا .
هەوال دلداری کوردستان
هاوپێشمەرگەی زێدپەرستان
هاوسروود خوێن ،بۆئازادی[1]
بۆرزگار بوون لەبێدادی
هاوسەنگەر دژی داگیرکەر
نامۆی خوێن مژی سەرەخەر
هاوقەتار لەدەربەدەری
بەهەژاری وخاکەسەری
هاوقەلەم هاوبیروهاوهەست
هاوزمان،هاودل وهاودەست
هەریەکێک بوو "هەژارهێمن"
منیش هەرتۆبووم ،تۆش هەرمن
رووحێک بووین دابەش لەدوولەش
دوولەشی ماندووی بەخت رەش
پەیمان بووبەجێم نەهێلی
وێلم نەکەی لەشوێن خێلی
باری خەمۆیگرا هەل بگرین
دوا جاریش پێکەوە بمرین
تۆی کوردی واخاوەن بەلێن
چی تۆی کردە پەیمان شکێن.


گەوی بەین وبەقات هەلبوارد
خۆت بەئاسوودەیی ئەسپارد
لاباری خەم خواریت لادا
ئەویشت بەمل من دادا
جاڕزبووی لەدونیای بێ فەڕ
دونیای پڕلەدەزبڕی وگەڕ
دونیای وڕوگێژو کاسان
گەوهەر وئەمەگ نەناسان
دونیای بازاڕی نامەردان
دونیای خەم وکول و دەردان
خەلەسی لەدەم هارومار
تەکیەوە لەو ژینی گەمار
ژیانی پڕژانی بێ دەرمان
گەییشتیە هەواری هەرمان
بۆئەو کۆچەی بێ من کردت
ئەوبەشە خۆشیەی تۆبردت
زامی گیان ودل بەسۆیە
شین بۆخۆمە نەک بۆ تۆیە
خۆزگەبەرلەتۆ دەمردم
تۆشیوەنت بۆ دەکردم
دوور لەتۆدل گۆمی خوێنم
بەگازندە وەدەت دوێنم
منیش وەک تۆ قەلسم لەژیان
"بۆچت جێ هێشتم هێمن گیان"[2]

١ـ لێرەدا مامۆستا هەژار ئیشارە بە خەباتی دوو قۆلی خۆی و هێمن دەکا لە دژی رژێمی دیکتاتۆری پەهلەوی .

٢ـ ئەم دێڕەی دوایی بە حیسابی ئەبجەد دەبێتە سالی وەفاتی مامۆستا هێمن : (١٣٦٥)

ناسکە خان

ع. وەکیلی



ناسک کیژۆڵەیەک بوو تازە پێ دەگەیشت . وەک پنجەگوڵی سەردەمی بەهار ڕۆژ بە ڕۆژ جوان تر و لەبارتر دەبوو. سەرگۆنای ئاڵی ترووسکەی دەهات . زۆری شایی بەخۆ بوو. خودا خودای بوو زوو لەقوتابخانە بگەڕێتەوە وخۆی بگەیەنێتە بەردەمی ئاوێنەکە .

نیوەڕۆیەکی پایز لەبەر پەنجەرەی باڵەخانەکەیان دانیشتبوو سەیری ئاوێنەکەی دەکرد و پرچە زەردەکانی دادەهێنا

هەور بەری ئاسمانی گرت .ناسک هەر خەریک بوو پرچە زەردەکانی دادەهێنا . باران دەستی بە بارین کرد وئەوەهەرخەریکی داهێنانی پرچی بوو. دنیا بوو بەتۆف و باو باران و ئەو هەر پرچە زەردەکانی دادەهێنا!

لەنەکاو،پشووە بایەکی تووڕە پەنجەرەی کردەوە و ئاوێنەکەی بەرداوە خوار . ئاوێنە بوو بە دوو پارچەو ناسک گەلێک زویر وپەرێشان بوو. بۆئەوەی خەمی ئاوێنە لەبیر خۆ بەرێتەوە لە پەنجەرەکەوە سەیری دنیای دەرەوەی کرد .دیتی (بینی) بەوبارانە کۆمەڵێک منداڵ جانتایان لەبن قۆڵیان داوە و بۆ قوتابخانە دەچن. هێندێکیان بە دەنگێکی بەرز سروودێکی نیشتمانیان دەگوت کە ناسک لەواژەکانی حاڵی نەدەبوو .حەماڵێکی مەیلەوپیر عارەبانەیەکی پڕ لە بۆتڵەغازی (بوتری نوشابە) بە دوای خۆدا رادەکێشا . سەیرە بەو سەرمایە "غاز" بۆ خەڵک دەبا! لەوبەر شەقامەکە جەماوەرێکی زۆر لە بن چەتری چاوەروانی پاس " ئوتوبۆس) راوەستابوون. هێندێکیان ژن بوون . دوو منداڵیشیان بەباوەشەوە بوو پاسێکی سپی وەدەر کەوت ، جەماوەر خۆیان بۆ کوتا و لەبەر چاوان ون بوون .

ئەوجار ناسک سەری هەڵبڕی وروانیە دوور .ڕیزە شاخەکان ،لوتکەبەردینەکان هەڵمێکی سووکیان لێ هەڵدەستا . لە هێندێک حێ پەڵەمژێک کەوتبووە باوەشی چیاکان . ناسک لە دڵی خۆیدا گوتی :

ئای چەند جوانە ئەو هەورو هەڵمە نەرمە دەڵێی لۆکەیە !

بەڵام بەشێکی تری ڕیزە چیاکان لە تەم و مژدا شاردرابوونەوە. جار جار کەلێنێک لەو هەورانە دەکەوت وتیشکی ڕۆژ لە هێندێ لوتکەی بەرزی دەداو رووناکی دەکردنەوە. ناسک چاوی بەوە کەوت وگوتی :

" ئاخ ئەم لوتکە شاخانە بۆ هێندە دڵ بزوێنن ! دەڵێی هەڵاوەسراون. دەڵێی گوارەی زێڕن بە گوێی ئاسماندا کراون !

لەودەمەدا دایکی

ناسک هاتەژوور وگوتی :
ـ ناسک گیان من بە چێشتلێنانەوە زۆر ماندوو بووم. تۆ ژوورەکان هەڵوێژێرە.
ناسک گوتی :
ـ بەچاوان دایەگیان .
لەو رۆژەوە ناسک یارمەتی دایکی دەدا و لە جیاتی ئەوەی بەرامبەر بە ئاوێنەکە دابنیشێ و لە پەنجەرەوە بڕوانێتەدەورو، بەر وسەیری جیهان بکا، بە خۆشی یەوە کاران دەکا و سەرنج دەدا شتفێر بێ . وردە وردە زۆر شتی زانی و ناسی .منداڵ و ژن وکرێکار لادێیی و هەموو خەڵکی وڵاتەکەی ناسی .زانی ژیان چەند گەورە وهەراوەوچەند قورسیشە! زانی وڵاتەکەی چەندە مەزن و جوان و چەند دواکەوتووشە ! نرخی کاتی زانی ،یا کاری دەکرد یا گۆوار و کتێبی دەخوێندەوە بەیانی یەکئاوێنە بە ناسکی گوت :
ـ ناسکەخان(خانم) من لێتزوێرم (زیزم)
ناسک گوتی :
ـ بۆچی ئاوێنەکەم .من چیم کردووە ؟
ئاوێنە گوتی :
ـ بۆچی وەک جاران رۆژێ چەندجاران بەرامبەرم دانانیشی وسەیری نەمامی بەژن وباڵاکەت ناکەی ؟ "
ناسک گوتی :
ـ ئاخر چ سوودێکی هەیە من کاتی خۆم بەدیار تۆوە بکوژم .من دەمەوێ بخوێنم و سەرکەوم دەمەوێ شتفێر بم یارمەتی دایک و باوکم و هاووڵاتی یەکانم بدەم.
ئاوێنە گوتی :
ـ تۆجوانی و ئەوەندەش بۆتۆ بەسە. جوانی هەموو شتە !
ناسکگوتی :
ـ ئاخر تۆ هەر وێنەی خۆمم نیشان دەدەی. فێر ی خۆپەرەستیم دەکەی ،خۆ ژیان هەر من نیم ! ئەی دایک و خوشک وبراکانم ؟ ئەی هاو- ڕێکانم ؟ ئەگەر من هەرتۆ بناسم ناتوانم لە خۆم بەولاوە کەس بناسم "
ئاوێنە گوتی :
ـ ناسکەخان تۆ جوانی و منیش یارمەتیت دەدەم. جوانترین کوڕیش حەز لەو جوانی یەت دەکەن .
ـ ئاخر تۆ هەر جوانی دەموچاو ورواڵەت دەنوێنی. ئەی جوانی دڵ و دەروون ؟ ئەی جوانی بیرکردنەوە ؟
ئاوێنە گوتی :
ـ دڵ ودەروون و هۆشی چی ؟ کوڕان هەر حەز لە جوانی رواڵەتودەم و چاو دەکەن .تۆشئەوەتهەیە .
ناسک گوتی :
ـ ئەو کوڕانە هەرزەکار و خۆپەرستوبێ ئەزموونن. ئاوێنەگیان ئەو کیژانەی تەنیا جوانی رواڵەت و سووڕەتیان هەیە وەک تۆ ساف و ساویلکەن وبەپشووە بایەک دەشکێن . تۆ ئێستا بوویە دوو لەت. دەتوانی ببیەوە ئاوێنەکەی جاران ؟
ئاوێنە گوتی :
ـ نا !
ناسک گوتی :
ـ ئەگەر منیش تێ نەگەم و هۆش وبیرم دەکار نەکەم بە پشووە بای هەڵەیەک. دەشکێم، ئەوسا برینێکی گەورە دەکەوێتە ژیانمەوە وبۆم سارێژ ناکرێتەوە پێتخۆشەبشکێم وخۆنەگرمەوە
ئاوێنە گوتی :
ـ ناسکەگیان . بمبوورە من خۆپەرستم . دەمەوێ تۆ هەر بۆمن بی ، دەمەوێ چاوی بینین (دیتن) وگوێی بیستن وزبانی گوتن وهۆشی فێربوونت لە سینگمداحەبس کەم .بەڵام تۆ مرۆڤی ، تۆ زۆر گەورەی ، تۆ لە مندا جێتنابێتەوە .تۆ دەتوانی ئەم جیهانە گەورە بناسی. تێی بگەی ،بیگۆڕی ، بەڵام من پارچە شووشەیەکم. نە دەتوانم بیربکەمەوە. نە دڵم هەیە ونە هەست ."
ناسک دەستی کرد بە پێکەنین و زۆر دڵخۆش بوو کە ئاوێنەکەی بەزاندووە و لەخۆ پەسندی و خۆپەرستی رزگار بووە .

جگەرخوێن

رەحیم لوقمانی



شاعیری ناودارونەمری کورد ، جگەر خوێن یەکێکە لەو شاعیرانەی کەخزمەتی زۆری بە زمان وئەدەبی میللەتەکەمان کردووە ، بەرهەمی چاکی پێشکەش گەل وولاتی کردووە ، لەم رێ یەدا بەسەرهەزاران کۆسپدا هەنگاوی ناوە هەتا دوایی ترپەی دلّی تێکۆشاوە هەر لەسەرەتای ژیانەوە ئەویندار ی گەل ونیشتمانی خۆی بووە وکوێرەوەری ودەربەدەری زۆری دیوەهەموو کوردستان گەڕاوە . ولەدەشت وچیاوکانی وهەواردا هەست و سۆزی وەکولّ هاتووە وهاواری کردووە :

دلبەرجوانوشرین ورِندە
شۆخ وشەپا لەبەژن بلندە
سەری گهایە بەرتا جێگەردوون
ل سەرسەرێ وێ تاجا فەرەیدوون
ب ژێردە بەردان گولیورەش
بسک .

کراس بهارە سۆروزەرو کەسک
دورِوجەواهر ژێ دێنەخوەش روو
کەڤانێ بەهرام چوبینەئەبروو
هێستر ژچاوان جۆبارو رووبار
ل سەرمەبگری نالین وهاوار

جگەرخوێن ناوی " شێخ مووس"ە وباوکیشی ناوی "حەسەن"ە . سالّی ١٩٠٣ میلادی لەگوندی "حەسار" سەربە باژێڕی ماردین لەکوردستانی تورکیا هاتۆتە دونیا .هێشتا مندالّ بووە کەباوکی چووە بەر رەحمەتی خوا . سالّی ١٩١۴ میلادی کە شەڕی یەکەمی جیهانی دەستی پێکرد ،کوردستا ـ نی باکووروباکووری رۆژهەلاّت بووبە چەپەرەکانی شەڕی نێوان عوسمانی ورووس لەبەر ئەوشەڕە قاتی وکولپ لە سەرانسەری کوردستان دەکەوێ .بەشێکی زۆر لە . کوردان نیشتمان وزێدیان بەجێ دێلّن وبەرەو جەنووب و جەنووبی رۆژاوایی کوردستان هەلّدێن، کورد بەم سالّی هەلاّتن وبرسیەتی، سالّی قوت و بڕو کوشت وکوشتار ،" سالّی سەفەر بەگلک " دەلّێن. تا

ئێستاش پیرەپیاوان وپیرە ژنانی کەئەو کارەساتەیان بەچاو دیوە ناوی " بشیری" و "دەشتی حەران "یان لەبیر ماوە. مالّی " جگەرخوێن"یش لەو هەلّاتنە بێ بەش نەبوون ئەوانیش ئاوایی " حەسار" بەجێ دێلّن ولە گوندی " ئامۆدی" لەکوردستانی سووریا نیشتەجێ دەبن بەشێکی زۆر لەکوردانی راکردوولەبەر گەرمای بەتینی ناوچەکانی " حەران" و"بشیری " لەنێو دەچن. دەگێرنەوە لەوناوچانە ـ دا بایەک بەناوی"بای سام" دەهات کەدەبوو بەهەگەری مردن ولەنێو چوونی رەوەندەکان. دایکی " جگەر خوێن"یش وەبەر ئەو بایە دەکەوێ و دەچێتەبەرڕەحمەتی خوا وجگەرخوێن هەر یەکجار هەتیوو سێوی دەمێنێتەوە. مردنی دایکی تەئسیرێکی زۆری لەسەردادەنێ.

جگەرخوێن وەک تەواوی منالّەکانی ئەوسەردەمەی کوردستان خوێندنێکی تەکووزو بەردەوامی نەبووە، لەهەر شوێنە شتێک فێربووە،لەکن هێندێک مەلا دەرسی مەلایەتی خوێندووەو بەفەقێ یەتی زۆر شوێنی کوردستان گەڕاوە بەشی زۆری دەرسەکانی لەلاجانی خانێ لەکوردستانی ئێراندا خوێندووە.پاشان گەڕاوەتەوە بۆ کوردستانی تورکیا ولە گوندی "تێل شیر"ی لەکن مەلا "سەیداعوبەیدولاّ" دەرسی خوێندووەولەکن برای ئەو مەلا فەتحولاّ ئیجازە نامەی مەلایەتی وەرگرتووەوبووەتە مەلا. تا سالّی ١٩٢٤ میلادی لە کوردستانی تورکیادا شۆڕشێک بە سەرۆکایەتی شێخ سەعید دەست پێدەکا. مامۆستاش لەو شۆڕشەدا هاوبەش دەبێ وهەر ئەوسا بەهۆی شیعری نیشتمانی دەبێتە شاعیرێکی بەناو بانگ،بەلاّم ئەوشۆڕشە بە کوشت وبڕی کورد تووشی شکەست دەبێ. "جگەرخوێن"یش کەئەوساسەرتەنیا بووە دەگەڕێتەوە زێدەکەی خۆی " گوندی حەسار"ولەوێ لەسالّی ١٩٢٨ لەو دێیەدا ژن دێنێ وبەرەوکوردستانی سووریا، دەگەڕێتەوە ولەوێ دەبێتە مەلای گوندەکانی کوردستان، بەلاّم مامۆستا هەرلەسەر نووسین و شێعر گوتنی نیشتمانی بەردەوام بووە بەرەبەرە بیرو باوەی پێشکەوتوولەشیعرێدا سەرهەلّدەدا. بەگشتی شێعرەکانی باسی میللەتی هەژار وبندەست، زۆرداری و، دەرەبەگایەتی دەکا.بەرامبەر دوژمن وکۆلّەداران رادەوەستا ودەیگوت:" ئەزدکم ب ڤی شووری سەرێ وە ژێکم."سەیدا دەردی ژاری وپەریشانی و بەلەنگازی بەکیان ودلّ هەست پێدەکرد. میللەتی مێرخاس و کەونارای دەدی کەپەست و بندەستن وژیانیان ژانە. هەر بۆیە ناسناوی " جگەرخوێن"ی بۆ خۆهەلّبژاردووە ـ هەمیشە بەدەنگی بەرزوبانگی بلّیند وبوێرانەی کۆمەلّی هەژار وبێ دەستانی بۆ وشیاری و رزگاری گازدەکرد،بەتایبەت رووی دەکردە پیاوانی دوارۆژو دەیگوت :

وەلاتێ من :

وەلاتێ من تویی، بووکا جهانی
هەمی باغ وبهەشت ومێرگ وکانی
شەپالّ وشەنگ وشۆخ ونازو گولڕوو
گەلەک شیرین ورند وپڕ جوانی
سەری تاجا سەلاحەدینی کوردی
ئەنی رۆژا دبورجا ئاسمانی
دوبرییێن تەکەوانێ روستەمێ زال
دو زولفێن تەژتیرێن قەهرەمانی
روویێ تەئاگرێ زەردەشت ومەزدەک بخوێنە ببینە مروڤێن شیار
ژتە هێسر شەرابا کامرانی جهان سەرستێرا ن تەنێ بەندەوار
دوچاوێ تەوەکی دەریای هورمز خاندن نەبە کەس ناچە پێش
کەپۆ ئالماسە کارێ مووش و وانی پەیدا دبن پردەردوئێش
دولێوێن تە کتێبا حاجی قادر هەردەم دبن دەستێ نەیار
زمانێ تە ژبەندا شێخێ خانی ئەم دێ بدن خۆلی وبێش

لەشۆڕشی ١٤ تەمووز لە عێراق خۆی گەیاندە ئەوێ سالّی ١٩٦١ تا ١٩٦٣لەزانستگەی بەغدا بەشی کوردی مامۆستای

زمان وفەرهەنگی کوردی بووەو کتێبێکی بەناوی " ئاڤاودەستوورا زمانی کوردی" وفەرهەنگێکی بەناوی"فەرهەنگا کوردی" نووسیوە . ساڵی ۱۹۶۹و ۱۹۷۰ لەریزی شۆڕشی‌کوردستانی ئێراقدا بوو. پاشان گەڕایەوە سووریە ولەساڵی ۱۹۷۳ بۆچاپ‌کردنی دیوانی خۆی (کیمەئەز) چوەبۆلوبنان هەتا ۱۹۷۵ لەوێ مایەوە. پاشان گەڕایەوە سووریە تا هاوینی ۱۹۷۸ لەقامیشلی بوو. ئینجا بەچاپ‌کردنی دیوانەکەی چووە سوئێدوچوار کتێبی لەوێ چاپ کرد .ئەمەش بەرهەمەکانی جگەرخوێنە :

۱ـ دیوانا یەکان شام ۱۹۴۵

۲ـ سەورا ئازادی شام ۱۹۵۴

۳ـ کیمە ئەز ؟بیروت ۱۹۷۳

۴ـ روناک ستوکهۆلم ۱۹۸۰

۵ـ زەندئاڤێستا ستوکهۆلم ۱۹۸۱

۶ـ شەفەق ستوکهۆلم ۱۹۸۲

۷ـ هیڤی ستوکهۆلم ۱۹۸۳

هەروەها سالار ومیدیا کە کورتە چیرۆکە وبە شێوەی‌شێعر بڵاوی کردۆتەوە بیروت ۱۹۷۳، جگەلەمانە کەشێعرن، چەن بەرهەمی دیکەش بڵاوبۆتەوە کە ئەمانەن :

جم و گول پەری ـ چیرۆک شام ۱۹۴۷

رەشۆیێ دارێ چیرۆک شام ۱۹۵۶،

گوتنێن پێشیا ـ (پەندی پێشنیان) شام ۱۹۵۸

ئاڤاو دەستوورا زمانی کوردی(رێزمان) بەغدا ۱۹۶۱

فەرهەنگا کوردی۱و۲ـ بەغدا ۱۹۶۲،

ئەم‌سێ کتێبەشی وەرگێڕاوە ـ تە سەرزمانی کوردی **رقەبەری لەسەر ـ کوردستان ئاخەلفین ـ پەرتووکی‌کوردان وچیرۆکێکی فارسی،** ئەمانە و دەیان وتار وشێعری دیکەی لەرۆژنامە وگۆڤارە کوردییەکاندا بڵاو کراوەتەوە،.

شیعرەکانی جگەرخوێن لە زۆر بابەتان دەدوێن زۆربەی باسی کۆمەڵایەتی ونیشتمان وئاشتی وئازادی وبرایەتی گەلان دەکا . شیعرەکانی‌سەرەتا بەشێوە کلاسیک وبەناوەرۆک نیشتمانی ورۆمانتیک بوون پاش شەڕی جیهانی دووهەم شێعری ئەمیش وەک هی زۆربەی شاعرانی کورد گۆڕانی بەسەر داهات .ئەڵبەت بەشێوەکەمتر گۆڕان بەلام بەناوەرۆک بیرو باوەڕی نەوەی پاش شەڕ بەسەر شیعریدا زاڵ بوو.

هەروەکوو پرۆفسۆرقەناتی کوردو لەپێشەکی " زەند و ئاڤێستا " نووسیویە :" جگەر خوێن لەریێ خۆیدا بەئەفراندنی خۆی بەحرێکی پان وبێ بن بوو گەلێ گرانە هەرمرۆڤێک لەو بەحرەیدا مەلە بکا . ئەوە کەسێکی دەوێ مەلەوان وپسپۆربێ مرۆی پسپۆر وشارەزا نەبێ کەس ناتوانێ دوڕ وگەوهەری نووسینەکانی مامۆستا بزانێ، مرۆ تەنێ دەتوانێ بلێ کە جگەرخوێن ئۆستای شێعر و نووسەری زمانی کوردی بووەو شێعرەکانی بەناوبانگن وبۆ کورد وکوردستانی نووسیوە و دژی ئەمپریالیزمو داگیرکەر بووە."

جگەرخوێن لەو کاتەوە نیشتمانی جوانی خۆی بەجێ هێشت وتەرەی ولاتانی بێگانە بوو .هەمیشە ئاوات وداخوازی خلاسی وگەڕانەوەی بوو، کە دەیگوت :

مەبێژن سەیدا جگەرخوێن بوویە کال
دڤێ بمینم هەتا دلبەر ببینم

بەڵام داخێکی گرانەوە ئەم ئاواتەی وەدی نەهات وئاخریش لە۸۴/۱۰/۲۲ لەولاتی غەریبایەتی (ستوکهۆلمی سوئێد)پاش ۸۱ سال کوێرەوەری و دەربەدەری وجگەرخوێنی،دڵی گەرم‌وبەسۆزی لەلێدان کەوت وسەری نایەوە . هەرلەسەر وەسیەتی خۆی، جەنازەکەی برایەوە بۆقامیشلی وئەسپاردەی خاکی ولاتەکەی کرا.

رۆژی ۱۹۸۴/۱۱/۵ نەتەنیا خەڵکی شار بەڵکوو دەیان هەزار کەس‌لەدوور ونزیکەوە چووبوونە پێشوازی جەنازەکەی وهەموویەک دەنگ هاواریان دەکرد :" جگەرخوێن نامریت ئەوی سەیدا"

کەوشی بلە...!

ع: میهەن توور

شەوێکی فێنکی پایز بۆ گەڕان چوومە نێو شار. منداڵ لە کووچەوکۆڵانی شار خەریکی کایە وهەڵبەز هەڵبەز بوون. گەورەش وردەوردە دەهاتنەدەر. چرای شەقام تاریکی تاراندبوو شار هەرتروسکەی دەهات.

لەسەر کووچەیەک چەند منداڵ هاواریان دەکرد.

ـ بلە! دزە! بلە! دزە

لەپێشدا وامزانی ئەوەش جۆرەکایەکی منداڵانەیەچون، منداڵی ئێمە مانان هەرکە قسەیەکیان کەوتەبەرزار پێی هەڵدەبەزن وماوەیەک خۆی پێوە دەغافڵێنن بەڵام هەرکە وەڵامی ئەم قسەم بیست سەرنجی بۆلای خۆ راکێشام.

مێرمنداڵێکی لاواز لە وەڵامی ئەم منداڵانەدا دەیگوت:

ـ بەخودای من دزنیم!

منداڵێکی خرپنەی تووش لێی چووەپێش وگوتی :

ـ ئەی باشە ئەگەر دزنی ئەم کەوشەتازانەت لەکوێ بوو؟

یەکی دیکەلەولاڕا هەڵیدایە وگوتی:

ـ بابە دەوڵەمەندەکەی بۆی کڕیوە!

ئیدی بەم قسەهەموولەقاقای پێکەنینیان دا

کوڕە وەجواب هات وگوتی :

ـ وەڵڵاهی نەمدزیون! کڕیومە! بەئێوەچی ؟

دیسان منداڵە خرپنەکە سینگی رەپێش خست وگوتی:

ـ دزیش دەکەی ، درۆش دەکەی؟ ئاخر هەتیوە ئەتۆ ئەگەر پوولت هەبوو کەوشی بریقەدار وجوان بکڕی، بۆچی کراسێکت نەدەکڕی؟ کراسەکەی بەرت دەڵێی گجوولە کایەیان پێکردووە!

دیسان منداڵ وەپێکەنین کەوتن ودەستیان کردەوە بە بلەدز! بنەدز!


کوڕەکە کەئەوجار لێم حاڵی بوو ناوی بلەیەگوتی:

ـ ئەرێ ئەنگۆ دەڵێن چی؟ کەیفی خۆمنیە؟ کراسی ناکڕم کەوشی دەکڕم!

ـ جائەمە بۆتۆمانە بەدبەخت. رەق هەڵدێی هەموو لەشت بەدەرەوە. چاولەگۆشتی سەرشانت بکە دەڵێی قایشی هەمەدانە!

ـ خوداش بەشی منی واداوە زۆرشوکر!

ـ ئای! ئای! هەتیوە دزە چۆن باسی خودا دەکەی.



ئەتۆ دزی ! ھەر ئێستا ھەڵێ ئەم کەوشانەت لەکوێ ھێناوە ، بەرەلەجێی خۆی دانێوە!

یەکی دیکەھاواری کرد :

– جاخودا لەوەخرابترچی لێ بکا ؟

– کورە ئاخربۆچیتان وایە من دزم ؟ تائێستاچتان پێوە دیوم؟

– ئای!ئای ! کورەشەرمبکە لەبیرتەپێرار لەبەر دوکانی میرزا قاسمی مات ببووی! پاشتاوێک پرتدا ھەنارێک وەھەلاتی ! ئەویش زوو رێت کەوت ولێی ستاندیەوە ! ئەتۆش گریای ونازانم چت پێگوت ئەویش دەستی گرتیو ھێنایەوە دوکان وپاکەتێکی ھەناردایەی!

– بەدی ! خۆحاشاناکەم! خوشکم نەخۆش بوو ،بابیشم پوولی نەبووبۆی بکڕێ . منیش ھەر تمەنێکم پێ بوو میرزاقاسمیش بایی تمەنێکی ھەنار پێ نەفرۆشتم دوایە ،حالێمکرد ئەویش پاکەتێکی ھەناردا مبێ

منداڵ وێکرا لێیان لە ھەڵلادا ودیسان بلەدزە! بلە دزە!دەستی پێکردەوە زۆرسەیر بوو! لەتاوئەوکورە جەرگم جەرگی دەخواردەوە بەلام ھیچم لەدەست نەدەھات . لەلایەک زگم بەھەژاری ئەوکورەدەسووتا ولەلایەک لێی ناڕەحەت بووم کەبۆدەبێ کەوش بدزێ . ئێمە ھەژارمان زۆر دیتوون بەلام سەرەرای ھەژاری ئەگەر شەو برسی وتوو نی سەربنێنەوە ، ئامادەنین وەھا کارێک بکەن! جاچۆن دەبێ دایک وباب منداڵ ئاوا باربێنن کە لەبن سەوەتەوە فێری لارێ یی و دزی ببێ .

وردەوردە چوومەپێش . بلە ھەرکە چاوی بەمن کەوت،شلەژا گوتم :

– کوڕە چت دزیوە؟

– کاکە بەخودای ھیچم نەدزیوە. ئەوانە درۆدەکەن لە خۆڕا بەتەمان وام بەستۆدا – بێنن . پێیان وایەمن ئەو کەوشانەم دزیوە

چاوم بەلاقی کەوت جووتێک کەوشی رەشی بریقەداری دەنواند چاوێکم لێکرد ورووم لەبلەکردەوەوگوتم :

– ئەدی لەکوێت بوو .بلە؟

پێت نالێم کاکە! ... پێت نالێم .

ئیدی چاوم عەرزی نەدی گوێم گرت وگوتم :

– ئەگەر راستی نەلێی پیس دەبینی

بلەگوتی :

– کاکە وامزانی لەسەرم دەکەیەوە. ئەتووش باوەڕم پێ ناکەی؟

– ئاخر کوڕە ئەتۆ دزیشت کردووە ، ھاواریش دەکەی ؟ راستێ بلێ وخۆت خەلاس کە! برا گیان دزی خراپە! بۆخۆت نازانی ؟

– با،زۆرباش دەزانم بەلام بەخودای دزیم نەکردووە بە قەبری دایکم بەگیانی بابم دزیم نەکردووە !

– باشە وەرە ماڵەکەتانم پێشان بدە بابزانم بابت کێیە ؟

– بابم نیە ؟ .....

وامزانی ئەومش ھەردرۆیە چون زۆرجاران بەمنداڵی من بۆخۆم شووشەم دەشکاند یاتلتە باینجانم بەخەلک دادەدادوایە ئەگەر دەیانگرتم دەمگوت بابم نیە وسەغیرم . دلیان نەدەھات لێم بدەن . بەرەڵلایان دەکردم . گوتم :

– دایکت چی ؟

– وەللاھی دایکیشم نەماوە تەنیا من وخوشکەکەمین .دادە ھەمینم لەمن گەورەترەکەسی دیکەشمان نیە!

وەخت بوو ئاگر بگرم نەمدەزانی درۆدەکا یاراست. بۆلێک نەدەبۆوە . بەلام ئاخر ئەم ھەموو درۆیە دەبێ؟

ھێندێک تێی رامام تەمەشام کرد کیژۆلەیەکی جوانکەلە لە دوورەوە دەھات . بلەگوتی:

– ئەوەخوشکمە ھیچی پێ مەلێ ! بۆوەی بیترسێنم گوتم :

– بەرێ وەللا ھەمووشتی پێدەلێم . خوشکی ھاتەپێش و بێ ئەوەکەسلاو بکا رووی لە براکەی کرد وگوتی:

– ئافەرین بلەئەوە بە قسەت کردم ئاوا بەقسەی خوشکی خۆت دەکەی؟ حەیاناکەی دزی دەکەی؟ ئەوکەوشەت لەکوێ بوو؟ زووھەستە بیدەوەبەسێحە

– بــی .
بلەدەستی بەگریا ن کــــرد . مندا ڵ دەورەیا ن دابووین کەس متەقی لەبەر نەدەهات . کیژە کــەگوتــی :
– کاکە ئەوکەوشانەئیتۆن؟
– نا وەڵڵا خوشکم! مـــــن ڕێبوا رم ئاگام لەهیچ نــەبوو بێرەدا رادەبردم . لەپڕدیتــم هەڵڵا یەوها تمەپێش .
کیژەکەبێ ئەوە چاوی لـــە من بێ رووی لەمندالاّن کـــردو گوتی:
– چتا ن دەویّ بــــۆ وەک شڵغەمێش دەورەو داوین .
مندا ڵ سەریا ن بەرداوە و یەک دووهەنگاو دوورکەوتنەوە. بەلاّم بەیەکجاری ئەوێـــیا ن بەجێ نەهێشت.کیژە رووی لــە بلە کردوگوتــی :
– تا زە خوشکت نابم . هــەر کوێ یەک دەچی بچۆ .کارت بــە من نەبێ . من برای دزمناویّ !
ئەوجار دەستی کردبەگریان وگوتی:
خودا دایک وباب وبــــرا ی پێوەرەوا نەدیتم وهــەمــووی لێ ستاندم تەنیا تۆ مـــاوی! تۆش دزی دەکەی؟ بریا تـــۆش نەمابای بەلاّم دزیت نەکـــرد- بایــە !
بلە خۆی پێ رانەگیـــــرا بەگریانەوە گـــوتی:
– چون دادە تۆش پێت وایە دزم؟
– ئەدیدزنی چــی ؟ ئـەو کەوشانەت لەکوێ بووە ؟

– کوا کەوش ؟
– ئەوەتا ! دەیبلێ کەوشیشم نەدیوە . حەتمەن بـۆخــــۆی هاتووە! براقەتم نەدیوەکاری وابکەی؟ ئەوەچیە ؟
– کچێ دادە کــوا کـــەوش؟ ماڵتە ئێوە هەمووتان کوێرن



بەم قسە هەمووسەیـــــری ، لاقی بلەمان کرد دەتگوت لـــە شتێکی شاراوە دەگــــەڕێـــن دیتما ن راست دەکا لاقی رەنــگ کردووە . خۆکەوش نیە! تــەنیا تاوێکی ئێمەی هەڵخەلەتاندووە
بلە درێژەی بەقسەدا وگوتی
– ئێوارە میرزا جـەلیلــی پینەچی شووشەی بەتـــاڵـــی جەوهەری کەر - نی فرێدا منیش هەڵم گرتەوە وچۆڕێکـــم ئـاو تێکرد ودەلاقم هەڵسوو . ئاخر دوێنێ شەو پێخواس بــــووم . مندالە وردکە هەراسیا ن بــە روحی هەڵگرتم گوتم بالاقــم رەنگ بکەم بەڵکوو وابزانـــن کەوشم هەیە ودەستملـــێ هـــەڵ بگرن.

بەراستی شەرمم کردئەوا ن منداڵ بوون ونەیاندەدیــــت خۆمن گەورە بووم . دەبادیبام ئەی بۆچی گوێچکەی ئەم مندا... گرت وبامدا ؟
بەشەرمەساری یەوە ســـەرم بەرداوەوکۆڵانە کەم بـــەجێ هێشت هیچم پێ نــەدەگوتــرا تەنیا رووم لەئاسما ن کــــردو گــوتـــم :
– خودایە هەڵی نەگری !!

ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی

زەنبیل فرۆش



جا دەڵێ زۆری لەوموناجاتە کرد ولەوێڕا خۆی فڕێ دا خوارێ ئەگەر خۆی فڕێدا خوارێ وادەگێڕنەوە وەکوو کەمەند ـــ ێکی دەنێمو قەدی خەی بەو ئەندازەی کەوتە سەر زەمینەوە بێ وە بۆماڵێ ،وەختێکی کە گوڵ فەتەکەی گەڕاوە هاتەوە کن خاتوونێ .خاتوون کوتی :

ماشووقی منت چ لێ کرد.

کوتی :

خاتوونە بەرگی نوێت لێ موبارەک بێ .ئەوپیاوە دەستی کرد بە موناجات لەبەر خودای پاڕاوە ئەمن لەوێ ڕاوەستابووم لەسەر ئەو باڵەخانەی ڕا خۆی فڕێدا خوارێ.وەڵڵاهی لەخوارێ بەچاوی خۆم دیتم هیچی لێ نەهات .ڕۆیشتەوە بۆماڵێ .

جادەڵێ ئەگەر زەنبیل فرۆش ڕۆیشتەوە ماڵێ ،چۆوە بە خێزانی کوت :

برۆ بۆسەرا پەردەی خاتوونەی زەنبیلەکانم لەوێن هەرجەندەی گێڕایەوە دانەی چاردەشاییە ئەگەر هیچی نەگێڕاوە، بیان هێنە و وەرەوە.

دەڵێ وەختێکی خێزانی زەنبیل فرۆش ئەگەر هاتە کن خاتوونەی،خاتوونە لەوێ چاوی پێکەوت کە ئەوە خێزانی زەنبیل فرۆشە چەنگێکی زێڕ دەکۆشی کرد و ژنی زەنبیل فرۆش لەخۆشیان هاتەوە بۆماڵێ .

ئەگەر هاتەوە کن زەنبیل فرۆشی کوتی : ئەوە چیە لە کۆشت دایە ؟

کوتی :

وەڵڵا خاتوونە چەنگێکی زێڕ

داوەمێ.

کوتی : داوەرە پێشێ، کە وەختێکی لێی چووە پێشێ ،دەڵێ ئەگەرفووی پێداکردن هەموو بوون بە زەرگەتە وژەنگەسوورە بەسەر وگوێلاکیانەوەدا ، هەموو دەموچاوی هەستا .

کوتی مەعزی ڕەزای خودای زەنبیل فرۆش بۆم وەکوو خۆی لێ بکەوە تاکوو بیان بەمەوە، بۆ خاتوونەی .

جا وا دەگێڕنەوە دەڵێ فووی پێداکردن بوونەوە زێڕ و بردنیەوە بۆ خاتوونەی ئەگەر چووە کن خاتوونەی ،

خاتوونە تەماشای کرد هەموو دەم وچاوی ئەستوور ببوو

کوتی ئەوە چت لێ بەسەر هاتووە

کوتی خاتوونە وڵڵاهی کە فووی پێداکردن بە جارەکێ بوون بە زەرگەتە وژەنگەسوورە هێندیان پێوەداوم ئەوەهەموو بۆیە وا دەموچاوی من وای لێ هاتووە.

جا کوتی ئەگەروابێ ئەوە پیاوی خودایە ،ئەتۆش زەعیفە هەڵبەتە هەوەڵێ خانم بوویە ئەگەر ئەتۆ ئەلحانەکانێ بەو ئەندازەی ڕەفتارێ بکەی تاقەت نایەنێ ئەتۆ پێملەکن مەبرە ئاموشۆیە بکە وەرەکنم ئەمنیش لە هەموو شتێکی مولا- حەزەت دەکەم.

دەڵێ خێزانی زەنبیل فرۆش فریوی خوارد، دە حەفتەیدا جارێک دوو جار سێ جاران دەچووە کن خاتوونەی هەتا وای لێ کرد دڵی نەرم کرد .

کوتی چ شەوێکی ئەگەر زەنبیل فرۆش دەگەڵە تۆجەمع دەبێ پێم بڵێ . کوتی هەر شەوی جومعانە . شەوی جومعانە بە درەنگەوە ئەگەر زەنبیل فرۆش هاتەوە ئەمن گۆزەڵێکی ئاو بۆ لەسەر کورسی دادەنێم نانێکی رەقی بۆدادەنێم ،نانە رەقەکەی دەخواو دەگەڵم دێتە دەجێ یەوە.

دەڵێ ڕۆژێکی قەراروبریا- ری دانا بەو ئەندازەی کە پێی کوتبوو لیباسەکانیان هەموو گۆڕیوە فەقەت خاتوونە لەخۆشیان لەبیری چوو ئەگەر بازنە وخرخالی لە دەستی دەربێنێ،پاوانەی هەر دەلاقی دابوو.

بەڵێ دەڵێ بەوتەرتیبەی کە پێی کوتبوو هەمووی ئەنجام دا کە شەوێ دەگەڵی چوو دە جێگایەوە دەستی وەباسکی کەوت ئەوە بازنەی تێدایە ، خرخالی تێدایە ، ئەگەر لاقی درێژ کرد لاقی وەلاقی کەوت تەماشا دەکا ئەوە پاوانەی تێدایە دەڵێ فکری لێ پەیدا بوو پیاوی خودای لەخەراپەی بەدوورن .

کوتی یارەبەنا دەبێ خاتوون ئەو عەیبێ لە من نەکردبێ مەرتەقی لە خۆی بڕیبوو خاتوونە هیچ دەنگی نەدەکرد .ئیدی هەرخێرایەکی لاقی بەعەرزی داداو هەڵات .

ئەگەر هەڵات بۆدەرێ لەپشتەوە -ڕا وادەگێڕنەوە دەڵێن شاقەلی پچڕی کەوتە سەری بە نێو شاریدا هەتا لە شاری هێنا دەرێ . دەڵێ چوار ڕێیانەک بوو لەچواررێیانەکە بەئیرادەی خودای لەپێش چاوی ون بوو.جا بەعەزێک دەڵێن عەرز قەڵەشیوەتەوە و چۆتە تێوی.ئەمن دەوێدا نازانم ئەمن وام بیستووە لەوێ لە پێش چاوی ون بووە.

ئەگەر لەپێش چاوی ون بوو لەو جێگای خاتوونە جێ بەجێ هێنای ئەوجێگای نیشانە کردبۆ سبحەینێ میعماری هێنا سەرێ. سەختوو مانێکی لێ سازکرد عیماراتێکی وای لێ سازکرد ئەگەر دەو شاری دا هەوتای نەبوو.

دەڵێ زەنبیل فرۆشیش بە ئیرادەی خودای دەسووڕاوە لە مەملەکەتی دیکە .لەمێژسالێ بوو دەگەڕا بەئەندازەیەکی وا کە وەختێکی ڕێی دەوێکەوتەوە بۆخۆی پیر ببوو ،جائیدی خودا دەزانێ کەچەند سالی پێ چوو ئەو خاتوونەش ئەگەر ئەو عیماراتەی سازکردبوو مەعمووری دانابوون هەر مەنزووری ئەوە بووکەزەنبیل فرۆشی وەگیر کەوێتەوە . هەر کەسێک بەوڕێگایەی دا هاتبایە ئەو مەعموورانە بە زۆری



دەیان هێنا . دەیان کوت دەبێ لادەی نانی بخۆی ،پێخوری پخۆی، تەعامی بخۆی، برۆی ، ئەوە بۆ خێرێ دروست کراوە .

دەلێ وەختێکی زەنبیل فرۆش رێگای دەوێ کەوتەوە بەوێدا هات چاوی بەوعیمارات ودەزگایەی کەوت ،تەماشای کرد دوو مەعموور هاتنە سەر رێ . کوتیان کاکی رێبوار لادە لێرە نان وتەعامی خۆت بخۆ برۆ.

کوتی بابم لێم گەرێن ئەمن رەفتەنیم دەرۆم.لانادەم خوای وناخوای زۆریان لێ کرد.

کوتیان ئەتۆ لەکنەخۆ موسلمانی ئەوە بۆ خێرییە بۆ ...ریە باحیسی خێری کابرای. لابدە چۆرەک ئاو بخۆوە نانێک تەعامێکی بخۆ برۆ.

بەلێ کە وەختێکی هاتە ئەو سەراپەردەیەی. زەنبیل فرۆش چوو نانێک تەعامێک بوو خواردی. تەماشای کرد یەک نەفەر لەوێ دانیشتووە نقابی خۆی پۆشیوە ئەگەر خەلاس بوو ئەو نەفەرە رووی تێ کرد.

کوتی میوان بەخودات سوێند دەدەم ئەتۆ چت بەسەر هاتووە لە منداڵی یەوە بۆم بگێرەوە. ئەمن نەخۆشم نجومدا - ران تەماشای نجومیان کردووە ئازارێکم لەسەرە هەرکەسێکی حەکایەتی خۆم بۆ بگێرێتەوە ئەو نەخۆشیە لەسەر من دەفع دەبێ . ئەتۆش دەرێی خودای بەسەرهاتەکەتم بۆبگێرەوە.

چوون زەنبیل فرۆش پیاوی خودای بوو ،موسلمان بوو، هەر چی بەسەری هاتبوو لە نووکەوە بۆی گێراوە.

ئەگەر بۆی گێراوە جێ بە جێ دەستی لەیەکتر توند کرد جومگەی دەستی گرت . کوتی ئەی زەنبیل فرۆش ئەوەئەتۆی ئەمن لە ئاسمانانم دەیستی لە عەرزیم وەتیر کەوتی . زەنبیل فرۆش کوتی یا ئیلاهی بەس ئەمن بە جحێلی تووشی کاری خراپ نەبووم دەبێ تازە بە پیری تووش بم، یا رەبی خودایە تۆ رەحمێکم پێ بکەی.

دەلێ فکری لێ پەیدا بوو کوتی هەرچی هەیە ئەوە لە تەرەف خودایەوەیە .

کوتی خاتوونە ئەگەر ئەتۆ هەر خاتوونەی ئەگەر هەروایە بنێرە لەدووی مەلای تا مارەت کەم دیارە خودا وای ئیرادە پێ یە.

جێ بەجێ خاتوونە ناردیلە دووی ،مەلای هێنا بە عومری شەرع خۆی لێ مارە کرد، کە وەختێکی خاتوونەی مارە کرد خاتوونە کوتی :

بەخودای ئەمن هەتا ئەتۆ لەبەر خودای بەپارێیەوە نەیەینەوەسەرعومری چاردەساڵە ئەمن نایەلم ئەتۆ بە وەسلی من شاد بی .

جا دەلێ وەختێکی کە زەنبیل فرۆش دوورکاتی نوێژ کرد لەبەرخودای پاراوە فەقەت ناردی ژنەکەی خۆشی هەر لەکن خاتوونە بوو کە لە کنەخۆی راگرتبوو وهێنای .

خاتوونە وهەر سێکیان هاتنەوە سەر عەمری چاردە ساڵەی جا ئەو دەمەی بە وەسلی شادبوو .جاوادەگێرنەوە دەلێن زەنبیل فرۆش بەخۆی و وبە دوو ژنانەوە رۆیشتن دەسووراوە سەیاح بوو هەر زەنبیلەی دروست دەکردن .



مەولاناخالید

«عومەرفارووقی»

کوردستان پەروەرگای، گەورە پیاوانێکی وەکوو **سوهرە وەردی** و **شارە زووری** و **سەعید نوورسی** و**شێخ قەسیم** و **مەلای موسەنیف** و**نالی** ودەیان مەزن وبەرێزی ئەوتۆبوون کەهەرکامە توانیویانە بە یارمەتی خوای گەورە جێگای پێ ورەوتی خۆیان لەمێژووی ئێران وئیسلامی گەورەدا هەتا هەتایە دابنێن وئەوانە کە زمانی دڵ ودەروون دەزانن هەزاران رەحمەتیان بۆبنێرن. جالەرێزی ئەوانەدا ئێمە دەبێ لەسەرئالقەی مشایەخ و شۆرەسواری فەرهەنگ وئەدەبی ئیسلامی وکۆمەڵایەتی خوا لێ خۆش بوو **مەولانا خالیدی نەقشبەندی مجە دەدەی شارە زووری** ناوبەرین....

خوێنەری بەرێز..مەیدانی عیرفان وخۆپاراستنی ولە خوا ترسان مەیدانێکی ئەوتۆ نیە کەمن وتۆبتوانین چارە-وای خەیاڵی خۆمانی تێدا لینگ بدەین وئەو بەحر وچەم ورووبارە نیە کە بتوانین مەلەی تێدا بکەین " چونکە مەیدانەکەی سوارچاکی زۆر کارئامەوبەکاری دەوێ و، گۆمەکەی مەلەوانی بەتاقەت و مەندولەسەر خۆی گەرەکە تاکوو بەئارامی رێگا بگرێتە بەر وخۆلە شەپۆل وشەپلاخە بپارێزێ.بۆیە منی بێ بەشیش لەقەراخەوە وبێ ئەوەی بوێرم ئاوقەی ئەومەیدان و گۆمەقوولەبم وەکوو لایەنگرێکی زانایانی کورد بە دڵی خۆم بەسەرهاتی عارف و زانا وشێخ ومورشید وشاعیر و خۆیاریز ومەزنی کورد مەولاناخالیدتان پێشکەش دەکەم......

من بەیارمەتی وەرگرتن لەسێ کتێبی تاریخ مشاهیرکرد ژینانەری زانایانی کورد گوڵزاری شاعیرانی‌کوردستان ئەم وتارەم بۆئێوە دەنێرم بەو هیوایە کەبتوانن کەلکی لێ وەرگرن وگەلی کورد شانازی بەوزاتەوە بکا و هەندەران وهاو ولاتی‌یە غەیرە کوردەکانیش ئەم زاتە وەکوو گەنجینە وخەزێنەیەکی فەرهەنگی کوردستان بناسن وبزانن هۆی سەربەرزی ئێمەیە.....

مەولانا خالید لەساڵی **١١٩٣** ی کۆچی مانگی لە شارۆچکەی **قەرەداغ** نزیک شاری **سولەیمانی** لەدایک بووە باوک ودایکی لەبنەماڵە گەورەکانی کوردبوون دایکی بەناوی **فاتمەخاتوون** لە. ئەولادی خوالێخۆش بوو **پیر خدری شاهۆ** وباوکی لە **هۆزی جافی میکائیل** و**مەولانا ئەحمەدی حوسێنی** ناوبوو.... خالید لەسەرەتای ژیانی خوێدا لەلای مامۆستایانی ئایینی کوردستان وەکوو **شێخ عەبدولڵاخرپانی** و**مەلاعبدالرحیم زیارتی** و **سەید عەبدولکەریم بەرزنجی** **مەلا سالح تەرەماری** و **مەلامحەممەد بالەکانی** خەریکی خوێندنی عیلم وزانست دەبێ هەرلەم سەردەمەدا هەستی ناسک وجوان

وپاراو سەرانسەری دڵی پڕ کوڵی دادەگرێ وقەڵەمی دەداتە دەست وچەند پارچە شیعری جوانی داناوە کەلەوشیعرانەدا خواپەرستی وئایینی پیرۆزی ئیسلام وعیرفان خۆیان نواندووە.

مەولانا خالید پاش کەلک وەرگرتن لە مەحزەری ئەم ماموستا مەزنانەدا بەعەزمی وەدەست هێنانی عیلموزانستی زیاتر کوردستانی ئەودیو بەجێ دێلێ ودێتەشاری سنە... لەم کاتەدا سنە ناوەندێکی گەورەی عیلم وئەدەبی ئیسلامی وکۆمەڵایەتی بوو وماموستایا-نی گەورەی کورد لەمزگەوتی رازاوەو شکۆداری جامیعەدا، کە **بەدارول ئیحسان** ناوبانگی دەرکردووە خەریکی دەرس گوتنەوە بوون، یەکێک لە وانە ماموستای خوالێخۆش بوو شێخ محەممەد قەسیم مەردووخی لەوێ دەرسی ریازی وهەندەسە نجوومی دەگوت، مەولانا ماوەیەک لەخزمەت ئەمزاتەدا لەشاری سنە کەپای تەختی دەسەڵاتداری میرەکانی ئەردەڵان بوو دەرسی خوێندو کەلکی وەرگرت تا ساڵی ۱۲۲۰ کە بۆزیارەتی مەرقەدی پێغەمبەری خودا "د-خ" بەرەوحیجاز وەرێ کەوت وسەر ئەنجام لەشاری شام بەخزمەت شێخەگەورەکانی قادری گەیشت وەکوو **شێخ مستەفا کوردی** **شێخ محەممەد کزبری** وئەمجار چووە مەدینەی مونەووەرە. و مەرقەدی پێغەمبەری مەزنی ئیسلامی زیارەت کردقەسیدەیەکی بەرز ورازاوەی فارسی بەم بۆنەوە داناوە کەیەکێک لە شیعرە تەڕوپاراوە جوانەکانی مەولانایە وبەم چەشنە دەست پێدەکا.

عجایب نشئەای زین دامن کهسار می‌آید
توگوئی بانسیم صبح بوی یار می‌آید
زخاکش یافت تسکین زخمهای سینۀ ریشم
تعالی اللە چەسان از مشک این کردار می‌آید

هەرلەمەدینە مەولاناش وەکووعەبدووڕڕەحمان حاجی شاعیر وعارفی گەورەی ئێران کەحەوت بەندێکی بە فارسی لەتاریفی پێغەمبەری خوادا گوتووە شیعرێکی هەیە بەم چەشنە.

سرور عالم، من دلدادەوحیران توام
والە وسرگشتۀ سودای هجران توام
شاه تخت قاب قوسین تو من کمتر گدا
کی بود یارای آن گویم کە مهمان توام

پێویستە بگوترێ **عەبدوڕڕەحمان حاجی** بۆ خۆی یەکێک لە مورشید وشێخەگەورەکانی تەریقەی نەقشبەندی بووە و هەرلەم شیعرەدا بۆمان روون دەبێتەوە کە **مەولانا خالید** چەند مایل وداخوازی **نەقشبەندیەکان بووە....**

پاش گەڕانەوەی سەفەری حەج مەولانا لەشاری سولەیمانی خەریکی دەرس گوتنەوە دەبێ تا ساڵی ۱۲۲۴ کۆچی مانگی کە دەروێشێکی هیندی دێتە سولەیمانی ودەچێتە جەلەسەی دەرس گوتنەوەی مەولانا خالید وسەرنجی رەفتار وکرداری ئەو دەدا ولە حوجرەی مزگەوت بۆماوەیەک دەمێنێتەوە تا سەرئەنجام رۆژێک بەمەولانا دەڵێ: تۆ کەپێت ناوەتە عیرفان وتەقوا وزیارەت بۆچی ناچیتە خزمەت حەزەتی **شاه عەبدوڵلا دێهلەوی**؟ مەولانا سەبارەت بەوشێخە پرسیاردەکا دەروێش دەڵێ: ئەوەجێگاداری شاهی نەقشبەندە وخانەقای لەشاردێهلی پایەتەختی هیندوستانە... بەم چەشنە مەولانا دەستی لە مزگەوت و خانەقا هەڵگرت وبەرەو هیندۆستان رێ کەوت ولەسەر رێگای خۆی چووە تاران و بۆستام وزیارەتی مەرقەدی شێخ وعارفی مەزنی ئێران **بایەزیدی بەستامی** کرد ولە خوا پاراوە کە.

یارب بەآشیانەشهباز لامکان
یعنی بەقرب و منزلت جان بایزید
برخالد شکستە بیچارۀ غریب
بگشا دری زمخزن عرفان بایزید-

ئەمجارە بەرەوخوراسان

وشاری مەشەدوەرێ کەوت و مەرقەدی ئیمام رەزای غەریبی زیارەت کرد واەویش ، قەسیدەیەکی دوور ودرێژی فارسی داناوە کەبەم چەشنە دەست پێدەکا

این بارگەکیست کەاز عرش برتر است
وزنور گنبدش همە عالم منوراست

ئەمجارە دەگاتە هەرات و لەوێ بەری پێدەگرن کە هیندوستان ناوەندی بوت پەرستانە وخوانەناسانەوئەم رێگا درێژە مەپێوە بەڵام ئەو بەمچەشنە وەڵامی ئەوان دەداتەوە .

اگرچەکافرستان است باشد از وجود او
بهشت واین سخن نبود خلاف نص قرآنی
بسی توبیخ کردند اهل توران وخراسانێ
بەدار الکفر رفتن چون پسندی گرمسلمانی
بەدلی ظلمت وکفراست گفتندو بەدل گفتم
بەظلمت رواگر درجستجوی آب حیوانی

سەرئەنجام ساڵی ١٢٢٤ بە خزمەت شا عەبدوڵڵا دیهلەوی گەیشت وخەریکی وەدست هێنانی رازی نهێنی عیرفان بوو و بۆماوەی ساڵ ونیوێک عیرفانی پێوا و ئەزموونی سەخت و دژواری بردە سەر وئیزن و ئیجازەی ئیرشادی پێدرا و گەڕایەوە بۆ کوردستان و ماوەیەک لەشاری سنە خەریکی تەعلیم وفێرکردن وبارهێنانی ئۆگران وئەوین دارانی عیرفان وخوداناسی بوو . پاشان لە سولەیمانی وبەغدا وباقی ناوچەکانی کوردستان مورید وپەیرەوی لێ کۆبوون کەئەم چەشنە راپەڕینەبوو بەهۆی داچڵەکاندن ولەخەوهەڵسانی چەندکەسێکی بەخیل ونەزانێ کردەوە ونووسین وچوونەلای کاربەدەستانی دەولەت. مەولانا وموریدانیان جەز- رەبەدا. بەڵام ئەو بەیارمەتی وەرگرتن لەخودا و دەریای بێ بنی عیرفان وکەماڵاتی خۆی هەروا بەرەوپێش دەچوو، رۆژبەرۆژ ئاوازەی عیلم و مەعریفەتی دونیایان دەگرتە بەر. تا ساڵی ١٢٤٢ی کۆچی مانگی کەلە شاری دیمشق پایەتەختی ئێستای سووریا کۆچی دوایی کرد ومەرقەدی لەوشارەدا زیارەتگای ئەوین - دارانی عیرفان وخۆپارێزان ولە خواترسانە .

مەولانا خالید پترلەپانزدە بەرگ کتێب وریساڵە ونامیلکەی نووسیوە ولەئەدەبیاتی عەرەبی وفارسی وکوردیدا ماموستا ولێزان بووە وبە سێ زمان شیعری داناوە بەتایبەتی شێوەی نووسینی لەگەڵ شوێنەواری شاعیران وعارفانی گەورەی ئێراندا بەرانبەری دەکا

مەولانا خالید پاش مردنی خۆی شێست وهەشت مورید و خەلیفەی گەورەی بەجێ هێشتووە کەهەریەکەی بۆخۆیان شۆرە سوارێک بوون لە مەیدانی عیرفان وخواناسیندا کەلەناو ئەوانەدا عارفی گەورە **شێخ عوسمانی سیراجودینی** ئەوەڵ کە ماموستای خوالێخۆشبوو مەولەوی کورد بووە و**شێخ عەبدوالقادری شەمزینی وحاجی عەبدوڵڵا جەلی کۆیی** بۆئێمە ناوێکی ئاشنان ،بەروانینی شیعری مەولاناەوراستی یە دەردەکەوێ کەمەولەوی کورد لەشیعردا یەکێک لەشاگردانی ئەوە خوا **بیان بەخشێ ودەرەجەیان عالی بێ.**

قیبلەم فیراقت، قیبلەم فیراقت
ئارام سەندەن سەودای فیراقت
دڵ قەقنەس ئاسان ج ئیشتیاقت
تاقەت تاق بیەن پەی ئەبرۆی تاقت
دورج قامتت قیامەت خێزان
هجرت شەرارەی جە هەنەم بێزان
کارێ پێم کەردەن مەحروومەی رازت
نەکەردەن وەدڵ نیم نیگای نازت
قەدر عافیەت وەسڵت نەزانام
شوکرانە شەکەر رازت نەوانام

بە یادی شیعر

یاری خۆم لێ زیزە بۆیە حەز لەمانگی نەو دەکەم
شەو کە بێ هۆشم لەتاوی وامەزانە خەو دەکەم
سەرف وسوودی نەقدی دڵ لەم عالەمە بێ مایەیە
تابەکەی بێ فایدە سەرفی گەنجی کەیخوسرەو دەکەم
بۆ شکاری مورغی وەحشی نەک هەڵۆ و شاهێنم
عاشقی چاو بازی خۆمم بۆیە راوی کەو دەکەم
رۆژ بە یادی رووی هەتا ئێوارە هەر هاوارمە
شەو بەفیکری زولفی تا سبحەینێ سوحبەت لەو دەکەم
لەو دلارامە بپرسن وا دڵ ئارامی نەما
جارێکی چارێکی دەردم کا دەخالەت بەو دەکەم
سافی یا کافیمە بۆ دونیاو قیامەت یاری خۆم
چیم لە باسی عالەمە هەر زیکری ناوی ئەو دەکەم

سافی هیرانی

قافلە : مەولەوی تاوەگۆزی

هام دەردان ئامان ئەرمەندە ن هۆشم
سەدائی وەشەن ،مەیۆنەگۆشم
چمان زیلەی زەنگ زەواری مەیۆ
زرنگۆی قافلەکەی وەهاری مەیۆ
قافلەچی ئامان دادەن دەخێڵم
نەک داری خەم خەیلێ زەلیلم
نەرای تیجارەت ئەمیر وەلی
تۆمایەی رەواج عەبباس وعەلی
ساتێ قافلەکەت ساکن نەسەیر بۆ
یەک عەرزی دێرم ئۆغرت خەیربۆ
گێج زرێوار هەرسم، مەوج وەردەن
سارای مەریوان تەمام هەرکەردەن
بازش هەناسەم سوبوەنەش دەرۆ،
یەخ کەرۆ، قەتار ئاسان بویەرۆ
ئەمجا وە سووزەن موژەی جۆش وەردەم
سەرنووک قەڵەم ئاخ سووراخ کەردەم
وەبەند دووباد مەینەت جگەر
بورازە تا، تای جەوالان یەکسەر
قەیاسەی قایش پۆسەکەی جەستەم
حەڵقەی چەڵەمەی پێشەی شکستەم
رەگ تەن تاڵی،تاڵ وەردەی سێوەنگ
بفەرما یاران ،بازان بدەن تەنگ
زەنگ دڵەی تەنگ ،زایەڵەی سەدرەنگ
پێکیای تای دەرد ریشەی خەمگوڵەنگ
ووزان نەگەردەن بەرز پێشاهەنگ
بشۆ بدۆدەنگ فرسەنگە وفرسەنگ
مەدەدیا عەلی پەی سەفەر کەرمەیل
مەنزڵ وەمەنزڵ، تا مەنزڵگەی لەیل
بەڵام هەرخاکێ جەوئاسا نەکەن
گەرد سفتەی گیان هەراسانەکەن
رەحسەت بۆوادەی ووستەی بارەکەت
نەبووە پاشێل پای قەتارەکەت
جەزیلەی ئەودەنگ چون خەبەردارەن
مەیۆ مەشناسۆن ئاخر دیارەن
مەپرسۆ ئازیز پڕ وەفاوبەینەت
کۆن توجا رباشی سەرقافلەی مەینەت؟
واچە مەرنەدیت نەمام بێ گەرد
جێگە پارچەی گیان پایەندا زیت کەرد

«شەو»

تەخمیسی ئەحمەد هەردی لەسەر
شیعری "شەو"ی نووری شێخ ساڵح

قەت نەدەی ئازاری گیانی مەست و بێدارانی شەو
خۆت نەخەیتە بەر شەپۆلی ئەشکی بێ پایانی شەو
ئەی کچی خواوەندی جوانی وئەی چرای دیوانی شەو
" خۆت بپارێزە لەئاهی دڵ بریندارانی شەو
نەک خوا ناکەردە گیرا بێ دوعای نالانی شەو"

* * *

وێڵم و تاریکە دەورم، فەرشی رێگەم مەینەتە
بێ کەسم، تەنیا ئەنالم، مەرگی خۆمم عەزرەتە
سازی ئاهەنگی شەوانم، سۆزی جەرگی لەت لەتە
یاوەرو یاروئەنیسم ئاەوئەشکی حەسرەتە
ئافەرین ئەی بارەکەڵڵا، دیدەیی گریانی شەو

* * *

وانەزانی دەستی خەمیادت لەدڵدا دەرئەکا
ئەشکی خوێنینم دەلیلە بۆ کەسێ باوەڕنەکا
گیانەکەم بەو تیشکی چاوەی شەڕلەگەڵ ئەختەرئەکا
دڵ دەبێتە قەترەیەک خوێن ولەدیدەم سەرئەکا
هەرکە رابووری بەدڵما، سوحبەتی جارانی شەو

* * *

هاودەمێ فەرمووی لەبەرچی کردەوەت گریانە هەر
تافی لاوێتیتە، لاوی قەڵبەزەی سەیرانە هەر
من وتم سەیران وخۆشی پێشکەشی شادانە هەر
ئەشکی حەسرەت لازمی جەمعی سیا بەختانە هەر
شەونمی سوبحە دەلیلی قەترەیەک گریانی شەو

* * *

هەوڵی زۆرمدا، لەداوی زولفی ئەوبێ مروەتە
دەرچم و دوایی بهێنم، بەم عەزاب و مەینەتە
پێی وتم بێ سوودە هەوڵت تاکووماوی جێگەتە
"نووری"! لەم پێچ وخەمی زولفە نەجاتت زەحمەتە
لای سەخی تەبعان مەحاڵە روخسەتی میوانی شەو

ساڵی ١٩٥٧


پرسیاری ١٤ ـ بیروڕات لەسەر کتێبی" توحفەی موزەففەری یە " چیە بەگشتی کاری ئۆسکارمانت پێ چۆنە؟


پرۆفسۆر ئۆسکارمانی ئالمانی بەحەق رچەشکێنی کاری فۆلکلۆری کوردی یە و بەراستی زەحمەتێکی زۆری لە سەر ئەو کتێبە کێشاوە.

هەڵبەت بەم هۆیەوە کە "مان" تەنیا کەلکی لەسەرچاوەیەک وەرگرتووە و " ناحەقیش نەبووە "وئەوێ رۆژێ هەر ئەوەندەی پێ کراوە، جێی رەخنە نیە ئەگەر توانیبای لە هەر بەیتێک چوارپێنج نوسخە پەیدا بکا و وەک کوردی زانێکی باش لەبەر یەکیان رانێ و سەنگ و سووکیان بکا. ئاشکرایە توحفەی موزەففەری یەشتێکی دیکە دەبوو. هدروەک عەرزم کردن لەزەمانی " مان " دا ئەوەندەی کردوشێتی لە قەدەر زۆرە و بە راستی شایانی پێداهەڵخوێندن و سپاسە.

بەڵام بێ لەبەرچاوگرتنی ئەو هەل و مەرجەی کە "مان" تێیدا بووە و ئەو بەرهەڵست وگیروگرفتەی کە بێ گومان بۆ ئەو بووە و ئێمە هەر رێ شیان پێدا نابەین ئەگەر بێتوو بمانەوێ بێ لەبەرچاوگرتنی خزمەتی ئەو بەرێزەو "برامان برایەتی و گیسک دانەی دوو تمەن" و وەک کتێبێکی تازە نووسراو سەرنجی بدەینێ دەبێ بڵێین بەداخەوە ئیرادی یەکجار زۆرە و ناتوانین بەناوی سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوی بەیت لەسەری حیسێب بکەین.سەر و گوێی زوربەی بەیتەکانی نێوەڕۆکی ئەوکتێبە پەریوە. زوربەی بەیتەکان نێوەرۆکێکی تەواو جیاوازیان لەگەڵئەسلێ ئەو بەیتەهەیە و تەنانەت لە دوو سێ جێ یان پیاو لای وایە هەڵەی چاپی رووی داوە کە بە ناوی بەیتێک باس لە بەیتێکی دیکە دەکرێ.

بەڵام هەر دەبێ سپاس لە "مان" بکرێ.زۆرتریش لە خوالێ خۆشبوو " ماموستا هێمن" کە بە زەحمەتێکی زۆر کاری گرانی هێنانەسەر رێنووسی ئێستەی زۆر پوخت و لەبار جێ بەجێ کردووە. ئەگەر مان دەزگای"ضبط"ی نەبوو ،ئەگەر شێوەی فیش کردن وئاڕشیوی بە شێوەی ئەورۆ نەدەزانی ، ئەگەر هەتا ئێوارێ رەحمان بەکرو یەک دوو کەسی دی بە هەزار زەحمەت وکوێرەوەری ومنەتی ئەموئەو رازی دەکرد بەیتی بۆ بڵێن و ئەو دێڕ بە دێڕ بلێ بۆی بنووسنەوە، ئەوڕۆ سەدان رەحمان بەکرمان هەیە هەزاران دەزگامان هەیە کە کار هاسان بکەن. هەموو





داوای لێبوردن

لە سروەی ژمارە ٩ لاپەڕەی ٢٢ دێڕی ١١ بەجێی "بڕەک" بۆرەکەیی نوسراوە چاکی بکەن.



وت وویژێك دەگەڵ: ع خزری

شتێک دەزانین و لەعیلمی کۆکردنەوەی باری فۆلکلۆر- یش شارەزایین دەشزانین کە کۆکردنەوەی ئەو بابەتانە چەندە پێویستن و چۆن پێوەندی یان بە بوون و مانمانەوە هەیە بەڵام بەو حاڵەشەوە پاش توحفەی موزەفەری یە تا ئەورۆ شتێکی وای "هەرچەند کورت و ناتەواو" کۆنەکراوەتەوە

پرسیاری ١٥- واباشە لەبارەی خۆتەوە قسان بکەی چۆن بوو ئەو بەشە لە لێکۆڵینەوەت هەڵبژارد ؟

وەڵام: رەنگە ئەگەر شتێکی بڵێم پێت سەیر بێ. منیش وەک زوربەی لاوەکانی کاتی لاویم، کاتێک گوێم لە بەیت دەبوو هەر تەقەم لە سەری دەهات وتێی نەدەگە- یشتم. بەڵام منالی بنەماڵەیەک بووم کەمیوانی لە دێهاتەوە زۆر بۆدەهات وپاش پەیدا بوونی زەبت چ میوانمان وچ زەبتەکەمان دەبوو بەیت بڵێ. وردە،وردە دیتم حیکایەت وبەسەرهاتێکی خۆشن وبۆوەی دەبوو گوێیان بۆ رابگرم و هەر ئەو بە تۆبزی گوێ راگرتنە دونیای بەیت وبەسەرهاتی کوردیان پێ ناساندم. ئەوجار بۆ یەکەمجار کە چاوم بەکتێبی مەموزین یان خەج وسیامەند کەوت زۆرم پێ سەیر بوو کە بۆ مەگەر بەیت بۆ وەی دەبێ بکرێتە کتێب ؟ تەنانەت زانستگاش چاپی بکا ؟ کەوابێ ئەوەش کارێکە و ئێستا کەناتوانم وەک زوربەی لاوەکان لەخۆڵ بیمە شاعیر و شیعر بڵێم با ئەو کارەها سانەی دەست پێ بکەم. بەڵێ وردە،وردە خەریکی کۆکردنەوەی بەیت و باقی بابەتەفۆلکلۆری -یەکان بووم. بەڵام رۆژ بە رۆژ دەمدیت ئەو جۆرەی کە من بیرم لێ دەکردەوە کارێکی سادە وساکار نیە ؟ بەهەرحاڵ هەر ئەو کارە، وردە،وردە ئەوینداری بەیتی کردم تاساڵی ١٣٥٣ی هەتاوی پاش کۆکردنەوەی زوربەی بەیتەکان مۆتۆر سیکلێتێکم کڕی وزەبتێک و دێهاتی دوور و نیزیک بگرە و هاتم. دیتم نە هەر بەیت بەڵکە هەزاران شتی بایەخ دارتری دیکەش هەن کە دەبێ خۆیان پێوەماندوو بکرێ.

وچان لەلای دوو پالەی ماندووی ئێوارەی بەر سێبەر و خولقی پڕ مێهر و مەحەببەتیان بۆ نان و دۆیەک خواردن، خۆی دونیایەکی شتی جوانی تێدایە. لەلای چەند بێری دانیشتن و گوێ بۆ قسە و دەردی دڵ و ئەو وشە جوان ورەسەنانەی بەزاریاندا دێ وتۆمارکردنیان گەنجینەیەکی بایی دارێک دێنن. زۆرجار وەختاوەختێک لەگەڵ شوانێک لەنیزیکەوە بووم، ژیانی جوان وساکاری ئەوم دیوە، هاورێم زەبتێک ودونیایەک مەیل و تاسە بووە ئەویش بۆ پتر بیستن وزۆرتر دیتن و باشتر فێربوون وتۆمارکردن. ئاکامی چوار ساڵ ژیانی ئاوا و چەندین ساڵ کۆکردنەوەی هەر شتەی بۆن و بەرامی کۆن وکەلەپووری لێ بێ، بوو بە ئارشیوێکی تا رادەیەک پڕوبایی دار. لە ساڵی ١٣٥٧ یشەوە خەریکی هێنانە سەرکاغەز و نووسینەوە وهەڵسەنگاندن- یان بووم و هەتا ئێستاش ئەو کارەهەروا درێژەی هەیە.

پرسیاری ١٦- چ کارێکت لەسەر ئەو بەیتانە کردووە و لەو رێبازەدا گەیشتوویە کوێ ؟

وەڵام: ئەوەی راستی بێ کە گوتم: لە کۆنەوە خەریکی ئەو بەیتانەم، ئەگەر بڵێم ئەو کارە بێ وچان وهەمیشەیی بووە دەبێتە درۆ. پاش ئەو چوار ساڵەی کە هەوڵم بۆ کۆکردنەوەیان دا، هەتا ئەورۆ ئەوەندەی پێم کرابێ و گونجابێ درێغیم نەکردووە وبەراستی هەل و دەرفەتم نەبووە ئەگەریش کارێکم کردبێ دڵبەندی یەکی زۆر

بەو کارەبووە کە خۆشم سەرم لێی سوڕماوە.

بەڵام گەیشتوومە کوێ ؟ خۆشم نازانم، لە بەرەوە، لام وابوو هەرنووسینەوەیان بەشێوەی ئۆسکارمان بەسە بەڵام هەر هەنگاوێک کە چوومە پێشێ لکێکی تازەی لێ جیا بۆتەوە وئەولکەش رووی لە لایەکی دی کردووە. بەو شێوەیە کەجاری وابووە هەر لەبیریشم چۆتەوە لەچی گەڕاوم ! بەڵام ئەوەی راستبێ چوارچێوەکەم بەو شێوەیە دەست پێ کردووە کە کارێکی وای نەماوە بەڵام دوو شتم لەبەر چاوە .یەکەم دەربەستی رادەی ئەستووری و باریکی کتێبەکە نەبم و دووهەم تاڵووکە نەکەم و هەموو کات ئەوەم لەبەرچاو بێ کارەکە پوختترو بێ ئیرادتر بێ. بۆ وێنە لە بەرگی یەکەمدا کە چی وای نەماوە تەواوبێ کاتێک باس لە شتێک هاتۆتە گۆڕێ هەر مەبەستێکی لام وابووە پرسیار بێنێتە پێش، وام لە پنج و بناوان کردووە کە جێی پرسیار نەیەڵێتەوە.

کتێبەکە رۆژ لەگەڵ رۆژ ئەستوورتر و بە بڕوای خۆم پڕنێوەرۆکتر دەبێ. بۆوێنە کاتێک لە بەیتێک دا دەڵێ: چۆتە پەتری پۆتێ، روون کراوەتەوە پەتری پۆتێ کوێ یە؟" کاتێک باسی وەزیرە چرچە دەکا ،لەبەیتی هەمزا غادا بیۆگرافی وەزیرە چرچە و بارودۆخی سیاسی ئەوکاتانی کەم بەکورتی نووسراوە. کاتێک باسی فلان هۆز و تایفەی کورد هاتۆتە پێش بە جوانی ئەوەی لەبارەیاندا نووسراوە یان بیستراوە روون بۆتەوە .کاتێک باسی مەڵبەندێک دەکا هەوڵم داوە هەتا ئەو جێ یەی گونجابێ و توانیومە دەرەجەی جوغرافیایی ئەو شار و ناوچەیەش روون کەمەوە جا ئەگەر ئەو مەڵبەندە تایبەتی یەکی لەباریشی بێ چ باشتر. بە کورتی هەڵکەوتووە ئەوەی لەبارەی سوارۆیەکی چوار لاپەڕەییدا نووسراوە گەیشتۆتە چل پەنجا لاپەڕەپەراوێز .ئەوجار وێنە وبیۆگرافی بەیتبێژ و حیکایەت وێژیش کەکارێکی تازە نیە .ئەوەی لام گرینگە ئەوەیە کە نۆتی بەیتەکان بە شێوەی"ئاوانویسی"، بە شێوەیەکی کە هەموولەرەکانی دەنگ لەخۆیدا جێ بکاتەوە بنووسمەوە، کە بەداخەوە لەوکارە پڕ زەحمەتەدا، کەسی وام وەگیر نەکەوتووە بەتەواوی شارەزابێ.ئەوەی کراویشە زۆر بەدڵم نیە و رەنگە هەر ئەو مەبەستەش کارەکەی وەدوا خستبم کە هیوادارم کەسێکی شارەزا پەیدا بێ وئەوکارە قورس و گرانە وەئەستۆ بگرێ کە هەموو لایەک لێی مەمنوون بین . لەو کارەدا لەگەڵ ئەوەی کە زوربەی بەیتەکان بەباشی لەناوچەی موکریاندا پارێزراون هەوڵم داوە لە ناوچەکانی دیکەی کوردستان لە باقی زاراوەکانیش کەلک وەرگرم. بۆ وێنە کتێبێکم وەدەست کەوت بەناوی «بەیت و سەرهاتێد کوردی"کەبەختی رووسی یە و کۆ کراوەی شامیلۆف و حاجی جوندی و... یە وبەزاراوەی کوردەکانی ئێرەوانە. ئەوەم هێناوەتە سەر رێنووسی خۆمان و بە شێوەیەکم مانا لێ داوەتەوە کەهەموو کەس لە نێوەرۆکیان بگا کە ئەگەر ئەوڕۆش ئەو کارە بەرجی دۆزینەوەی زۆر وشەی رەسەنی کوردی سوودێکی دیکەی نەبێ لانی کەم لە داهاتوودا لەزۆر بارانەوە بەکەڵک دەبێ . لە باری تەرکیبی رستە، گۆڕانی وشەکان ،مۆسیقای شیعر و مۆسیقای بەیت و لە جوانی ناسی لەبەیتدا.

هەڵبەت لەگەڵ تەواوی ئەو مەبەستانە بڕوام وایە ئەو کارە لەتوانایی کەسێک یا دوو کەسدا نیە و ئاشکرایە نە ئەو جۆرەی باسم کرد و نە ئەو جۆرەی خوم دەمەوێ ناپەتەدەر.

دریژەی هەیە



جوغرافیای شنۆ

بەشی (٢)

مارف ئاغایی

١- **بای زریان** : بایەکی ساردە و لە رۆژهەڵاتەوە بەرەو رۆژئاوا دێ،هاوینان ناهێڵێ دەغڵودان زۆر وشک بێ وبۆ هەڵاویشتنی خەرمانیش بەکەلکە

٢- **شەماڵ** : ئەو بایە لە هەموو وەرزەکانیساڵدا دێ ولە رۆژئاواوە بۆ رۆژهەڵات دەچێ، مامناوەندی بای شەماڵ ٤٠ کیلۆمیترە لە سەعاتدا کە بۆ گەیشتنی میوە وهەڵاویشتنی خەرمان قازانجی زۆرە. دەرسەدی هاتنی ٨/٩٪لە ساڵ دایە و کەمترین دەرسەدی هاتنی بایە .

٣- **بای سەڵماس** :بایەکی ساردە ولە شوماڵەوە بۆ جەنووب دێ بەڵام وەکوو بایەکانی دیکە توند نیە .

٤- **بای قوبلە** : لەجەنوو- بەوە بۆ شومال دێ.

مەودای شاری شنۆ لەگەڵ ناوەندی ئوستان (ورمێ) ٧٢ کیلۆمیترە لەگەڵ شاری نەغەدە ٣٣ کیلۆمیتر ومەودای بۆ خانێ (پیرانشهر) ٥٠ کیلۆمیترە .

سێلاو و ئاودڕگەکان :

شنۆ لە داوێنی بەرزایەکانی شومال و داوێنی بەرزایەکانی رۆژهەڵات دایە بە سەرنج دان بەلایەنی نشێوی زەوی وزار لە شومالی رۆژئاواوە بەرەوجەنووبی رۆژهەڵات دەچێ ، بەهۆی بارانی زۆری ناوچە و ئاو وهەوای تایبەتی بەفر لەو بەرزاییانەدا یەکجار ناتوێتەوە بەچەشنێک بەفری کۆن بەفری نوێی بەسەردا دەبارێ

جسنی بەردەکانی ئەو داوێنە ئازەرین وبە ئاو هەڵنامسێن کەئەوەش یەکێک لە هۆیەکانی سێلاوگری ئەو ناوچەیە ،لەکاتی باراندا پاڵاوەکەی لە رۆژئاواوە، سەربەرەوژێر دەبێتەوە و بەرەو شار وەرێ دەکەوێ و لە بەشی شومالی شاردا لافاو پێک دێنێ .

چۆنیەتی ئاودڕگەکانی بەچەشنێکە کە بەهۆی ئاوی باران و تێپەڕبوونی زەمان دوو دەرەی تەبیعی پێک هێناوە کە یەکێک لە شومالی ترین بەشی شارە و بەرینایی تەقریبی ١٥ میترو قووڵایی ٧ میترە ، لە بەرزاییەکانی شومالی غەربی بەرەو جەنووبی شەرقی دێن ولە بەشی شومالی غەربی شار تێکەڵ جۆگەی نەڵێوان دەبن .بێجگە لەو دوو دەرەیە لافاودڕێکی دیکەش لەرۆژئاوای شار دەست پێدەکا وتێکەڵ جۆگەی کەرخۆر دەبێتەوە . کاتێک سێلاو هەڵدەستێ چونکە پانایی جۆگەی نەڵێوان ٣ میترە وقووڵایی ١/٥ میترە ئاوەکە ناکێشێ بە کووچە و کۆڵان وشەقامەکانی شاردا بڵاو دەبێتەوە، زیان و زەرەرێکی زۆر وە خەڵک دەکەوێ .

سێلاوی دەرەی شومالیغەربی پاش تێکەڵ بوون لەگەڵ جۆگەی نەڵێوان بەهۆی کاناڵێکی سەرداپۆشراو دەرژێتە رووباری ئەسڵی شار بەڵام کاناڵەکە رێک نیە

وئاوەکە ڕەسەر دەکەوێ و زیانێکی زۆر لەخەڵک دەدا .

هەروەها بەهۆی تەسکی و قووڵ نەبوونی جۆگەی کەرخۆر ئاوی باران دەچێتە نێو شار وخەسارەت پێک دێنێ. بەلام رووباری گەورەی شار لە دوو لاوە بە بەرد و سمیت داندراوە و دانیشتووانی گەڕەکەکانی دەوروبەری لە خەتەری سێلاو بەدوورن.

بوولەرزە لە شنۆ :

ساڵی ١٣٤٩ لە ٣٥ کیلۆمیتری جەنووبی شار بوولەرزەیەک بەتوندی ٦ رشتێر هاتووە کە توندترین بوولەرزەی ناوچە ناسراوە وسەبت کراوە بەلام زۆر بە هێمنی شاری لەرزاندەوە. ساڵی ١٣٦٠ جارێکی دیکە بوومەلەرزە شاری



ڕاژاندووە وخەسارەتی زۆری بەدواوە بووە ،بەلام زیانی گیانی نەبووە .دیسان ساڵی ١٣٢٠ (ک ـ م) بوومەلەرزە شاری بەتەواوی لەناوبردووە .

رووبارەکانی شاری شنۆ:

گادەر: یەکێک لە گەورەترین رووبارەکانی ناوچەی شنۆیە کەبە فارسی (قادرچای) پێدەڵێن ولە کتێبە مێژوویی یەکاندا (کدیرش) نووسراوە .

گادەر لە کێوی دالامیری دزەی مەرگەوەڕ کەکەوتۆتە شومالی شنۆ بەرەو ناوچەی شنۆ دێ وسەرچاوە ، ئەسڵی یەکانی بریتین لە :

" کێوەکانی پۆریک ، گردە سوور ، گردە پووران کە لە سەرەتاوە هەشت چاوەن بەلام پاش تێکەڵ بوونەوە دووچاوە پێک دێنن بەناوی گادەری چووکە وگەلاز (چای) کە بە نێو شاردا رادەبرێ وپاش تێکەڵ بوونەوەی هەر دووک گادەری گەورە پێک دێ.

ئەو رووبارە سەرەتای دەست پێ کردنی بەرەو رۆژ، ئاوایە و لە نزیک سنووری عێراق بۆلای جەنووب دەکەوێتە رێ، هەزێمی ئاوگیری ١٩٠ کیلۆمیتری چوار گۆشەیە و درێژایی ١٠٠ کیلۆمیترە و مامناوەندی چاردەساڵەی ١٢/٧٢ میتری موکەعەب لە سانیە دایە و مامناوەندی چاردەساڵەی (بدە) ئاوی رووبارەکە ٤٠٢ میلیون میتری موکەعەبە لە سانیەدا ودرێژایی لە ناوچەدا ٣٣ . کیلۆمیترە . ئاوی هەمیشە هەیە وبە دوازدە دێ دا تێپەر دەبێ و لەئاکام تێکەڵ گۆلی ورمێ دەبێتەوە


لەسەرەتاوە سەربەرەوژێر بەنێوان دەرەکاندا بەتوندی دێتەخوار بەلام کاتێ گەیشتە دەشتی شنۆ زۆر بە مەندی دەڕوا ولیمێکی پێش چاویش بەجێ دێڵێ،چون ئاوی ئەو رووبارە لە بەفراوو سەهۆڵاوی زۆزانەکان پێک دێ . لە وەرزی بەهار زۆر و لە هاوین دا کەمدەبێتەوە، بۆ کشت وکاڵ وخواردنەوە لولە کێشی وکاناڵ کێشی کراوە .

لقی دیکەی گادەر نەڵۆس وکانی رەشە کەلەکێوەکانی جەنووبی غەربی سەرچاوە دەگرێ و پاش تێپەربوون بە گوندەکانی چەپەرئاوا ونەڵۆس ـ دا تێکەڵ گادەرچای دەبێ ودرێژایی ٦کیلۆمیترە دێهاتی دەوروبەریش کەلکی لێ وەردەگرن بەلام ساڵێ چوار مانگ ئاوی هەیە .

گەلاز چای :

لە کێوەکانی شومالی غەربی شنۆ .سەرچاوە دەگرێ. لقێک لە گادەر کەخۆشی چوار

لقی هەیە بەناوی جلی دار لە کێوەکانی رندۆڵە وبابۆڵە سەرچاوە دەگرێ دووهەم گومی راج کە لە گەرمەسێر سەرچاوە دەگرێ ،سێهەم چل ئاش ، چوارەم هەوارخاتوون مامناوەندی ١١ ساڵەی (بدە) ٥٣/٤٠٠ میتری موکەعەبە ئاوی ١/٦٦ میتری موکەعەب لە سانیەدایە ،بەهۆی نشێوی



زۆر رژدە بەلام پاش تێپەڕ بوون لە کێوەکان لەدەشتی شنۆ هێدی دەبێتەوە .هاوینان ئاوی کەمە وبەدرێژایی ٢ کیلۆمیتر بەنێو شاری شنۆدا دەڕوا ،بۆ کشت و کاڵ و خواردنەوە ومەلە کەلکی لێ وەردەگیرێ .

چومی گردکاشان :

لە کێوەکانی شومالی رۆژهەلاتی شنۆ سەرچاوە دەگرێ وبە شەش گونددا تێپەڕ دەبێ . درێژایی لە چوارچێوەی ناوچەدا ٦ کیلۆمیترە و دوو مانگ ئاوی هەیە .

کانگاوئاوەکانی مەعدەنی و غەیرەمەعدەنی : چەند کانیاوی مەعدەنی لەناوچەی شنۆدا هەیە کە خەڵک بۆ دەرمانی نەخۆشی وروماتیسم ونەخۆشی پێستی کەلکی لێ وەردەگرن.کانی گراو لە هەموویان بەناوبانگ ترەولە نێوباغێکی قەراغ شار دایە . لەسەردەمی دەسەلاتداری رۆمی یەکان چواردەورەیان دیوار کێشابوو .کانیاوەکانی دیکەی بریتین لە : سوڵتان مستەفا (کانی با) ،پیر رەش ، کانی بای شێخ رەش ، کانی پۆلیەلە گوندێکی ٥کیلۆمیتری شار و ئاوی کانی یەکە مەعدەنی یە لەکەلێنە بەرد هەڵدەقوڵێ و ٢ میتر دوور، دەکەوێتەوە ودەبێ بە بەردی ئاهەکی. کانی یەکانی بەناوبانگی تر بریتین لە : کانی مەرگەوەڕ ،تۆبەبلاغ عەینەرۆم ،سێ کانی.

قەبرستانەکانی شنۆ :

شنۆ چوار جێگای بۆناشتنی مردوو هەیە کەبریتین لە :

١- شێخ عبدالعزیز ٢- سوڵتان مستەفا ٣- شێخ سمایل ٤- قەبرستانێک کە کەوتۆتە شومالی شار .

کانگا یا بنەکانی بن ئەردی: لەداوێنی کێوی رەندۆڵەدا کانی یەک بەناوی کانی چاورەش دەردەقوڵێ کە ئاوەکەی چەورە و لە پێشوودا بۆسوتەمەنی کەلکی لێ وەرگیراوە . بە بڕوای پیاوانی خاوەن را گۆیە لە رەگەکانی نەفتی کەرکووکە و وێنەی لەد ێ شەمش وسەردەرێ هەیە .

بەردەزەرد بەرقەدێکە لە شومالی غەربی شنۆ کە ئاسەواری بەردی مەڕمەڕو بەردی ئاسن لەسەر ئەو بەردە دیتراوە .

لە دەرەی گردکاشان بەردی ئاهەکی دەبیندرێ کە لەبەردە ئاهەکی یەکانی کێوی زاگرۆسە یانی هی ئاخرەکانی دەورەی دووهەمو سەرەتای دەورەی سێهەمی ئەردناسی یە . لە سەرەوەی ئەو بەردانە بەردی (دگرگونی) دەبیندرێ وبەسەرنج دان بەو راستی یە کە لەهەرجێگایەک ماگما دەگەڵ ئاهەک وێک کەون بەردی مەڕمەڕ پێک دێ ، ناوچەی دەشتەبیلێش چون بەردی ئاهەکی زۆرە لەوانەیە بەردی مەڕمەڕیشی هەبێ .

درێژەی هەیە

ئاخ شلێروک (١)



پەرویز جیهانی

ئاخ شلێرۆک چیایێ بلند هەر هەبی
ل ناڤا دل سلاڤێ مە بۆتەبی
هەربمینی شلێرۆکێ پیر نەبی
چیایێ بلند، جی،مەسکەنێ کال وباڤ
نیشتمانێ زۆر جوانێ گول خوناڤ

* * *

شلێرۆکێ جی یێ باڤ وباڤ پیرا
چیایێ بلند ئەهەی دیلێ جۆت،نیرا
تویی هەما لناڤ مەژی و بیرا
ئەو بینبەرێن تەیە جوان وسەری
دینە بیرا من گەلەک بیرەوەری

* * *

ئەوبینبەرێن تەیەبەدەو ،رەنگ بەرەنگ
سۆسن وبەیبوون وگولێن شۆخ وشەنگ
دووری وانا دلێم گەلەک بوویە تەنگ
تامرنێ ئەزێ بێژم شلێرۆک
دیاری یاشڤانی یە هەلەکۆک

* * *

بینبەرێ تە ئەزێ حەمووکێ بێژم
کۆلا دلێ خوپێ وانا برێژم
هەرچەند کوئەزسەرکەندالێ پرلێژم
ئەزێ بێژم ل هەر دەم ول هەرگاڤ
پەسنا حەموو سۆرگولێن گرتی خوناڤ

* * *

ئاخ شلێرۆک ل سەرەتایا بوهار
بایێ "سۆراڤا" دکرە زارە زار،
دەما چیا هەڤرا دبرن هەوار
دگۆن بوهار هات مەها ئاخ لێڤەیێ
زارا دلیست ل سەربەرف وکوشرەیێ

* * *

خال دکەتە پێسیرا چیایێ بلند
تەڤ رەش دبوون حەموعەردێ دۆراگوند
دۆرا چەما دچلڤلین چەقاسرند
رەش بەلەک وپنی پنی دبوون دەشت
تە دگۆڤەی پلنگ تێدا دکن گەشت

* * *

ئاخ شلێرۆک گاڤا عەرد دبووبەلەک
دهاتن کۆم کۆم پرکێد رەشۆلەک
ل سەربانا بەرەڤ دبوون وان گەلەک
رەشۆلەکا ددان مزگینییا بوهار
ل خەوارا خاش دکرن وان هەوار

* * *

دبرسقین دوورڤا ئاڤێد کەڤییا
دخشکین بینا مارا ژهەرجییا
بەلەک دبوون عەردێ پێسیراچییا
دئاڤییا بەرفا حەموو چیا وچۆل
بێهنا بوهارێ ددا هەردەشت ودۆل

* * *

خۆش دحورمین شەڤێ بوهارێ چەماڤ
هەڤ دکەتن چەم را دبوون وەک سێلاڤ
شەڤەرەشێ بوهارێ بوون بلقەتاڤ
چاڤاچاڤ نەددیت دبووشەڤەرەش
پێرو مێزین ل عەسمانا دبوون گەش



لێمشت وسێلاڤا چ پێل قەددان
پێلێ ئاڤێ وەدپەلشین کەندالان
لەزۆبەزۆ ئاخ وخولی هەڤددان
کەف سەردکەت دحورمجی دین دبوو
دەڤێ ئاڤا هێدی زەروشین دبوو

* * *

بایێ رۆمێ گوژ سەرتەدا دڤزاند
عەورێ کەڤەر کراسێ خو دگڤشاند
بایێ ئەوان بۆجی یەکی دی دشاند
هەوا دبوو سایی وعەرد دبوو شێن
ژچیمەنا گول دەردبوون دهات بێن

* * *

ئاخ شلێرۆک دەماک باران دباری
تەیرو توویا هەڤدکرن هەواری
خۆش دنالین قومری وکەو بزاری
مەژی دگەل هەڤالا دکر یاری
کێف وحەنەک ، لاقردی وبنداری

* * *

شلێرۆکێ لێ ئەو رۆژا مە کانێ ؟
مەخۆش دلیست بەر خونا ڤابارانێ
گاڤا کوعەور هوور دکەتە گریانێ
کەسکە سۆرێ، یانێ بووکا بارانێ
نوور درەشاند ل پێسیرا زۆزانێ

* * *

نوور و تریشک ژێ دوەشین ل هەردەر
رەنگ ب رەنگ دچلڤلی سەروبەر
سۆرو قیچک ، کەسک وهێشین،کەڤ وزەر
ئەم درەڤین بەرب وێ کەسکە سۆرێ
لێ کەسکە سۆر پێدەر درەڤی ژۆرێ

* * *

دگۆتن هەرکێ سەروێ را بازبدە
یێ دەستێ خو ل دەستێ دلخازبدە
دلێ خوەدا هەرچی کومراز بدە
دێ بگیژە نێتا دل وئەڤیێ
هەرکەسێ کو دەستێ خۆ بگەهینێ

* * *

ئاخ شلێرۆک دەما برووسک دقووژی یا
تریشک لبەر عەورێ کەڤەر درژی یا
لێڤی ل دەر کەندالێ کەر دکشی یا
دەستەدەستە زاروو دگەل هەڤالا
بۆ تەماشە دهاتن سەرکەندالا

* * *

کۆلا دل را عەور وعەسمان دگرییان
گول وچیچەک بەروێ گری یێ دکەنییان
چەم وکانی هەڤ دکەتن دخوشییان
وەکی مارا پێل ڤەددان دهەژییان
ل پێسیرا زانگ وزاخا درژییان

* * *

بارانێ سەرچاڤێ چییا دشووت باش
تەرو تەمیز دبوون حەمووزانگ وکاش
هەوا چەقاس پاقش دبوو چەندێ خاش
هەوا پاشی بارانێ چەندێ خۆشە
دلحەبینە ، پرئەڤینە زۆر نۆشە

«دوکتۆر عەزیز ژیان»

لە ئیسپانیاوە:

ئەدەبی ئیسپانیا



ئەدەبیاتی ئیسپانیایی وەختێک هاتۆتە دنیا کە، تەنانەت زمانی ئیسپانیا ـ یش نەبووە، بۆ ماوەی نیزیک هەزار ساڵ پیاوە ئەدیبەکانی ئیسپانیاورۆمی بە زمانی لاتین دەیان نووسی .لەنێوئەواندا **"سینیکا ،"لۆکان" و مارشڵ و "کینتیلیان** بەناوبانگن .

هەتا سەدەکانی دە و یازدەی میلادی زوربەی نووسراوە گرینگەکان کە بەشی زۆریان ئایینی و ئەدەبی بوون بەزمانی ئەو مەڵبەندانە دەنووسران کە دانیشتووەکانیان جوولەکە وموسوڵمان بوون و لە نێوەراست وژووری وڵاتدا دەژیان .

هەوەڵ نووسراوەیەک کە بە زمانی ئیسپانیایی دەرکەوت دیوانێکی شیعربوو واتە شیعرەکانی سەیدی من کە لەسەدەی سێزدەنووسرابوو. شیعرەکان باسی بەسەرهاتی قارەمانێکی خەڵکیان دەکرد خەباتکەر، کەشاری والینیای بەرامبەر بە عەرەبەکان پاراست . هەر لەو سەردەمەدا بوو کەغەزەلە رۆمانتیکەکان بە زمانی ئیسپانیایی دەرکەوتن کە ئەوی هەرە بەناوبانگیان بەناوی "هۆی عیشق"ناسراوە.

ئەگەرچی ئەو نووسراوانە هەموو ئیسپانیایی بوون بەڵام زوربەیان بە لەهجە ناوچەیی یەکان نووسرابوون و کەمتر وەزمانی ئەوڕۆی ئیسپانیا دەچوون .

لە ماوەی دوو یا سێ سەدە پاش ئەو سەردەمە زوربەی کارەئەدەبی یەکانی رۆژهەڵات وەرگێردرانە سەر لەهجەی کاستیلیان .

سەدەی چاردە بوو بە سەردەمی دەرکەوتنی هەندێک نووسراوەی پەند و نەزیلە کە زوربەیان ئەخلاقی بوون نە چیرۆک . هەر لەو سەردەمەدا وەرگرتنی چیرۆکی حەماسی وئەفسانەیی لە ئەدەبی وڵاتەکانی دیکە بوو بە داب . چیرۆکە عەرەبی یەکان زۆرکەوتبوونە سەر زمانان.هەروەهاش بوو ئەفسانەکانی ئارتۆرشای ئینگلیس ، شارلەمانی فەرەنسە وپاڵەوانەکۆنەـ کانی یۆنان و رۆم .

هەوەڵین چیرۆکی ئیسپانیایی واتە **"سیفاری سوارچاک** بوو کە باسی بەسەرهاتەکانی **سوارەی خەڵک**"ی دەکرد کەئافرەتێک دڵی رفاندبوو .

زوربەی ئەو چیرۆکانە هەر بەدەست دەنووسران وبۆ گوێدێران دەخوێندرانەوە هێندێکیشیان لەبەر دەکران و دەبوونە گۆرانی .

تاساڵی١٤٧٤ لە ئیسپانیا مەکینەی چاپ نەبوو .ئەگەر چی لەوساڵەدا چاپ هاتە ئیسپانیاش بەڵام لەبەر دەست بەسەرداگرتنی کلیسا زۆر کەم کتێب وچیرۆک لە چاپ دران .

سەدەی زێرین

نیوەی دووهەمی سەدەی شازدە وبەشی زۆری سەدەی حەقدە نەک هەربۆئەدەبیات بەڵکوو بۆمیعماری وهونەرـ یش بە سەدەی زێرین دەناسرێن .

ئەو سەردەمە لەگەڵ بڵاو بوونەوەی شیعرەکانی دوو شاعیری هەرە بەناوبانگ واتە **"خوان بوسکان المغابیر" و"گارسیلا سودلابیغا "** دەس پێ دەکا . شایانی باسە کە بەناوبانگترین کتێبی ئەو سەردەمە چیرۆکی **"دۆن کیشۆتی"** خەڵکی مانچا

نووسراوەی "**میگل دسیروا ـ نتس**" بوو .ئەمکتێبە یەکێک لەشارەکانی ئەدەبیاتی جیهانە کە سەرنجی زۆر کەسانی بەرەو چیرۆکی رۆمانتیکی راکێشا و زۆر کەسیش لاسای نووسەرەکەیان کردەوە و دۆن کیشۆتی بەدەلێیان نووسی . هەر لەو سەردەمەشدا چیرۆک گەشەی پێدرا .یەکێک لە چیرۆک نووسەهەرە بەناوبانگەکان کەبەتێکۆشەرترین نووسەری مێژوو ناسراوە " **لوپی دویگاکارپیو**"یە کەنزیکەی دوو هەزار نمایشنامەی تراژدی و کۆمێدی وئایینی نووسیوە. ئەو پیاوە مەزنە کە بە بناغەدانەری تئاتر لە ئیسپانیا ناو دەبرێ دۆستی نێزیکی " میگل دسیروانتس" نووسەری دۆن کیشۆت بوو .

بەداخەوە دەس درێژی بێ سنووری کلیسا وشایەتی بۆ سەرکاری ئەدیبەکان و راکێشانی بیروهەستی وان بەرەوچوارچێوەی کۆنی کاتۆلیکی سەدەی زێرینی ئەدەبیاتی ئیسپانیای دوایی پێ هێنا و هەتا نزیکەی سەدساڵ نووسەری بەناوبانگ لەئیسپانیاهەڵ نەکەوت . پاش مردنی فێردیناندی حەوتەم لەساڵی ١٨٣٣ شەپۆلی رۆمانتیسیزم ئیسپانیای داگرت . ئەوەش بەربەرەکانی یەک بوو لە لایەن هونەرمەندەکانەوە لە دژی وەزعیناڵەباری سیاسی کە ئیسپانیای لەوڵاتەکانی دیکەی ئوروپا وەپاش خستبوو .لەو سەردەمەشدا نووسەری زۆر گەورە هەڵکەوتن وەکوو " **زویلا** "**ئیسپرونیدا** "،"**لارا** " پاش ئەوانە چیرۆک نووسەکانی ناتۆرالیست دەرکەوتن کە پیاوی گەورەی وەک "**پیریدا** "**پیریس گالدوس** و " **امیلیا پاردوبازان**" لەوانن .

ئەدەبیاتی سەدەی بیستی ئیسپانیا ،سەبارەت بە لە دەس چوونی ئەو ولاتانەی کە ئیسپانیادەستی بە سەردا کێشابوون ولەبەر شەرەکانی ئیسپانیا لە قارەی ، ئەمریکا زۆر کەوتۆتە ژێر تەئسیری ژانی گەل .شێوەی **مۆدێرنیزمی** ئیسپانیا بەرهەمی ئەو سەردەمەیە شاعیرەکانی ئەو سەردەمە هەر چاویان لە رابردووی ئیسپانیا بوو وبەئاشکرابی شیعرەکانیان لە ژێر تەئسیری **لۆیزدگۆنگورا** شاعیری سەدەی زێرین بوو.. لەشاعیرە بەناوبانگەکانی ئەو سەردەمە کەغەزەلیان دەگوت **رۆدێن داریۆ و خوان رامۆن خیمینیز** بوون .

لەماوەی ساڵەکانی ١٩٣٠ و١٩٤٠ زوربەی هونەرمەندو نووسەرەکانی ئیسپانیا لە



دەرەوەی وڵات دەژیان چونکە نە دەیان توانی لەبەرامبەر سانسۆر ودیکتاتۆری فرانکۆ چاو بقووچێنن نە هەست و بیریان بگۆرن.**پیکاسۆ** وێنە گەری بەناوبانگ یەکێک لەوانە بوو کە ئیسپانیای بەجێ هێشت و چوو بۆ فەرەنسە .

لەو سەردەمە نالەبارەو ناخۆشەدا شیعری شاعیرە بەناوبانگەکان وەک:**گارسیا لۆرکا " مانویل مەچادو و "میگیل هیرناندیز"** قەدەغە کران .

گارسیالۆرکا شاعیر و هونەرمەندی هەرەبەناوبانگی ئەو سەردەمە تەنانەت خرایە بەندیخانەش و لە ساڵی ١٩٣٦ تیرەباران کرا کە گەلی ئیسپانیا هەتا ئەورۆ هەر شینی بۆ دەگێرێ



جۆماڵ

لەکوردستان دا وەرزێری ومەرداری لەکارەکانی بنەرەتی دەژمێردرێن، یەکێک، لەکارەکانی سەرەتایی وەرزێری جۆگەماڵ یا جۆماڵ کردنە .جۆگەماڵ لەکوردستاندا شوێنەکی تایبەتی هەیەخەڵکی کوردستان مانگی رەشەمەلە مزگەوتەکاندا خڕدەبنەوەو باس لەجۆگەماڵ وکاری وەرزێری دەکەن ودەڵێن: برالەوا بەهارهات وکاتی جۆماڵ کردنە دەبێ لەئێستەرا جۆگەکانی زەوی ومەزرامان خاوێن بکەینەوە بالەکاتی ئاوداشتندا کارمان بەهاسانی بڕواتەپێش :

ـ کەدەیا بیست رۆژلەبەهار تێدەپەڕێ وەرزێرەکانی کوردستان خەریکی جۆماڵ کردن دەبن.

جۆماڵ کردن بەتێکڕایی جێ بەجێ دەبێ.یانی تەواوی وەرزێرەکان پێکەوەرۆژێ، جۆگەیەک خاوێن دەکەنەوە .

ئەوانی زەوی وزاریان هەیەوبۆخۆ ناتوانن بچنە جۆماڵ کردن، پیاوێک بەپووڵ یابەگەنم حەقدار دەکەن ئەڵبەت حەقی ئەو پاڵەیە پووڵی نەغدەیاگەنمی سەر خەرمانانە .

جا ئەگەر دەستیان بەجۆماڵ کرد، دوو رۆژپێش لەجۆگەماڵ کردن میراو دەچێ ئاولەجۆگە دەکا کەویشک بێتەوەبەیانی هەرکەس لەماڵەوەدەردەکەوێ

وتوورەکەیەک نان وچای و پێمەرەیەک لەسەرشانی لەبەر دەرکی مزگەوت کۆدەبنەوە. کەهەمووهاتن وکەسێک لەخاوەن مەزراکان نەمان پێکەوە بەرەو جۆگە وەڕێ دەکەون. لەرێگادا بەگاڵتە و گەپ وحەیران وگۆرانی رادەبوێرن تادەگەنەسەرکار. کەگەیشتنە سەرکار، توورەکەکانی نان وچای لەجێگایەکی تایبەت دادەنێن، ئەوسا میراو پالەکان دەکاتە دووبەش ئەگەر هەرلای دەنەفەربێ یەکی دەپێمەرەیان بۆ دەپێوێ و بەمجۆرە هەرکەس خەریکی



بەشی کارەکەی دەبێ. لەوجۆگەیەدا دەبێتە هەراوهوریایەکی سەیر وهەرکەس تێدەکۆشێ زووتربەشی کاری خۆ تەواوبکا جۆگە شر جێگای خۆشونا خۆشی هەیە، جێگای بلێندونەوی هەیە. دەستەی واهەیە کە دەکەوێتە جێگای نەوی وخاوێن وکارەکەیان زوو کۆتایی پێ دێ.

دەستەی واشهەن کەدەکەونە جێگای بلێندوو پرقورو وحەیاتیان لێ دەبڕێ وکارەکەیان زووخەلاس نابێ. لەکاتی کارکردندا هەمیشەدەستەیەک کاردەکەن ودەستەیەکیش دادەنیشن. جاری وایە دەگەل کار، گۆرانی وحەیران ولاوک گوتنیش هەرهەیە.

کە کاتی نان وچاش هات چەند نەفەران دەنێرن بۆچا لێنان، کاتێکەچاسازبووهەموو پێکەوە بەسەیر وسوحبەت و گاڵتە وگەپ چایەکەیان دەخۆنەوە. جاری وایە یەک شیرێژ ورۆنی پێیە، یەک ماستی پێیە، یەک پەنیر وهێلکەی پێیە، یەک نوێشک (کەرە) وسەرتوێی پێیە، تەواوی ئەوپێخۆرانە پێکەوە دەخۆن

پاشخواردن وخواردنەوەدیسان هەلدەستن وخەریکی شۆڵ وکاری خۆیان دەبن. کاری جۆمال کردن کەتەواو بوو، بەندی ئاوێ تێک دەدەن وسەرلەنوێ، بەندێکی دیکەی پتەوتر و قایمتر سازدەکەن.

هەمیشە لەکاتی جۆمال کردندا پالەکان کایەی جۆرا و جۆریش دەکەن وەک: زۆرەبانی کیسەل پسەکێن، بارەخوێ، عرووسی، هەمزەلێن، .... زۆر جاروایە لەوکایانەدا، دەستو لاق وسەریان دەشکێ.

دابێکی دیکەشلە نێو کرێکاران بەتایبەت لەنێو پالەکانی جۆمال داهەیەئەگەر هەلکەوت ریشسپیەکی ئاوایی بۆلای جۆمالەکان هات یەکێک لەجۆمالەکان پێمەرەیەکی بۆهەلدێنێ. ئەویش پارەیەکی لە گیرفانی دەردێنێ وبەوانی دەدا، جۆمالەکان بەو پارەیە خواردەمەنیەکی دەکڕن وپێکەوە دەیخۆن.

ئێواران کاتی گەڕانەوە کەهات پۆل پۆل بەرەومال دگەڕێنەوە. جاری وایە ئەو دەستانە هەریەک هەوایەکی دەلێن وبەشادی وپێکەنینەوە بەرە ومالیان دەچن.

بەلام ئێستا ئەوکارانە هەموو بەماشین دەکرێ وکاری جۆمال کردن وابەرەبەرە، خەریکە لەبیربچێ ونەمێنێ.

ئێمە و خوێنەر

تکا لەخوێنەرانی بەڕێزی سروە دەکەین ئەم خاڵانەی خواروو لەبەرچاو بگرن :

١- نووسراوەکان بە خەتێکی خۆش بنووسن وابێ بۆ خوێندنەوەی تووشی گیروگرفت نەبین .

٢- لە دیوێکی کاغەز بنووسن .

٣- ناونیشانی خۆتان تەواو بنووسن تا وەڵامی نامەکانتان بە دەست بگاتەوە .

٤- ئەگەر بابەتی وەرگەراومان بو دەنیرن ئەسلەکەشی بو بەراورد و هەلسەنگاندن بو ئەم ناوەندە بنیرن

٥- ئەگەر دەگونجێ نووسراوەکان لە دوو یا سێ لاپەرەی گۆوارەکە پتر نەبێ بۆئەوە جێگە بۆهەموو بابەتێک ئاواڵە بێ .

٦- دەستەی نووسەرانی سروە وەک گۆوارێکی فەرهەنگی- ئەدەبی دەتوانێ لەباری رێنووس ورێزمانەوە دەست لە نووسراوەکان وەربدا .

٧- ئەو بابەتانەی بۆ ئێمەی دەنێرن لەبایەگانی-دا هەڵدەگیرێ و ناگەڕێتەوە بەخاوەنی .تکایە نوسخەیەک لای خۆتان رابگرن .

دەستەی نووسەرای سروە

مەهاباد : عەلی رەمەن

پاش رێز وسڵاوی زۆر نامەکەت گەیشت لەوەی کە وەڵامی نامەکانی رابردوو ت نەدراوەتەوە داوای لێ بووردن دەکەین .

نووسینی وتارێک لەسەر رێنووسی کوردی لە سروەدا پێویست ناکا . رێنووسی کوردی ئەوەیە کە سروە پێی دەنووسرێ. لەکۆنگرەی فەرهەنگ وئەدەبی کوردیدا ئەو باسە کراوە و تەواو بووە.

لەکوردستانی ئێراندا سێ لەهجەی گەورەی کوردی هەیە کەبریتین لە : کوردی شیمال (بادینی) کوردی ناوەندی (سۆرانی) کوردی جەنووب (هەورامی - لوری)

لەکوردستانی عێراقدا بادینی وسۆرانی باوە ولە کوردستانی تورکیەدا تەنیا کوردی بادینی رەواجی هەیە.

لەهجەی رەسمی کوردی، لە ئێران کوردی ناوەندی یە کە سروە پێی دەنووسرێ. لە عێراقیشدا هەر وایە. لە تورکیەش بە کوردی شمال دەنووسن .

لەگەڵ چوونەسەری پلەی زانست وفەرهەنگ زبانی یەکگرتووش پەرە دەستێنێ و هەموو تێک دەگەن .

بۆکان:**ئەبووبەکر خالندی**

. چەندپرسیارت هێناوەتەگۆڕێ کەوەلامەکانیان لەژێرەوە دەبینی :

١- نووسیوتە بابەتی وەک "شەڕی کراس " و "بووکی یەکشەوە" بە چ مەنزوورێک لە گۆواری سروەدادەگونجین.

برای خۆشەویست لە گووارێکی وەک سروە کە فەرهەنگی - ئەدەبی یە دەبێ تەنز وکورتە چیرۆک و بابەتی جوراوجور بنووسرێ تاخوێنەر لەگەڵ نووسراوەکاندا بتوانێ خۆی سەرگەرم بکا وشتێکیش فێر بێ . گۆوار ناتوانێ پڕبێ لەبابەتی زەق وسەخت و نائاشنا ولەگەڵ کتێبی دەرسی جیاوازی هەیە .

٢- ئەوەی کە لە نووسراوەکاندا زۆر باسی تەبیعەت دەکرێ ئەوەیە کە

کوردستان وڵاتێکی جوان و خنجیلانە ولەبەر دڵانە. ئەو جوانی ورەزاسووکی یە کار دەکاتە سەر نووسەر و شاعیرەکان بەڵام تەنیا نابێ لەبارەی تەبیعەت بدوێین وشێت بنووسین. ئێوە دەتوانن لەبارەی ئابووری هونەری دینی و گەل مەتڵەب بنووسن و بۆمان بنێرن

٣ـ ئێمەش ئەو نیازەمان هەست پێ کردووە کە باسی قافیەورەدیف وریبازەکانی شیعر وپەخشان نووسین بکەین هیواداریین لە داهاتوودا ئەو کارە ئەنجام بدرێ.

٤ـ بۆشیعردانان زانینی ئوسوول وفەن و دەستوور و دەسەڵاتی ئەدەبی پێویستە شیعرێک هەستی خوێنەر دەبزوێنێ کە دەردی گەل باس دەکا وقسەی دڵی جەماوەری خەڵک دەکا و عیرفان و حەقیقەتیان پێدەڵێ. بەکورتی ئەوان بۆ لای راستی ودروستی رێنوێنی دەکا.

٥ـ کوردی خوراسان لە زەمانی شا سمایل وشا عەباسی سەفەویدا گوێزرانەوە خوراسان. ئێستاش بەکوردی بادینی (شکاک) قسە دەکەن و رێ و شوێن وزبلانی کوردی یان لەبیر نەچۆتەوە زۆربەیان شیعەمەزهەبن و زۆریان کوردستان خۆش دەوێ پێویستە (کتێبی حرکت تاریخی کرد بەخراسان ـ کلیم اللە توحدی) بخوێننەوە

مەهاباد: **رەسووڵ قادری نوور**

لەبابەت ژیانی حەسەن زیرەکەوە پرسیارت کردووە. بەداخەوە ئێمە بەسەرهاتی ژیانی ئەم هونەرمەندەگەورەمان لەدەست دا نیە. لێرەدا داوا لە تۆ و تەواوی خوێنەرانی بەرێزی سروە دەکەین ئەگەر بەسەرهاتێکی تەو وی حەسەن زیرەکیان هەیە بۆمان بنێرن تا دوای رای دەستەی نووسەرانی سروە بۆ چاپ ئامادەی بکەین.

نەغەدە: **محەممەدئیستقیلی**

ئەم بابەتانەی ئاشیرەت پێ کردوون بۆمان بنێرە دەیدەین بە دەستەی نووسەرانی سروە رای لەسەر بدا وئەگەر پەسند کرا لە چاپی دەدەین.

بۆکان: **محیەدین ئەحمەدی**

براگیان: نامەجوانەکەت گەیشت لە هەستی هاوکاریت سپاس دەکەین.

پرسیارت کردووە کە کتێبی کوردی بە ناوی "ئەسرار مەرگ" هەیە؟ ئەگەر هەیە نووسەرەکەی کێیە وباسی چ دەکا؟

لە وەڵامدا دەبێ بڵێین: ئێمە وەها کتێبێکمان بە کوردی نەدیوە و نازانین باسی چ دەکا.

نامە و دیاری ئەم ئازیزانەشمان بەدەست گەیشتووە سپاسیان دەکەین.

نەغەدە: سمایل شەریفی
بۆکان: کۆکان ئیسماعیل زادە
بۆکان: مەحموود فەرەجی
مەهاباد: تاهیر سەلیمی
میاندواو: بەهائەددین
سەردەشت: رەحمان میهرەبان
سەقز: هەژار فاروقی
نەهاوەند: ئەبووبەکر شادان کەماڵ ئیسماعیل زادە ،رەسوول شەمسەددین ، ئەسعەد جەوانمەردی
مەریوان: فەرهاد محەممەدی
شنۆ: مینا زەرزا
سەردەشت: عەولا ئازەری
سنە: موختارشێخ حەسەنی
سوما: گوڵاڵە عومەری
بانە: ک .د. ئازاد
مەهاباد: کەماڵ فەتاحی قازی
ورمێ: ماموستا سەدرەددین
مەهاباد: م. ئاسیابان
تاران: فارووق سەفی زادە
بۆکان: ئاسۆ
مەهاباد: کەماڵ تەنیا
بانە: عەلی حوسێنی
بۆکان: سمایل قاسمی
بۆکان: محەممەد رەشید ئەحمەدی
بۆکان: شەریف عەرەبی
بانە: کەریم دافیعی
پیرانشار: سمایل سەید شکری
پیرانشار: قادر پیرەمێرد
ورمێ: مەقسوود بەلەدی
ه .م .ج: مەرگەوەڕ

رەخنەی رەخنە

قازی - محەمەد

هیچ گومانی تێدا نیە ئەگەر کاری هونەری و ئەدەبی نەکەوێتە ژێر باس و خواس و رەخنەلێگرتن ئەو جۆرەی پێویستە هەڵنادا و بێ ئاگا ورەنگە بەرەو هەڵدێر ولارێ بڕوا و تێدا بچێ. هەر لەبەر ئەوەش ئێمە (کاربەدەستانی گۆواری سروە) زۆر پێشوازی لە رەخنە وڕێنوێنیی رووناکبیران و نووسەرانی خۆشەویست دەکەین ورەخنەکانیان بە بێ سێ و دوو لێکردن و دەست تێوەردان چاپ دەکەین و داوەری وهەڵسەنگاندنیش دەدەین بە خوێنەران. بەڵام بۆ ئەوەی رەخنەگریش تووشی لارێ و هەڵەنگووتن نەبێ و خوێنەریش وەک رەخنەگر دەڵێ "کڵاوی نەچێتە سەر" وپێی وانەبێ هەرچی رەخنەگر دەینووسی راستە و قسەی تێدا نیە.

بە پێویستم زانی جوابێک لەمەڕ رەخنەی رەخنەگری تەنزی "پەروەندە" بەکورتی بدەمەوە.

دووپاتی دەکەمەوە، رەخنەگرتن بەلای منەوە زۆر پێویستە ودەبێتە هۆی وشیاربوونەوەی نووسەر و سەرکەوتنی لە نووسیندا و هیوادارم ئەو جواب دانەوەیەم نەبێتە هۆی پرینگانەوەی دۆستان لە رەخنەگرتنی بەرێ وجێ و زانایانەیان.

رەخنەی هەرە گەورەی رەخنەگر لەتەنزی پەروەندە وەک خۆی دەنووسێ ئەوەیە کە: "نووسەر دەبێ قارەمانەکانی خۆی لەنێو کۆمەڵ هەڵبژێرێ ولەشوێن وکاتێکی دیاری کراودا دەکایەیان بێنێ ..."

ئەو فەرمایشە زۆر بەجێ یە. بەڵام بۆ من روون نیە کە قاچاغچی و دادیار وپاسەوان وهاتوچۆی زۆر لێکراوێکی وەک هەمەوەند و شوێنێکی وەک دادسەرا و دادگوستەری و قاوەخانە کامیان لەناو کۆمەڵ هەڵنەبژێردراون ؟! ئەو قارەمانانە کامیان لە مریخ یازوهرەوە هاتوون ؟! مەگەر رەخنەگر حەشیمەت و هات وچۆو تێکەوەهاویشتنی خەڵکی لە دادگوستەری و شارەوانی چاوپێ نەکەوتووەو نازانێ گرفتاری زوربەی ئەوانیش هەر ئەوەیە کە لە تەنزی "پەروەندە" دا باس کراوە ؟!


رەخنەگر ئەوەی پێ سەیرە کە نووسەر دەڵێ " پەروەندەیەک بە خەتی میخی، لە زەمانی هەخامەنیشی را لەبایەگانیدا مابۆوە!بۆروون کردنەوەی ئەم خۆشەویستە پێویستە بڵێم کە نووسەر حەقی موبالەغەی هەیە بۆ ئەوەی سەرنجی خوێنەر بە تەواوی بۆ مەسەلەیەک راکێشێ. (بەوە دەڵێن *Exageration*)

بۆ نموونە ئاوڕێک لە ئەدەبیاتی جیهانی دەدەینەوە و دوو سێ نموونە دەخەینە ژێر باس ولێکۆڵینەوە:

کافکا نووسەری بەناوبانگی چێکی لەداستانی " مەسخ"دا دەنووسی کابرا - " مەسخ"دا دەنووسێ کابرایەک شەو لەوەتاغەکەی خۆیدا لەسەر پشت راکشابوو فکری دەکردەوە. وردە، وردە زگی هەڵمسا وهەتا وەک

جاڵجاڵووکەیەکی زەبەلاحی لێهات و...

جۆرج ئۆروێل نووسەری بەناوبانگی ئینگلیسی کە دەکرێ بە گەورەترین تەنز



نووسی بریتانیای بناسین لە کتێبی"قەڵای حەیوانات"دا قارەمانەکانی بریتین لە چەند بەراز و دوو ئەسپ و کوێ درێژێک و ژمارێک گا و مانگا و...

ئەم ئاژەڵانە لە دژی، خاوەنەکەیان شۆرش دەکەن و سەر دەکەون و تەویلە و مەزرا داگیر دەکەن. پاشان شەڕی قودرەت لە نێوانیان دا دەست پێدەکا و زۆری پێ ناچێ دوو بەراز بەسەر مەزرا وئاژەڵەکانی دیکەدا زاڵ دەبن ودەست دەکەن بە حکوومەت کردن. هەڵدەستنە سەر پاشوو رادەوەستن. وەک ئینسان بە رێگادا دەڕۆن و قاوە و شیر دەخۆنەوە و سیغار دەکێشن و بە قەمچی ئاژەڵەکانی دیکە تەمێ دەکەن وئیعلامیە دەنووسن و بە نەردیواندا وەسەر دەکەون ودروشمی "حەیوانی" لە دیواران دەنووسن و...

ئەوجار بڕو بڕوانە مارک تواین تەنزنووسی بەناوبانگ لە کتێبی " دوانە سەیروسەمەرەکان"دا موبالەغەی چۆن دەکا.

خودا روحمی بەوان کرد نووسراویان نەدا بە سووە نووسراوەیان نەدا بە سروە دەنا رەخنەگر ئەوەی بەسەر دەهێنان کە هەمەوەندبەسەر عەبە قاچاغچی هێنا!!

دەبێ ئەوە بزانین کە رەخنەگرتن لە چیرۆک و داستان وتەنزی کۆمەڵایەتی و بابەتی دیکە پێداویستی بە موتالای هەراو وقووڵی ئەدەبیاتی جیهانی بەتایبەتی رۆمان هەیە. کەمایەسی لەم بەستێنەدا رەخنەگر تووشی هەڵە وسەرلێشێواوی دەکا.

لە هێندی جێگا دەبێ بۆ رەخنەگر "لە بنی کولەکەی بدەی!" دەناحاڵی نابێ! بوونی پەروەندەیەکی کۆن لە دادگوستەریدا دەکاتە بەهانە ودەنووسێ: "...نووسەر بایەگانی دادگوستەری دەکاتەمووزە.." وله کوتایی دا دەڵێ: "لە زەمانی هەخامەنیشی دا کە نووسین لەسەر بەرد وخشت وپێست باو بووە ئەدی کاغەزیان لە کوێ را هێنابوو کە پەروەندەی کامبوژیای لێ بنووسن؟"

دەبێ بڵێم "جَلَّ الخالِق!" لەبەر ئەو رەخنەیە!!وادیارە هەرشتێکی لەسەر بەردوخشت و پێست نووسرابێ یا

هەڵقەندرابێ ناکرێ بخرێتە سەر کاغەز !ئەمن دەڵێم دەبێ و بۆ روون کردنەوەی رەخنەگر لەبنی کولەکە دەدەم !"شکایەتی کامبۆژیا ٢٥٠٠ ساڵ لەمەوبەر لەسەر بەرد هەڵقەندرابوو.مەسەلەن لە کۆڵینەوەی تەختی جەمشیددا دۆزراوەتەوە. پاشان عەکسیان لێ هەڵگرتووە و عەکسەکەیان خستۆتە سەر کاغەز و پەروەندەکەیان ناردۆتە بایەگانی دادگوستەری و بەردەکەشیان راگوێزتۆتە مووزە !

دیسان لەو رەخنەیەدا تووشی بۆچوونێکی زۆر لاواز دەبین. رەخنەگر دەڵێ عەبە قاچاغچی زگ زل ئەگەر وا کزە چۆن قاچاغچیگەری دەکا و پوولی خەڵک دەخوا. دیارە رەخنەگر لەسەر ئەم باوەرەیە کە قاچاغچی وەک رۆستەمی زەمانەیە و پلەی وەرەی بەرزە وزۆر ئازایە! بەپێچەوانەی ئەم بڕوایە پێویستە بگوترێ ئەو کەسەی بۆ بەڕێوەبردنی ژیانی روو لە کاری خراپ و دزی و درۆزنی و قاچاغچیەتی دەکا پلەی وەرەی زۆر نزمە.چونکە ناتوانێ شان وەبەر ئەرکی ژیانی شەرافەتمەندانە بدا و دژواریەکانی قەبووڵ بکا . تەحقیقات و لێکۆڵینەوەی کارناسان لە زیندان و گرتووخانەکاندا نیشان دەدا کە قاچاغچی و دز و درۆ زن کە بیرو باوەڕی بنەڕەتیان نیە و .ورەیان زۆر نزمە و بە دوو هەڕەشە و گوڕەشە و هێندێک جەزرەبەدان هەموو رازێک دەدرکێنن. جا بۆیە راسان وداپسانی راستینی هەمەوەند دەتوانێ عەبە بخاتە لالانەوە وپاڕانەوە..

نامەوێ زۆرتر لەسەر تەنزی "پەروەندە" بکەمەوە بەڵام شتێک بۆمن جێگەی سەرسوڕمانە!ئەویش ئەوەیە کە رەخنەگری خۆشەویستمان لای وایە نووسەری "پەروەندە" پاسەبان "مەمدەلی" تەنیا بۆ ئەوە هێناوە کەلەجیات "قانوون"بڵێ "گانوون" و بزەیەک بخاتە سەر لێوی خوێنەرا! من خەریکم لێوم دەبنە پزوو، چاویشم ئاوی تێدەگەڕێ کە بگریم. بۆ دەبێ رەخنەگر وا فکر بکاتەوە؟ بۆشی لە بنی کولەکە نادەم تا بۆخۆی هۆیەکەی بدۆزێتەوە! .


بەلای رەخنەگرەوە سەیرە هەمەوەند بە قسەی پیری مەنگوڕ رادەپەڕێ و ئازا دەبێ ومافی خوراوی خۆی دەستێنێتەوە. تەنانەت بێزیشی لێی هەڵدەستێ! پێویستە دیسان سەرنجی ئەو بەرەو ئەدەبیات رابکێشم لە هەزاران نەقڵ و داستان دا دەبینین کە قسەی دۆست یا دوژمنێک دەبێتە هۆی وەخۆهاتنەوە و راپەڕینی قارەمانی داماو کە ئەو راپەڕینە چارەنووسی دەگۆڕێ و دەبێتە هۆی سەرکەوتنی. لە شیعری ." هەڵوی" خانلەری دا قالاو بە هەڵو دەڵێ دەست لە چیای بەرز بەردە و وەرە، نزمایی ووەک ئێمە بژی... بەڵام :

راچەنی لەو قسەیە پیرە
هەڵۆ
هاتەپێش چاوی گەلێ
کەندو کلۆ
کەوتە ناوگێژی خەیالات
و خەمان
مان ئەگەر وابێ چ
شیرینە نەمان!

هەروەها زۆر قارەمانی تاریخ وابووە بە بیستنی قسەی پیرەپیاوان راپەڕیو ن و تەنانەت دیتنی تێکوشانی بێ وچانی مێروولەش لە ناهومێدی رزگار کردوون و گەیاندوونیەتە ترۆپکی سەرکەوتن. مامۆستا هێمن بەبیستنی شیعرێکی مامۆستا هەژار(هێمن ئەو بولبولە سەر بێ تووکە.... راپەڕی وبەرەو مەیدانی خەبات رۆیشت و.... جا نازانم ئەو چوابەی منیش دەبێتە هۆی راچەنینی کاکی رەخنەگر یا خێر!...

هونەر و هونەرمەندانی کوردستان

حەسەن رەحیمزادە



ـ تکایە بەر لە هەموو شت خۆت بناسێنە .

ـ من حەسەن رەحیمزادە خەڵکی شنۆ ساڵی ١٣٤٢ لە شاری شنۆ لەدایک بووم فەوقی دیپلۆمی هونەرم لە تەربیەت موعەلیمی تاران وەرگرتووە و ئێستا دەبیری هونەری ئاموزش وپەروەرشی شنۆم .

ـ چۆن بوو هۆگریت بە وێنەگەری پەیدا کرد ؟

ـ من کوڕی جووتێرێکی نەخوێندەوارم، وەتی چاوم پشکووتووە وێرای خوێندن لەگەڵ زەوی وزارو دەشت و مەزرا سەروکارم بووە . وەبیرم دێ وەختی بێکاری مەدرەسە لە مەزرا کارم دەکرد . وەختێک چام لێدەنا کەتری بەکە رەش دەبوو بەچیلکەوچاڵ چەند خەتم لەسەر دەکێشاوە . زۆر جار شتی سەیروەدەردەکەوت بەڵام لەبەر خاتری ئەوە کە شەرمێون بووم لە رووم هەڵنەدەهات بە کەسیان نیشان بدەم . دەنا هەر ئەودەم کەرەخنەیان لێ گرتبام وفێری وێنەگەریان کردبام ئێستا کارم لە جێگایەکی دیکە بوو .

بەڵێ لە فێرگەش کارو باری وێنەکێشانەوەم وەستۆ گرتوتەوە و نەقاشی [illegible] دەکێشا [illegible] خوێندندا دوو کەس زۆریان هانیاندام و بەکارێکی وێنەگەری گونجاویان دڵخۆش کردم . یەکیان " کاک [illegible] " بوون ئەوی دیکەم کاک "قادری ئالەمی" دەبێ [illegible]


ساڵی ٥٦ بۆ یەکەم جار رەنگم ناسی و دەستم بە نەقاشی ڕەنگ و رەغەن کرد بەڵام کەسم نەبوو [illegible] یەکێک جێگەیەکیشم بۆ کار کردن [illegible] . لە ساڵی [illegible] ٦٠دا چەند تابلۆی خۆم بە خەڵک نیشان دا . [illegible]

. نمایشگایەک نەبوو بەڵام ڕۆژێکی تەحتیل کە دووکان و بازاری خەیابان داخرابوون چەند تابلۆم لە قەراغ خەیابان دانا وویستم خەڵک بێن چاوی لێ بکەن و شارەزا ڕەخنەم لێ بگرن و هەڵەکانم دەستنیشان بکەن.

بەختەوەرانە خەڵک پێشوازی یان لێکرد. زۆر ڕەخنەی بەجێیان لێ گیرا. ساڵی ٦٢ بۆ هەوەڵ جار یەکێک لە هاوکارەکانم لە لایەن هیلالی ئەحمەدەرەوە لە موسابەقەیەکی سەرانسەری وڵاتلە تەورێز بەشداریم کرد. لەبەر خاتری ئەوە کە پووڵی کڕینی کەرەستەی وێنەگەریم نەبوو، نەمتوانی یەکەم جەلەسە هاوبەشی بکەم بەڵام جەلەسەی دووەم، بەشداریم کرد و مەقامی هەوەڵم هێناوە. و دیپلۆمی ئیفتیخاریان دامێ. ساڵی ٦٣ لە موسابەقەی وێنەگەری وڵاتلە مەشهەد بەشداریم کرد و لەوێش پلەی دووەمم هێناوە ودیپلۆمێکی دیکەشم وەرگرت.

– بەگشتی دەتوانی بڵێی کۆسپی ڕێگای سەرکەوتنی زۆرترت لەهونەردا چ بووە؟

– جارێ شارەکە شارێکی چکۆلەیە. کەرەسەی کەم لێ وەدەست دەکەوت. منیش هیچم بە جەرگەوە نەبوو. جێگەیەک نەبوو کاری لێ بکەم. کەمتر لەگەڵ هونەرمەندان شارەزاییم بوو. لە هەموان گرینگتر، من زۆر شەرمێون بووم و پێم وابوو کارەکانم ڕووی مەجلیسیان نیە. ئەوانە هەموودەستیان دا دەست یەکدی و بوونە



بەرهەڵستی پێشکەوتنم

– بە بڕوای تۆوێنەگەری چیە؟


– وێنەگەری زمانێکی تایبەتی هەیە وێنەگەر بە زبانی ڕەنگ و تەرح و خەت لەگەڵ جەماوەری خەڵک دەدوێ! وێنەگەری سەرکەوتوو ئەوەیە کە بەو زبانە دژوارە پەیامی خۆی بە خەڵک رابگەیەنێ وێنەگەریش هەر وەک شیعر و ئەدەب دەبێ لە خزمەتی خەڵک دابێ و تا دەتوانێ دەردی بەرەی مرۆڤ بنەخشێنێ و پێشانی بینەرانی خۆی بدا.

زۆرتر بەچی کاردەکەی؟

– کارکردن بە ڕەنگ و ڕەوغەنم زۆر بەدڵە چون دەوامی زۆرترە و چاکتر کاری لەسەر دەکرێ. هەڵبەت بە ئاورەنگ وسیاقەڵەمیش کارم کردووە بەڵام ئەوەی مەبەستی دڵم بێ هەر بە ڕەنگ و ڕەوغەن کێشاومەتەوە

سووژەی تابلۆکانت چن؟

– سووژەی من خەڵکە. کار وباری کۆمەڵایەتی و ژیانی ئیمڕۆی شادەمیزادە. هەڵبەت هەڵبژاردنی سووژە بەستە بە چۆنیەتی ژیانی







وێنەگەرە. منی کوڕە جووتێر ناتوانم سووژەیەک هەڵبژێرم کە زۆری لێ دوورم ...

بە هەر حاڵ وەختێک سووژەیەکم بە مێشکدا هات بەوردی فکری لێدەکەمەوە.

چاکێکی پیرۆز هەیە بە نێوی "سوڵتان مستەفا" کەوتۆتە قەراغ شاری شنۆ. تابلۆیەکم هەر بەم ناوە گەڵاڵە کردووە، بۆکێشانەوەی ئەم چاکە دەبێ زاویەیەک هەڵبژێرم کە بتوانێ سامو هەیبەتی ئەو گۆڕستانە و ئەو چاکە نیشان بدا. مەبەستم ئەوەیە وێنەگەر دەبێ زۆر ورد بڕوانێ و لە هەڵبژاردنی سووژەدا زۆر وەستا بێ و زۆرشت وەبەر چاو بگرێ.

– تابلۆکانت ماون؟

– زۆربەیانم نەماون. دۆست و ئاشنا لێیان ستاندووم یا بۆخۆم پێشکەشم کردوون. بەڵام ئەوانەی بۆ دڵی خۆم کێشاونەوە هەر ماون

– بەناوی هونەرمەندێک چ ئارەزوویەکت هەیە؟

ئارەزووم ئەوەیە تاقە وەتاغێکی تایبەتی وێنە گەریم ببێ و لە باری ماڵیشەوە ئەوەندەم دەستە – ڵات ببێ هونەرێکی باشتر پێشکەش بە خەڵک بکەم. هەڵبەت من وەک لە پێشدا گوتم دەستەنگی و نەداری زەبری لەکاری هونەریم داوە

بەڵام نەیتوانیوە بەتەواوی شلم بکاتەوە. قەت ورەم، بەرنەداوە و دەستم لە کار هەڵنەگرتووە. ئەو کەسەشم خۆش دەوێ کە رەخنەی بەجێ لە کارەکەم دەگرێ و ڕێنوێنیم دەکا

– هیوادارین بەئاواتەکانت بگەی. ئێمەش داوای سەرکەوتنت بۆ دەکەین.

– منیش پڕ بەدڵ سپاسی ناوەندی بڵاو کردنەوەی فەرهەنگ وئەدەبی کورد دەکەم کە بۆ ناسینی هونەری خۆماڵی لە حەول دایە ....

کۆچ و کۆچبار

ر.رەشەحمەدی

بەهار جوانە، خۆشە، لەبەر دڵانە، خو ناوەی بارانی، رەهێڵە و تریشقە و گرم و هۆڕی هەورەکانی، بۆن و بەرامەی چیاودۆڵ ولاپالانی، قاسپەی کەو و چریکەی بولبول و کێشەوەی باڵندەکان بۆهێلانە سازکردن و هۆهۆی جووتیار، دیمەنی تەواونوێن وچیمەنی نەخشین و لێمشتی فرمێسکی رنووی رندۆڵانی، لووزەوەی بەفراوی ئاوهەڵدێرانی، چادرو چیغ و هەوار و کۆچ و کۆچباری، کام شاعیر و نووسەرێکی ناوەخۆ هەستهاتووە و رۆیشتووە و جارێکی بەدیمەنی دڵڕفێنی بەهاردا هەڵنەگوتووە و گڕو بڵێسەی دەروونی دەرنەبڕیوە؟ بەهار جوانە، چون سەرەتایە پاکە، بێگەردە. هەموو شت نوێ دەبێتەوە، سیا سووتە و سفرەی نەخشینی بەهار بەرەو کرانەوە و راخرانە، دەبا، نە، بە زمانیکی ئەدەبی بەڵکوو بە راوێژێکی خۆماڵی بدوێین و سەبارەت بە گۆشەیەک لەو هەموو جوانی ـ یانەی دێنە بەرچاو، بەو مەرجە بیر بڕکاوچاو هەتەر کا و دڵ خەتەرەی نەکەوێتێ هیچ شتێ لەو بارەدا لە قەڵەم ناخەین و کولی دڵی خۆمان بەیادی چەن وشەی کۆن و رەسەن هەڵدەڕێژین و لەو کوێستانە سەربەرزو کۆمەڵە شاخە سەختو لە دەوروپشتی کانی شفا رابواردووە. ئەورۆ لە زوربەی هەرێمەکانی کۆچەری مەگین لەنێو مەڕدارەکان کە بە بیانووی بانەمەڕ دەنا وردە، وردە بە تایبەتی لە شارەکان فەرامۆش کراوە.هەر



گەردەنکەشانە یادێک دەکەین ئەوەی ئاشکرا و روونە لە رابردوودا تەنانەت کۆچ و کۆچباز و بەکورتی ژیانی کۆچەری لەشارەکانیشدا داب بووە. بۆنموونە خەڵکی شاری گەورەی سنە، هاوینی خۆیان

بۆیە لێرەدا ئاماژە دەکەین بەهێندێک لەو شتانەی کە پێویستی ژیانی عێلاتین و ئەوەی دەمانەوێ بیڵێین مقەستی دەکەین چونکە قسە هەزارە و دووی بەکارە.

مەبەست لە چوونەهەوار:

بێ گومان زۆر شت هاندەری ئینسانە بچێتە هەوار و ماوەیەک هەوایەکی ئازاد هەڵمژێ، ئاشکرایە ئاخری زستان بە تایبەتی مانگی رەشەمە کێچ وزیندە ـ

وارەکانی دی وەجم و جووڵ دەکەون.

لە رابردوودا ئەو دەرمانوشتە لە گورێدا نەبووە تا پەربەرەکانی یان لەگەڵ بکەن. لە لایەکی دیکەوە بە هۆی ژیانی ئاژەڵداری و وەبەرچاوگرتنی هەوای تایبەتی کوردستان کە زوو دادێ و مەودای گەرما کەمە خەڵکی ئەو ناوچەیە ناچارن بیانبەنە جێ یەکی بژوێن و لەوەڕ خۆش و بێچووەکان بە دمی خۆیان بلەوەڕێن و ببووژێنەوە و رسقی پێویستیان ڕەعەمەل بێنن و مەڕ و ماڵات لە هەوایەکی ساو لەوەڕگەیەکی سازگار هەڵبزوقێنەوە. بە نیزیک بوونەوەی وەرزی گەرما مێش و مەگەس ژیان لە ئاوەدانی تاڵ دەکەن بۆیە دەچنە جێ یەکی ئاواڵە و مێرگ و مێرغوزار وپێدەشت و قەراغ چۆم وئاو، پێم شک دێ لە دێی وەک دۆڵەتوو، ئی و هەیە هەر تەقە سەرێکیشی ماڵاتنیە بەڵام هەر کە بەهار داهات وێڕای گەلێ دەچێتە هەوار. **هەوارگە** (جێ هەوار) دەبێ گۆڕ و (راوەند) بێ. ئەگەر وانەبێ ئەوجێیە لەبەر پەسێرێکی هەلکەوتبوو جێ تاوڵ و کەپر گۆڕ دەکەن و ئاوی لێ دەپرژێنن و دەی شێلن، لەبەر پەسێران بە عام رووی تاوڵ دەلێژایی

دەکەن. جێگای چیمەن بۆ هەوار پەسندە.

رەشماڵ = تاوڵ = دەوار=

یا رەشماڵ = یا = دەوار.

بەپێی پێداویستی هەوارچی و دەست رۆینی ئەو گەورە و



چووکی هەیە. تاوڵی نێونجی کە پەسند وادابە، "سێ چەڵەکە" یا "سێ ئەستوندەک" یا "سێ کۆڵەکە" یەبۆ هەڵدانی بەلانی کەمەوە پێویستی بە دوازدە، سینگ و رستە و سێ چەڵەکە و چەند بەرچەڵە هەیە، چادری سێ ئەستوند شەش کوێنە، کە سێ سێ دەکەونە ئەو دیووئەو دیوی چادر.

سینگ : بۆ هەررستەیەک. سینگێکی سەر بە**دمک** یا سەر بە **هێچک** پێویستە، سینگی بە دمک سەری بە قولاپە یا گەڕانکی هەیە تاوەختایەکی رستەی‌تاوڵیان لێ هاڵاندرێ رستە هەڵنەمالێ. کوتکی دار بۆ

داکوتانی سینگەکان پێویستە سینگی بە گەڕانک: مەبەست لە سینگێکە کە "لەلە" کرابێ لە برێک شوێن لەباتی سینگ گولمیخ دادەکوتن.

رستە :

بەو گوریسانە دەڵێن کە سەرێکیان لە چادروسەرەکەی دیکەیان لەسینگەکانی ئاڵاون هێندێک بۆ قۆزایەتی و خۆ رانان، گوریسی رستەکان لە بەنی نەخشین دەهۆننەوە.

ژمارەی رستەکان هەتا پتر بێ چادر باشتر رادەوەستێ و لە بەرامبەر با و باکوتدا خۆراگرتوو دەبێ.

قوڵفە رستە :

قوڵفەی موویین لەحاستی جێ رستەکان لە چادرەکە چندراون یا دروان، ئەستووری وان بەئەندازەی ئەستووری رستەکانە.

سەر رستە :

گوریسێکی ئەستووری سەر

به هێچکه که‌له‌دوای هه‌ڵدانی چادر به‌سه‌ر ئه‌ستوندی نێوه راستی دادێنن و دوو سه‌ری له عه‌رزی قایم ده‌که‌ن تا له کاتی با و باسریچکدا ئه‌نگووچه‌ڵه‌کان له کڵاو ره‌شه‌کان تلاسا نه‌بن و چادر له جێی خۆی هه‌ڵنه‌قه‌ندرێ.

کڵاو ره‌شه:

هه‌ر ئه‌ستونده‌کێک سه‌ری به "ئه‌نگووچه‌ڵه‌یه" له‌جاستی ئه‌و ئه‌ستونده‌کانه، کون له چادر کراوه و په‌تکێکی به قوڵفه به‌سه‌ردا هاتووه. کاتێک ئه‌ستونده‌کیان وه‌به‌ر چادردا به‌نووکی ئه‌نگووچه‌ڵه‌کانه‌وه ده‌گیرسێته‌وه. جاری وا هه‌یه به قوڵفه قه‌ناعه‌ت ناکه‌ن و وه‌ک کڵاو ده‌یچنن و



له‌سه‌ر ئه‌ستونده‌کان قیتی ده‌که‌نه‌وه، کڵاو ره‌شه‌ی پێده‌ڵێن. جاری واشه له‌ده‌رو ژوور به گوڵینگی ره‌نگا و ره‌نگ ده‌ی نه‌خشێنن و ده‌ڵێین ئه‌و تاوڵه سوربه ژه‌نگاره.

چه‌ڵه‌که:

چه‌ڵه‌که یا کۆڵه‌که یا ئه‌ستونده‌ک دارێکی درێژه و پێوه‌ندی‌به‌گه‌وره‌وچووکی تاوڵ هه‌یه. ئاشکرایه هه‌تا درێژتر بێ نێوتاوڵ چووکترده‌بێته‌وه ئه‌وسه‌ری که رووی له‌حه‌وایه دوو په‌له تا به‌کڵاوره‌شه‌وه بگیرسێته‌وه، خوارێشی وه‌ک مه‌زره‌ق وایه بۆ وه‌ی باشله عه‌رز جێ گیر بێ.

لیسک:

بۆ هه‌ڵاوه‌سینی زۆر شتان له تاوڵ و که‌پردا پێویست به سینگی تایبه‌تی هه‌یه. له‌به‌ر ئه‌وه‌ی ئه‌گه‌ر چه‌ڵه‌که یا به‌رچه‌ڵه‌کان په‌ڵێکی‌رووبه حه‌وایان پێوه‌بێ نایبرنه‌وه‌و بۆ شت هه‌ڵاوه‌سین که‌لکی لێ وه‌رده‌گرن.

به‌رچه‌ڵه:

به‌رچه‌ڵه یا به‌رچه‌ڵه‌که‌له چه‌ڵه‌که باریکتره، سه‌ری هه‌ر وه‌ک چه‌ڵه‌که دوو په‌له. بۆ هه‌ر چوار لاپانکان "به‌رچه‌ڵه" پێویسته. له دیوی ده‌رێ را ده‌چن ده‌به‌ر ره‌سته‌کانه‌وه چونکوو ده‌بێ پێشی تاوڵ له پاشی تاوڵ بڵیندتر بێ. ره‌سته‌کانی پێشه‌وه به‌جێی ده‌رکه‌ن بۆیه به‌رچه‌ڵه‌یان وه‌به‌ر ده‌ده‌ن تا له کاتی گه‌رمادا به‌هه‌ڵێنانی وان چادر حه‌وا درێ وژوورفێنک بێته‌وه.

تاوڵ هه‌ڵدان:

له‌پێشدا چادر له جێی تاوڵی پان راده‌خه‌ن ئه‌وجار له دوولا پانک ونێوه‌راستی - را سێ که‌س چه‌ڵه‌که‌کانی وه‌به‌ر ده‌ده‌ن وبڵیندی ده‌که‌ن به‌و ئه‌ندازه‌ی ئینسانی ده‌به‌ره‌وه بچێ. چه‌ڵه‌که‌کان ده‌به‌ن هه‌تا ئه‌نگووچه‌ڵه‌کان ده‌به‌ر کڵاو ره‌شه‌ی ده‌نێن هینگی وێگرا قه‌وه‌تی ده‌ده‌نێ چادر قیت ده‌بێته‌وه. له‌و کاته‌دا ژن و ژاڵ له سه‌ر سینگ و ره‌سته‌کان حازرن و دایانده‌کوتن. چوار سینگی لاپانکه‌کان ده‌بێ له‌پێش هه‌موو سینگه‌کاندا بکوترێن، ئه‌گه‌ر دوای ئه‌وه‌ی سینگه‌کانیان داکوتا تاوڵ گنجی که‌وتبێتێ جێی سینگه‌کان ده‌گۆڕن، له پاشان چیغی به ده‌ره‌وه‌ی چه‌ڵه‌که پانکه‌کان راده‌نگێون بۆ وه‌ی راوه‌ستێ. هه‌ر دوو گه‌ز. دوو گه‌ز، به‌رچیغان له که‌مه‌ره چیغه‌کان (به‌ن

چیغ) رادەکەن ولەعەرزیان دادەکوتن .

بەرچیغ :

سەختەدارێکی جەنگەڵی (بەڕوو- مازوو) بەدرێژایی گەزونیوێکی وەک دەسکە پێمەڕە وایە بەلاّم سەرێکی دادەتاشن تا لە عەرزی دابکوترێ .

لامێردان :

ماڵێکی میوانی زۆر بێ و دەستی نەڕوا دوو تاولاّن هەلّدا یا ئەوەی کوڕوبووکی لەگەلّ بێ چیغێکی وەک ، تیغەی بەنێو تاولێ دادێنێ. بەوجۆرە تاولّەکە دەبێتە دوو بەش ، ژن و مندالّ لە لایەکی تاولێ دەبن ولایەکەی دی دەبێتە بەری میوان کە (لا مێردانی) پێدەلێن .

قوولّ ئاور :

جێگایەکی بۆ ئاورگ لە نێوەراستی ژووری تاولّ لە عەرزی دیاری دەکەن وهەلّی دەکۆلّن و لە پاشان جوانی قور دەدەن و دەی سوونەوە دەبێتە قوولّ ئاور ، سێ بەردی لەدەوری دادەنێن ئەوانیش ناویان (کوچک ئاور - گ"ه) بۆ نان کردن سێلّی لە سەر ئەو بەردانە دادەنێن بەلاّم بۆ ئاوو شێووەسەرنان سێ کوچکە هەیە

هەرزالّ :

شتێکە وەک چوارپایە بنی کللۆرە وەک خانووچکەی مندالاّنە ، حاجەت وشرۆشالاّتی زیادی لەوێ دەنێن و مالّی پێ هەلّدەوێژێرن ، سەری تەختە ودەستەنوێن وپێخەفی لەسەر کەلّەکە دەکەن ، بۆ سازکردن بنی چوار داری دوو پەل بە قەدپالێکی بە چوار گۆشە توند لەعەرز قایم دەکەن لەپاشان لەدرێژاییرا دوو داری وەک چەلّەکەی پێرادێرن تا دوو کێلیژیەک لەپاش و یەک لە پێشەوە ساز دەبێ، ئەوجار ئەوبەرەو بەر قولّەداری داوێنێ .بەو جۆرە هەرزالّ ئامادە دەبێ بۆجوانی بەڕەیەکی خۆش نەخشی پەنجەکێشی بەسەردا دادەدەن.



لە رابردوودا مالّ نەبوو بەڕەی خۆی بۆخۆی ساز نەکا .

پێرگ :

جاروبار لەحیاتی وەی هەرزالّی بە قولّەداران هەلّبەستن یا لە پانایی هەرزالّ دوو قولّە دیواران هەلّدەچنن و داری داوێنێ ئەوجۆرە هەرزالاّنە ناویان پێرگە و ئەو بەڕەی پێی دادەپۆشن (بەرپێرگی) پێ دەلێن .

کولێن :

بۆ راگرتنی رسق و بە تایبەتی رۆن لە هەوار جێ یەکی فێنک لازمە ،هەربۆیە قوولّکەیەکی لە قولینچکی تاولّ بەومەرجەی سێبەر بێ و تاو تێی نەکا هەلّدەقەنن بە ئەندازەیەکی ئینسان بتوانێ بە ئاسانی تێیدا هەلّسووڕێ. ئەگەر ئەومالّە دەولّەمەند بێ ورسقی زۆر بێ قوولّی کولێن گەورەتر هەلّدەقەنێ . ئەگەر خاکی جێ کولێن رووخەک بێ لەنێو قەدی دیوارەکانرا بۆ لای سەرسەنگ چنی دەکەن و قولّە داری داوێنە سەر وبەڕەو جەوالاّن دایدەپۆشن ، لەو جێ یانەی نیزیکە شارن و رسقی بۆ ماوەیەکی زۆر راناگرن،رسقیان لەپشتت پانکێ،یانی لە دەری تاولّ دادەنێن.

تاولّ دوو پشتپانکی هەیە بەیانان لایەکی وئێواران لایەکەی دی فێنکە .بۆیە ناچارن رۆژێ بەلانی کەمەوە ، جارێک رسقەکەیان بگوێزنەوە

م.وفا

خۆشەویستم
گولّی جوانم ،
ئەوینم
ئارامی گیانم
هەروەک مۆمێک
رۆشن دەکەی شەوی رەشی ژیانی من
گەرم دەکەی لەشی ساردی خەزانی من
مۆم .مۆم!!
نا ،نا هەڵەم کرد ،بمبوورە !
مۆم کوا دەتوانێ وەک تۆبێ؟
ئەتۆ مانگی شەوی زەوی رووناک دەکەی
ئەتۆ رۆحی بۆلەشی من،
ئەتۆ رۆژی هەموو هەردێ گەرما دەدەی.
گولّم تەنیا
ئەوینی تۆبۆ پەپوولەی ژیانی من
وەک مۆمێکە
دەمسووتێنێ
بەلّام گوتم
منیش وەکوو هەرپەپوولێک
ئەوکاتە خۆشحالّ ورازیم
کەلەئاگری ئەویندا
هەلّپرووزێم ،
هەموو رۆژێ
هەمووشەوێ
هەمووسالێ
چ بت بینم
چ نەت بینم
لەبەرچاومای
لەناودلّمای
لەناوگیانمای.
تۆخوا گولّم
ئەتۆش جارجار
یادێک بکە لەو پەپوولەی
شەمی ئەوین
بالّەکانی هەلّپرووزاند.

تاڤامن پ.ج.هێڤی

ئەز هەیڤا سارم تو تاڤی بۆمن
ئەز عەردێ حشکم تو ئاڤی بۆمن
ئەزلەش وتەرمێ ڤک وڤالامە
توجان وجیگەرهەناڤی بۆمن
ئەز ل بەرۆژا گولەک چلمسی
تودانێ سبێ خوناڤی بۆمن
ئەز تەک وتەنێ بێ یارو بێکەس
توخزم وکەس وهەوباڤی بۆمن
شووشا شکەستی لبن خولیێمە
تو بیهن وعەترو گولاڤی بۆمن
ئەز بیێ تە گولێ بەزر ناڤەکم
توجانێ نیشان خۆناڤی بۆمن
ناڤتەم ومژێ باسکم شۆر بوویە
پێشەنگێ چیایێ مژاڤی بۆمن
ئەز پەرشکەستی، مامەبندەستی
تو پەروباسک وپێگاڤی بۆمن
ئەز سۆمەکارێ گۆلا بێ بنم
تو زیرەوانێ تۆر، داڤی بۆمن

لەگەڵ شیعری

ئەز گۆلا بێ ئاڤ ل بەستێ مامە
توئاڤ وپیلاڤ ، گەراڤی بۆمن
زەڤیا تاڤسوتی یازۆرتینیمە
خاکاڤ وپاکاڤ داناڤی بۆمن
ئەزبیدل وگول ،بەندەک ل سەرمل
تودل و ویریان ،زراڤی بومن
دەما دووراتی وبێکەساتیێدا
توجانێ ویشت وسلاڤی بۆمن
ئەز وەک سیڤی یا چاڤ ب هێسرم
دایێ ئەز گۆری توچاڤی بۆمن
هەرچەند ل ژینێ بێ (هێڤی)مامە
توهێڤی یا ژینا هەرگاڤی بۆمن

هەردێمەوە

ع. بێتۆ گەرمیانی

شاعیرانی لاو

ئەوینەکەم !
هەمووشەوێ، لەدوورولات
مۆمی لەشم
بەئاگری یادی تۆوە ئەتوێنمەوە ،
بەئارەزووی بینینەوەت
بێ کەس ودەر
وەک ماڕەنگاز ئەتلێمەوە .

* * *

هەرکەبینیت :
کۆگە بەفری نێوکووچەتان
وردەوردە ئەتوێتەوە ،
داڕەپیرەی نێو حەوشەتان
ئارامئارام ئەشنێتەوە ،
دڵنیابە یادم کردووی
بەدەم ئاخ وهەناسەوە
بەدەم هەزاران تاسەوە.......

* * *

هەرکەدیتت :
قازوقورینگ
قەتار قەتار لەگەرمێن راگەڕانەوە
گوڵی سووری نێو باغچەتان
بەدەم شنەی نەرمی بەیان لەرانەوە ،
دڵنیابە بەڕێمەوە
چاوەڕێ بەهەردێمەوە
هەردێمەوە..........

* * *

بێ شک لەسەر گوێسوانەتان
گرمەی غەزەب کۆترەکانی تاراندووە ،
کوندەبووی شووم
بەئێسقانی مناڵەکان هێلانەکەی خۆش کردووە .
سەد هیندەی تر رێ تاریک بێ
هەڵدێر ورژد وباریک بێ
هەردێمەوە .

من دڵیمەوە ، تا پێت بڵێم :
هەرمناڵێ، کرچ وکاڵێ
بیرلەمردن نەکەیتەوە

* * *

بەهارەکەم !
دارەکانی ئەم هەرێمەش
چرۆ وگوڵیان دەرکردووە ،
دەشت وپێ دەشت ، دۆڵ وچیا
بەرگی سەوزیان لەبەر خۆ کردووە ،
ئەما ، نایە
دەنگێکی تەڕ ، لەهیچ لایە
جریوەیەک تریقەیەک ،شنەی بایە ،
سرتە رازێکە بێ بنە
روانین پڕئاخاوتنە .
کەسێ وەک من
کەپەروەردەی کاڵەی شەماڵ
سیڕاندن وقاسپاندنە ،
باش دەزانێ ـ بێ دەنگی جۆرێ مردنە ـ
بەپرشنگی چاوەڕوانیت
رێی تاریکم رووناک کەوە !
بابێمەوە ،
تاکوو بەهار بەخەملێوی
لەچاوتدا ببینمەوە.
بابێمەوە ،
تالەگەڵ تۆ
لەسەر بستووی هەوارگەی سوور
پڕ لەچنوور،
لەبەستێنی چەمی خوڕێن
کانی بلوور ،
لەگەڵ رێژنەی ئاسۆگی دوور ،
بەئاهەنگی تاسەوئەوین
شیعری ئومێد ،
سروودی ژین بخوێنمەوە.......
چاوەڕێ بە ،
دڵنیابە ، هەردێمەوە
هەردێمەوە
هەردێمەوە.....

رێنوێنی ئەدەبی

کاک بێ سووچ

شیعر تەنیا وەزن وقافیـــە نیە .بەڵکوو ئەوەی دەبێ زۆر سەرنجی بدرێتێ نێوەرۆکــە . وەختێک دەڵێی :

شەونم پرژێنە دەمـــــی
بەیانە
شەونم پرژێنە دەمـــــی
بەیانە

یانی چی ؟

دایک مەمکی دام وەک یەک
موسڵمان

کوێی شیعرە ؟ چ هەستێکی شاعیرانەی تێدایە ؟

بەکورتی شیعرەکـەت لاوازە و پێویستیت بەموتالایەکی پتر هەیە . شیعری شـاعیـرەکـان بخوێنەوە .حەول بدە بابەتی نوێ لە شیعردا رەچاو بکەی .

مەهاباد : **کەماڵ کۆکەیی**

شیعرەکانی خوالێخۆشبـــوو مەلا مارفی کـۆکـەیـی مـان پێگەیشت .شیعرەکان بەهەڵـە نووسرابوونەوە وزۆر جێگامان بۆ ساخ نەبۆوە . تکـایـە ئەگەر بۆت دەکرێ سەرگور ـ یشتەی ئەم شاعیرە گەورەمان بەتەواوی بۆ بنووسە وچەنـد نموونە شیعری رەگەڵ بخـە تا لەسرووەدا بە ناوی خۆت بڵاوی بکەینەوە .

گەرمسار : **شاهۆ ـ ح**

شیعرەکانت زۆر لاوازن . لـەباری وەزن و قافیەوە لەنگن

بۆکان :**غەریب**

سووژەی شیعرەکەت خـــراپ نیە .بەڵام باسەکانت زۆرلێک بڵاون وهیندێک جارمانا شیـــان نایە .چەند تەعبیری نابەجێ نێوئاخنی شیعرەکەت بووە . بۆ وێنە :

بێ وەفائیت لەگەڵ کردم
پێم نـاخـۆشەقەولی درۆ
نەتکردپەسن گیانی بێتین
جوابت کردم وا بە دهـۆ

گیانی بێ تین یانی مردوو . پەسن = موناجات

جابرانە مانای شیعرەکـەت. دەبێ بەچی .

وەزنی شیعرەکەشت لەچەنـد جێگا تێک چووە .

هەستێکی پاراوت هـەیـە . هیندێک وردبوونەوە وموتالای دەوێ . تۆزێک خۆماندوو بکـەی دەتوانی شیعری باشتر بڵێی .

سنە : **ف ـ وەیسی یان**

شیعرەکانت زۆر کز وبـێ هێزن .

خەم وبرا نابنە قافیە .مانای ئەم میسرەعە نایە .

دونیا سەردوخاموش ودەریام
لەیل بوو

دیسان شەو هاتۆ برا
هەمتر رووی داوە شەوێکی
پڕ خەم

لەباری کێشەوە یەک نین .

دەبێ بۆئەوەی ببی بـە شاعیر وبتوانی شیعـر بڵێی گەلێک موتالا بکەی .حـەول بدە بابەتی نوێ وسووژە ی تازە هەڵبژێری .

سەردەشت : **غەمبار بێورانی**

شیعرەکەت لەباری وەزن و قافیەوە لەنگە . بۆ وێنە :

نازانی چ باس و چ
خەبەرێکە ئیمڕۆ
قەرنی بیستەمە وبێ
هەوڵە ئیمـڕۆ

لەباری وەزنەوە نارێکـە و هەوڵ وخەبەریش نابنەقافیە

شیعری نارێکم تەواوکرد
ئیمـڕۆ
دەسا برایان قەبـــووڵ
کەن لێمان

هەم لەباری وەزنەوە هــەم لەباری قافیەوە لەنگە ...

مەهاباد: **سولەیمان ـ خ**

براگیان هەستی شاعیرانەت

هەیە . دەتوانی بەموتاڵای زۆر وشارەزابوون بە فەننی شیعر شیعری باش بڵێی . بەڵام ئەوەشبزانە شیعری نوێ وەزنی هەیە هەرواش نیە کە چەند وشە لە پەنا یەک ریز بکرێن ورستەی کورت و درێژ ساز بکەن .بۆوەزنی شیعری نوێ دەبێ موتالا بکەی . بە هیوای خوا لە ژمارەکانی داهاتوودا لەسەر ئەو باسە لەسروەدا دەڕۆین و بۆ ڕێنوێنی شاعیرە لاوەکانمان باسی شیعری نوێ درێژە دەدەین

گەرمسار : **شاهۆ ـ ح**

شیعرەکەت بەر لەهەموو شت لەباری وەزنەوە لەنگە . شیعرەکان هەر یەکە وەزنێکیان هەیە وەک :

عەینی پەپوو وان بە
دەوری گرەوە
هەریەک بەجۆرێ لەبۆت
ئامان دەکا

یەکە و دوای ئەمەش شیعرەکانت ماناشیان نیە . وەک :

سانع ونازمی گشتی هەر
تۆی
بۆیە ناتۆرێ ولالەزامان
ئەکا ....

خانێ : **عومەرشێخ محەممەدی**

شیعرەکانت نێوەرۆکێکی جوانیان هەیە بەڵام لە باری فەننی شیعرەوە لەنگن وەک : هەست ودەست چەند جار بوونە قافیە . دەبێ بزانی کە وشەیەک لەشیعردا جارێک دەبێتە قافیە .(**کۆمەنیست و هەست**) نابنە قافیە

پێویستیت بە موتالای پتر هەیە حەول بدە دەبی بە شاعیر .

خانێ :**هەیبەتوڵڵا شامخی**

شیعرەکانت هەستێکی جوانیان تێدایە بەڵام لەباری کێش و قافیەوە کەموکووڕیان تێدا دەبیندرێ بۆ وێنە :

(تێکرایی وئەوینی) ، **(غەمی ودڵی)** ، **(تەمی ودڵی)** ، **(سەری و دڵی)** نابنە قافیە .

لەهێندێک جێگەش لە مانای شیعرەکە نەگەیشتین وەک :

ئەوە دیسان شەوی تاریک
لە من هات
کەبوزگوڕێ لەمن دادرێ
تەمی من
من وتەموا غەریبین وکز
و مات
کەبەڵکوو تۆتەکەی بگرێ
دڵی من

هیوادارین بە موتالا و ورد بوونەوەیەکی تەواو هەستە جوانەکەت لەقالبی شیعردا بدرکێنی .

مەریوان : **فاتح وەیسی**

شیعرەکانت لەبەر ئەوە کە کەموکووڕی تێدایە بۆ چاپ نابێ .

(میللەتانی و هاتوانی) قافیە نین چون ئەگەر پاشگرەکەیان لاچێ **(میللەت و هاتوو)** دەمێنێتەوە کەنابنە قافیە. ئەوجار مەبەست لە شیعر هەر ریزکردنی وشە نیە دەبێ ماناشی تێدا بێ وەک :

ئەگەر بتزانی وشەی
زانیاری
هەرکەس ئەت زانێ
بۆئەوگولزاری

هیوادارین شیعری جوانترمان بۆ بنێری .

مەهاباد : **عەلی ڕەمەن**

جارێکی دیکەش وەڵامی ئەم پرسیارەمان داوەتەوە . بەڵام ئەمجاریش دووپاتی دەکەینەوە **کوگ دوو پیتی ئەلف و بێی کوردین ئەگەر لەپێش "ی" و "ێ" "وی" و " وێ " دابێن راوێژەکەیان دەگۆڕێ. بەڵام لە نووسیندا هەر وەک خۆی دەنووسرێ وەک :**

کوێ ـ گوێ ـ کۆ ـ کێو ـ گێوژ

بۆکان : **جەعفەر عەلیزادە**

شیعری منداڵان زۆرتایبەتی سەربەخۆی هەیە . دەبێ بە زمانی منداڵ بێ وشتێکی لێ فێربێ. وشەی قورس و نالەباری تێدا نەبێ .

ئەمشیعرەی تۆ ئەو تایبە ـ تی یانەی نیە وەک :

کاتێ پاروو ئەگلێنم
دمو لێوم ئەنووقێنم

لەباری وەزنەوە زۆر لەنگە تکایە ئەم کتێبانەی لەبارەی شیعرو چیرۆک بۆ منداڵان نووسراون بخوێنەوە .

چاوەڕوانی بەرهەمی جوانتری تۆین .



چارەنووس


چیرۆک بۆ منداڵان

کابرایەک ژنێکی دەبێ هەموو ساڵێ ئەو ژنە منداڵی دەبێ. منداڵەکەی ناگاتە سەری حەوتووی دەمرێ. ڕۆژێک سوڵتان مەحموود و هەیاس ڕێیان دە چادری وان دەکەوێ و دەچنە ژوور. سڵاو دەکەن و دادەنیشن. ساحێب ماڵ بە خێرهاتنیان دەکا. پاش نان و چا خواردن ئەو بەسەرهاتیان بۆ دەگێڕێتەوە. ئەزقەزا ئەو وەختی ژنەکە سەروبەندی منداڵ بوونی دەبێ. ساحێب ماڵ پێیان دەڵێ ئەمن ئەوەندە مەڕەو دەدەمێ بەو مەرجەی حەوتوویەک کێشک لەم منداڵە بکێشن. ئەوانیش دەڵێن باشە.

ژنەکە منداڵی دەبێ هەر شەوێک هەیاس و شەوێک سوڵتان مەحمود کێشکن.

ئەزقەزا شەوێک کە هەیاس کێشکێ دەکێشێ. تەماشا دەکا شتێک دێ سەیری وانیە. دندووکی بستێکە و لاقی باریک و درێژە و لە حاجی لەگلەگی گەورەترە. هەیاس زۆری لێ دەترسێ لەترسان خۆ لە کەلێنێکی چیغەکە حەشار دەدا. دوایە ئەو دەعبایە دێتە ژوور، دێ کە دندووک بە منداڵەکەدا هەیاس لەپشتەوەڕا هەرچۆنێکی بێ بە ترسە ترس و لەرزەلەرزە هەردووک لاقی دەگرێ و لێی دەپرسێ ئەتۆ چ کارەی و بۆچی هاتووی. دەڵێ ئەمن چارەنووسم. لێم گەڕێ. هەیاس دەپرسێ چارەی کێ دەنووسی. دەعباکە جواب دەداتەوە چارەی کچی سوڵتان مەحموود لەو کوڕە دەنووسم. هەیاس لێی دەگەڕێ و چارەی کچی سوڵتان لەو کوڕە دەنووسێ و دەعباکە دەڕوا. هەیاس شەوێ بە ڕۆژ دەکاتەوە و هیچ دەنگێ ناکا حەوتوو دوایی دێ و سوڵتان و هەیاس کێشک کێشان وەردەگرن و دەڕۆن. کەم دەڕۆن، زۆر دەڕۆن، هەیاس خەندێکی دێتێ. سوڵتان دەڵێ ئەو خەندەیە چ بوو هەیاس؟

هەیاس دەڵێ قوربان هیچ نەبوو. سوڵتان دەڵێ نا شتێک هەر هەیە پێم بڵێ. ئەویش دەڵێ ئەمن قەرەوڵ بووم چارەنووس هات چارەی کچی تۆی لەو کوڕە نووسی. دەڵێ با بگەڕێینەوە و کوڕەکەی لێ بکڕین و بیکوژین. هەیاس دەڵێ قوربان ناکرێ و نابێ، چۆن منداڵێکی ساوا دەکووژی، سوڵتان دەڵێ، هەر دەبێ بگەڕێمەوە. دەگەڕێنەوە دەچنەوە ماڵی کابرا. بە کابرای دەڵێن کوڕەکەت نافرۆشی. دەڵێ وەڵڵاهی خۆ ئەو منداڵە هەر بۆ من نابێ



با پێیا ن بفرۆشم .وبە هێندێک زێر پێیـــا ن دەفرۆشێ .سوڵتا ن وهەیا س کوڕەکـــەی دە س. دەدەنــێ ودەرۆن.برێک دەرۆن سوڵتا ن دەڵــێ: ئەو کوڕە دەکوژم . هەیا س دەڵێ قـوربـا .ن کوشتنی وی بوئێمە هیچ قـا زا نجی نیـــە بـا لێرەی فـڕێ بدەین بۆخـۆی دەمرێ. لــەو ێ. لــە زا رکێ ئەشکەوتەکە فڕێی دەدەنودەڕۆن.

ئەزقەزا هێلانەی سیمورغێکیش لەوئەوشکەوتە دەبێ .وەختێک سیمورغەکەدێتەوە ،تەما شا دەکا منداڵێک لەوێ کەوتووە . دەستی دەدا تـــێ و دەیبا تەوەئەشکەوت ولەوێ بـەخێوی دەکـا تا گـەورە دەبێ .

رۆژێک لەڕا وێ تەمـا شا دەکا کەلاکەئەسپێک. ، لەوێ کەوتووە .دەستی دەدا تێ وبۆئەومنداڵە ی دێنێتەوە ، بۆ ئەوەی کەوەختێک سیمورغ لـــە ما ڵ نەبوو خۆی پێ بخا فڵێنێ وەڕەزنـەبـێ . رۆژێک سیمورغ دەچێتەڕا وی سـوڵتـا ن مەحمـودو هەیا سیش ڕێیا ن دەوێ دەکەوێ منا ڵــەکـەڵـەو وەختە سەرلە کەلاکە ئەسپەکە دێنێتەدەر.

وەختێک ئەوا ن دەبینێ سەردەوێ دەنێتـــەوە هــەیا سیش دەی بینێ دەنگێ نا کا .

کەمدەرۆن وزۆر دەرۆن هەیا سخەندەیەکــی دێتێ .سوڵتا ن دەڵێ هەیا س ئەوخەندەیەچبوو؟

دەڵێ هیچ: دەڵێ حەتمەن دەبێ پێم بڵێـــی. دەڵێ ئەوجێیەی کە کەلاکە ئەسپەکـەما ن لـــێ دیت ، هەر ئەوجێگا یەبووکـەمنداڵەکەما نلێ فڕێ دا بوو . منداڵەکەلەنێوکەلاکەکەدا بوو .

وەختێک ئێمەی دیت ،خۆی حا شا ردا ورۆیشتە‌ـ وەنێو کەلاکەئەسپەکە .سوڵتا ن دەڵێ:


با بگەڕێینەوە . دەبینن منا ڵەکەلەنێوکەلاکـە دا یە.دەری دێنن ودەرۆنسوڵتا ن دەڵــــێ دەیکووژم . هەیا س نا یەڵێ و دەڵێ:

نا یەڵم .دەڵێئەدی چی لێ بکەین:

دەڵێ دەچینە کن وەستا ی سندووقێکی بـــۆ دروست دەکەین ودەچۆمـی دا وێین .دەڵـــێ زۆر با شە . دەچنەکن وەستا ی سندووقێکیبەدوولیرا ن پێ دروست دەکەن ودوا یە منداڵەکـە دەنێـــو سندوقەکە دا وێن وبەچــۆمــیدا دەدەن. ئەوجار دەرۆنئا شێکیش لــەبەرئەوئا وە دەگەڕێوەختێک، ئا شەکەڕا دەوەستێ تەما شا دەکەن سندووقێکـــی دەبەرپەڕەکا ن دا یەسندووقەکەی دەردێنـــن ئا شەوا ن دەڵـــێ:

با لێرەبێ هەرکەسێکی ها ت با لەسەریدا نیشێ رۆژێک ژنی ئا شەوا نەدەڵێ:





ئەریٚ پیاوە باهەڵی گرین بزانین چی تێدایەبەڵکووخوا ڕزقی بۆنا ردبین وزێری تێدا بێ.دێن هەڵی دەگرن تەماشا دەکەن منداڵێکی سێ ساڵانەیتێدا یە. دەڵێن خوایە زۆرشوکر ئێمەوەجاخ کوێر بووین. منداڵیشت داینێ دێن بەخێوی دەکەن تاگەورەدەبێ.



باغێکیان دەبێ دەیکەنەباغەوان.

ڕۆژێک هەیاس وسوڵتان بەوێدا ڕادەبرن، سوڵتان بە هەیاس دەڵێ!

با لادەینە ئەوباغەی هێندێک میوەی بخۆین..





دەچنە نێوباغەکەبەکوڕەکەی دەڵێن بڕۆ هێندێ میوەن بۆبێنە.کوڕەکەدەچێ میوەیان بۆدێنێ.دەیخۆن وهەڵدەستن دەڕۆنکەم دەڕۆنزۆر دەڕۆن. هەیاس خەندەیەکی دێتێ سوڵتان دەڵێ ئەو خەندەیە چ بوو،دەڵێ:

ئەوکوڕەی بە چۆمیمان دادا ئەوباغەوانە بوو، دەگەڕێنەوەکن کوڕەکەی.کوڕە کەبە



- خێرهاتنیان دەکا. سوڵتان نامەیەکی نووسی و گوتی:

ئەیوەزیران وکاربەدەستان هەرچی زووئەو کوڕەهات لەسەری بدەن، نامەکەی وەکوڕەی دەدن. کوڕە دەبن کڵاوی دەنێ.چونکەئەمە و وەختی عادەت وابوونامە بەر نامەیاندەبن

كڵاوی دەنا ئەوجار دەڕوا زۆر ماندو دەبێ
لە قەراغ شاری باغێکی لێ دەبێ لا دەداتە
باغەکە لەوێ لەسەر کانی ئاو دەخواتەوە
خەوی لێ دەکەوێ ئەو باخەش ئی کچی
سوڵتان مەحمود بووە. وەختێک کچەکە دێتەنێو
باغ تەماشا دەکا کوڕێکی زۆر جوان لەسەر
کانی یە کەخەوی لێکەوتووە. ئاشقی دەبێ.





دەچێتە پێش تەماشا دەکا کڵاوەکەی لەسەر
بەر بۆتەوە ونامەیەکەی دەخوێنێتەوە زوو،
نامەکەی دەدڕێنێ.هەرئەووەختی نامەیەکی
دیکە دەنووسێ بە زمانی بابی دەڵێ:

ئەی وەزیران هەرکە ئەوکوڕە هات کچی منی
لێ مارەبکەن.نامەکەی لەنێو کڵاوەکە داوێو
دەڕوا. وەختێک هەڵدەستێ کڵاوەکەی لەسەر
دەنێتەوە، کچەکە دەڵێ:

بۆ هاتوویە باغی من، دەڵێ ماندووبووم
لێرە خەوملێکەوت دەبێ بم بەخشی،
هەڵدەستێ دەڕوا بۆسەرای پاشا، نامەکەی وە
وەزیرەکان دەدا. وەختێک نامەکەی دە خوێننەوە
وبەژنی پاشای دەڵێن سوڵتان فەرموویەتیکچی
من لەو کوڕە مارەبکەن .ژنی پاشا دەڵێ:

ئەمن قسەی پاشا ناشکێنم لێی مارەکەن.

تا سوڵتان دێتەوە مندالێکیان دەبێ. دێن
منداڵەکە لە کۆشی سوڵتان داوێن.سوڵتان ماچی
دەکا ودەڵێن ئەوە نەوەی تۆیە .دەڵێ:

خۆئەمن چ کوڕم نیە کە ژنیان هێنا بێ
وەچ کچیشم نیە کە مێردیان کردبێ ئەدیبۆ
ئەوەی منە ، دەڵێن ئەدی قوربان ئەتۆ ئەو



کوڕەت نەناردبوو کەکچی تۆی لێ مارە بکەن
سوڵتان دەست بەرزدەکاتەوە دەڵێ ئەی خوایە
سەرفی نەزەرم لێ بکەبمبوورە. هەرکەسێک کە
ئەتۆ چارەی بنووسی بەکەس رەدناکرێتەوە.
ئەمیش ئەوکوڕەم کردە کوڕی خۆم ولە
جێگای خۆم دانا .



دیاری

مەتەڵ

زاری لە پشتێ
بۆخۆی لە بەردێ
هێزی لە عاردێ

زمانی لە پشتێ
کلکی لەتەنیشتێ
رزقی لەدەشتێ

ئەو تاقە دەکا
ئەو تاقە دەکا
چاو لەهەمووکەس دەکا

دەخورێ گۆشتی نیە
هەڵدێ لاقی نیە

دەنگی هەیە ورەنگی نیە
فرێ دەدا دەستی نیە

تێکردنی سوننەتە
لەقاندنی فەڕزە

بە دەست شێرە
بەپێست پڵێنگە
بە چاو بازە

پەندی پێشینیان

بار بەلابار ناگاتە هەوار .
قەدری زێڕی لەکن زێڕینگەرە .
بەسەد دەرزی یان گاسنێکیان تێ نابێ .
هەر زاڵمەی زەواڵێکی هەیە .
کابرایان لە دێی رێ نەدەدا لەماڵی کوێخای دەپرسی .
قەلیش بە قەلی دەڵێ رووت رەش بێ .
۳۰ــ لەترسی گێرە بووەبەوشتر
هەر دەردەی دەرمانێکی هەیە .
بەرخ هەر لەبن سەوەدا نابێ
نانی بدە بەسەگی مەیدە بە نامەردی .
نە بە پێکەنینی ئاغا تێکەوە نە بە خۆشی زستان .
کەچەل بەزۆری ناچێتە مازوان
جارێک سنگ دەخوا جارێک سنگ دەکوتێ .
وا نەدراوە بدروێتەوە .
بە هەڵوا هەڵوا کوتن دەمشیرن نابێ .
بزن ئەگەر ئەجەلی هات نانی شوانی دەخوا .
ردێنم لەبەر تاوێ سپی نەکردووە .
تا دۆ پتربێ کەشک رەقترە .
چێشتی خۆش لەئەنگۆڕێ رادیارە
سەری نایەشێ پرێسکەی لێ دەبەستێ .

– می یێ بلنگێ می یێ بزنێ ژی بلنگێ بزنێ داردا دکەن ،
– گۆلکەک دێل ب رێخ نافێ گاڕانەکی خەراب دکە .
– گامێش (گەل) نغدێ گامێشان هلددە وهەسپ رەقەسێ هەسپان .
– بارێ هێسترا چفتەک گران چێترە .
– ئەجەلێ بزنێ هات چوو نانێ شڤانی خار .
– نێری حەمموونیرینەنێری یێ شەڤەرەشا ئایرینە .
– نێری رەت بوون گۆتن گیسکا تووش .
– مادیک نەبەسبە نابە؟
– مێر دمرن نافدمینن گا دمرن چەرم دمینن
– گا بمرە کێرزەعف دبە
– گولکێ مالێ ژگایێ مالێ ناترسن .
– گۆلک دبن گا ، گا نابن گۆلک .
– برا برایە بازارجودایە
– ب با وبارانێ، عەمرێ بەفرێ کێم دبە
– دبێژە کێرووشکی برەڤ دبێژە تاژیێ بگرە .

حەسەن نادری رەحمەتی
میوانی دێ وگۆشتیان نابێ . تاوێک لەلای میوانان دادەنیشێ ودوایە بانگی خێزانی دەکا ودەڵێ:

- دابچۆ ماڵە حاجی ... بڵێ حەسەن دەیگوت میوانمان هەیە ودەستم بەهیچ کوێ راناگا مریشکێکم بۆبنێرێ .پێشانی میوانانی دەدەم . ئەوانیش نایەڵن سەری ببڕم . بەغار بۆی دەنێرمەوە .



لەماڵێک میوان کرابووین جێگام زۆرخۆش بوو لەخودا م دەویست سێ چوار رۆژی دیکەش لەوجێگە بمێنمەوە . باوکیشم زۆر بەلەزبوو .

شەوکەهەموو خەوتن . هەر کەسە ددانی مەسنووعی دەرێنا ولەجامەئاوی هاویت ولەبن سەری دانا . ددانی سەرووی بابم وخانەخوێ ومیوانەکەی دیکەم گۆڕی . ئەورۆژە هەتا ئێوارە بۆیان لێک نەبووەوە و شەوێکی دیکەش ماینەوە .



کاک مەنافێکمان دراوسێ بووسەری زۆر چکۆلە بوو ، دەتگوت خڕکەبەردە !

رۆژێک لێم پرسی

ئەدی سەرت بۆوا چکۆلەیە؟

- بۆخۆم وام پێخۆش بوو



حاکم دەستووری بەخەڵکی شاردا بەرۆژبخەون وبەشەوکار بکەن .

رۆژێک تەماشای کرد ئەوە کابرایەکی پینەچی بەنوێژ ی نێوەڕۆ فتیلەیەکی گراندووە حاکم زۆر تووڕەبوو . دیتی نەک هەر یەک بێ قسەی ئەوی کردووەو بەرۆژ کار دەکا فتیلەشی هەڵکردووە . گوتی:

کوڕەکابرا ئەوفتیلەچیە هەڵت کردووە ؟

- قوربان ئێستا شەوکار دەکەم . چون بەرۆژ هیچ کەس دیارنیە و مەجبوورم ، شەوکاریشی بەبەرەوە بکەم دەنالەبرسان دەمرم .



- "ئورمیا" یا "ورمێ" یانی چی ؟

- یانی "شاری ئاو" شارێک کە ئاوی زۆرە .

- ئەدی بۆ ئاوی ماڵی ئێمە هەر رۆژنا رۆژێک قەتع دەبێ .


- برۆ لەو دەریاچە زەلامەو لەهەموو چۆم ورووبارە ئاو بێنە!

- شێت بووی! چ لەو ئاوە تاڵ وسوێرە بکەم . ئاوی شیرین مان دەوێ. چۆڕێکمان ئاونیە! لە خۆڕا ناوی ئەم شارەیان ناوە "شاری ئاو"!


- لە خۆڕا نیە مەگەرئەو دەریاچە زەلا مەت نەدیوە ؟

- کارم بە دریاو دەریاچەچیە ؟ من لیوانێکم ئاوی تەسفیەکراوی شیرین دەوێ بیخۆمەوە .

بابەگیان "ئورمیا" یا "ورمێ" مانای "شاری ئاوە" نەک "شاری خاوەن ئاوی تەسفیە کراوی لولەکێشی کراوی دەلیوان کراو! "**هەمەوەند**



تێبینی : لە پڕ کردنەوەی ئەم جەدوەلەدا هەموو ئوسوولی ڕێنووسی کوردی بە پێی ڕێنووسی هەڵبژێردراوی ئەم گۆوارە رەچاو کـــراوە جگە لەوەی نیشانەی(ٚ) دانەنراوە .واتا ئەگەر بۆ وێنە وشەی(شڕ، گوڵ،زۆر ،شێرو . .)ی تێدا بێ بە شکڵی(شر ،گول،زور ،شیرو . .)دەنووسرێ.



١ـ شاعیری بەناوبانگی کورد کە ماموٚستا هەژار شەرحی لەدیوانە بەناوبانگەی کردووە ـ خزمەتکاری فەرهەنگ وئەدەبی کوردی ٢ـ ئاوالّی پووچ بـۆس ـ گوندی ناوچەی شنۆ و پیتێکی ئەلف وبێ ـ شاری ئازەربایجانی رۆژهەلاّت ٣ـ بۆی هەولێر ـ خۆش وبەتام لێرو هەڵەمووت ٤ـ بەیانی زوو ـ دنیای شیماڵ ـ سنعەتکاری پۆپەشمیـن ٥ ـ مەڵبەندێکی کوردستانی تورکیا ـ وشە و کەلیمە ـ هەگەر وعیللەت ٦ـ ئازاد ولاّتیکی ئامریکای لاتین ٧ـ دوو جار پیتێک ـ تەشەر وتانە ـ ئوتێلی مەڕ ٨ـ دۆستی زێرە بەلاّم قەت نایگاتێ قاش ونەقیم ـ کۆسەکەی راتێکی گەورەیە ٩ـ رۆژ وخۆر ـ بێگانە دەڵێ چی! کەرەستەی شەڕی قەدیم ١٠ـ گـۆشتی هەڵچزاوی لە کووپە کراو ـ ئەویش هەر درۆیە ١١ـ دوژمنی ساغی و سلاّمەتی نوور وبریقە ١٢ـ نیشانەی هەڵبژاردن داوینی چیا ـ پووزەوانە و دولاخ ١٣ ـ فرش کردن ـ قەڵای مێردان ١٤ـ گێژ و خەوالّوو ـ لق ـ بەیار ١٥ـ شاعیری رووناکدڵی کرماشان و خاوەنی کتێبی چەپکە گوڵ .

١ـ گوندستێنێکی ناوچەی سەردەشت ـ چووەتە زیارەتی خانەی خودا ٢ـ هومێد ـ گوڕ و تین ـ کەیبانووی کەڵ ٣ـ برین دەیدا بەلاّم بەراوەژوو ـ باتلاّق ـ کاولەلەحسای سوارۆ لەو ولاّتە هەڵکەوتووە ـ نەگبیر ٤ـ شارەزا و هەڵکەوتە ٥ـ لە تەوراتدا بەخوا دەڵێن ململانێ ٦ـ مانگێکی ساڵ ـ ژمارەیەکە ٧ـ رەوانناسی سویسی ـ حەسانەوە ٨ـ شاری کەویر خزمەتی مزگەوت دەکا ـ ئەستۆی سەراوبن ٩ـ دەبێ بە رێداری بسپێری ـ تازە ـ ناشارەزا و بێگانە ـ ورد بوو ١٠ـ گوندێکی ناوچەی خانێ ـ سووک وچرووک ١١ـ زۆر تێر ـ جۆر و تەرز بای دلّداران ١٢ـ ژمارەی مانگ ـ نووسەری بە ناوبانگی کتێبی سپید دندان ـ بەرز ١٣ـ خۆراکێکە بەلاّم ئێمەمانان نایخۆین ـ لاستیک ـ هاوڵە و خوریک ١٤ـ شاراوە ـ بارانی توند ١٥ـ خۆر ـ بەدوان دەبێتە بارێک ـ هەگەر و بنۆس .



لەنێو ئەو کەسانەیدا کەپڕکراوەی ئەم ژمـــارەی سروەمان بۆبنێرن، یەک کەس بەپێی پشک بەبەرەنـــدە دەناسرێ. بەمەرجێک ئەمخالاّنەی خوارو لەبەرچاوبگرێ:

١ـ جەدوەلەکە بەخەتێکی خۆش بنووسرێ وابێ پیتەکان بێنەخوێندنەوە .

٢ـ ئەسلی جەدوەلەکەمان بوبنیری لەکاغەزی دیکەدا بەشداری نادری.


٣ـ لانی زۆر پازدە رۆژ پاش دەرچوونی گۆوارپڕکراو ـ ەی جەدوەلەکەی ناردبێ.

٤ـ پڕکراوەی جەدوەلەکە هەڵەی تێدا نەبێ

جایزەی پڕکردنەوەی جەدوەل سالّێک ئابوونمانی گـۆواری سروەیە .



نامیق کۆهنەپووشی - مەریوان




خالید ئیسماعیلی - مەهاباد



قادربابامیری - مەهاباد



خالیدقەلعەکووهی - بۆکان



ناسر کەریمی - بانە

